هاوکاری

التضامن

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ ژمارە زیادە

رۆژنامەیەکی لەدەستانەیە
٨ لاپەڕە بە
٢٥ فلسە

بڕیاری مێژوویمان دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاک و ئاوەکەمان و بە توانای لێ هاتنەوە دژی هەر کەس دەوەستین بەربەستی ئەم بڕیارە مێژوویە ڕەوایەبکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی وەرگێڕ
اسماعیل رسول

• پێنج شەممە ٤ی حوزەیران ١٩٨١ ژمارە ٥٩٠ •

• الخميس ٤ حزيران ١٩٨١ العدد ٥٩٠ •

سەرۆکی فەرماندە کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی ئیسلامی دەکاتەوە :

عیراق ئامادەبوونی خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ بەدی هێنانی چارەسەری یەکی ئاشتی دادپەروەرانە لەگەڵ ئێراندا

تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاری فەلەستین و قودس دا مەسەلەیەکی مرۆڤایەتی یانەیە

سەرۆکی بەڕێز موهیب ڕوکن صدام حسین فەرمانده‌ی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان سەرلەنوێ‌ی دووشەممەی ڕابوردوو کۆبوونەوەکانی دوازدەمین ئەوەی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی ئیسلامی‌ی کردەوە .

بەشداربووان گوێیان لە چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز گرت .. پاشان بەڕێز سەرۆک صدام حسین داوای لە بەشداربووان کرد فاتیحە بخوێننەوە و یەک دەقیقە بۆ گیانی سەرۆکی بەنگالی‌ی کۆچ کردوو ضیاء الرحمن ڕاوەستن .

سەرۆکی بەڕێز لە ووتەیەکی گرنگدا سەرتاپا ئاگیردا تە بە هۆیەوە دەورەکەی سەرۆک کردەوە ووتی سەرهەڵدانی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی ڕووداوێکی دەرکەوتووە لە مێژووی هاوچەرخی وولاتە ئیسلامی‌یەکاندا .. ئەوە بوو بۆ یەکەمین جار لەم سەردەمەدا ڕێکخراوێک پێکهات کە بە چەشنێکی هەمیشەیی لێپرسراوانی ئەم وولاتانە لە چوارچێوەی‌دا کۆدەبنەوە بۆ لیکۆڵینەوەی کاروباری هاریکاری و هاوکاری کردنی نێوانیان . ئەمەیش دەقی تەواوی ووتە بە نرخەکەی سەرۆکی فەرماندەیە ..

بسم الله الرحمن الرحيم

برانینە ،

ئەی وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی ئیسلامی

بەناوی گەل و سەرکردایەتی لاعیراقدا ، بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەکەتانەوە بەخێرهاتنی برایانەتان دەکەم . شاری بەغداد ، دارولسەلام ، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە ناوەندێکی شارستەتی‌ی مەزنی عەرەبی ئیسلامی بووە هەست بە شانازی دەکات کەوا نوێنەرانی گەلانی ئیسلامی تێدا بەیەک دەگەن .

سەرهەڵدانی کۆمەڵەی کۆنگرەی ئیسلامی ، ڕووداوێکی دیاربوو لە مێژووی نوێی وولاتانی ئیسلامی‌دا چونکە ئەمە یەکەم جارە لەم چەرخەدا کۆمەڵەیەک پێکبێت کە کاربەدەستانی وولاتانی ئیسلامی ، بەشێوەیەکی هەمیشەیی ، لە چوارچێوەکەیدا کۆدەبنەوە ، تا کاروباری هاوکاری و پشتگیریی نێوان خۆیان باس بکەن و بە هانای ئەو مەسەلانەوە بچن کە گەلانی ئیسلامی بۆی تێدەکۆشن .. ماسەلەی سەربەستی و سەربەخۆیی و پێشکەوتن و هێنانەدیی دادو سەرخستنی بیرو باوەری ئایینی پاک .. هەروەها لە پێناوی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ئیسلامی و ڕوون کردنەوەی بیروباوەڕە مەزنەکانی ئیسلام و پێناسینیان لەبەردەم گەلانی جیهاندا ، چاودێری‌ی دەزگا ئیسلامی‌یەکان و کاروباری موسلمانان لە هەموو قورنەیەکی جیهاندا .

لە جیهانی نوێماندا ، ڕاستەقینەیەکی بەرچاو ئەو ڕاستیە بەرچاوانەی جیهانی ئەمڕومان ئەوەیە کە گەلانی ئیسلامی گشتیان سەر بە کۆمەڵی گەلانی جیهانی سێیەمن ، گەلەکانیشمان هەموویان جەوروستەمی جۆراوجۆری ئیمپریالزمیان چەشتووە و لەڕێگای ساپاندنی بە هێزەوە لەلایەن زۆرداریەوە بەپیچەوانەی بیروباوەڕی مرۆڤایەتی و پێوانەی دادو یەکسانی .

لەبەر ئەوەش کە ئیسلام ئایینێکە داوای سەربەستی دەکات و لە دژی زۆرداری و جەوروستەم و دەستدرێژی دەوەستێ ، بەوپێیەش ئە بە ڕاستی ئێمە سەر بە کۆمەڵی گەلانی جیهانی سێیەمین ، هەوێنی سروشتی گەوهەریی کۆمەڵەکەمان .. کۆمەڵەی کۆنگرەی ئیسلامی ، خۆش‌ویستنی سەربەستی و سەربەخۆیی و پێشکەوتنە ، خەبات کردنە دژی هەموو شێوەکانی چەوساندنەوەو دەستدرێژی و دەسەڵاتداری .. لەمەشدا لەگەڵ ئاوات و خواستی گەلانی جیهان بەیەک دەگاتەوە ، لەبەر ئەمەش - ئەگەرچی هەر تایبەتی بە وولاتانی ئیسلام - بەڵام لەزوربەی چالاکی و ڕیبازەکانی‌دا ئاوات و خواستەکانی گەلان دەنوێنێ و بە قوولی لەگەڵیاندا دەگونجێت .

بۆیە ، شتێکی سروشتی بە و کە کۆمەڵەی کۆنگرەی ئیسلامی پایەیەکی بەرز لە نێو خێزانانی دەوڵەتاندا بۆ خۆی دەستگیربکات و بەیوەندی‌یەکی توندوتۆڵی بەو کۆمەڵە ناوچەیی و دەوڵەتیانەوە هەبێت کە ئەندامەکانیان لەو گەلانەن کە هاو ئامانج و خواستی ئێمەن ، وەکو جامیعەی عەرەبی ، کە گشت ئەندامەکانی لە کۆمەڵەی کۆنگرەی ئیسلامی‌دان و کۆمەڵەی یەکێتیی ئەفریقاو بزووتنەوەی بێلایەنی و دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەندامن .

برانینە ،

گەلانی ئیسلامی ، هەندێ مەسەلەی تایبەتیان هەیە و لە هەمان کاتیشدا لەگەڵ کاروباردا لەگەڵ زوربەی گەلانی جیهان‌دا هاوبەشن ، هەروەها ئەرکی سەرشانمانە هەموو ڕەنج و تەقەلایەکی پێویست بدەین بۆ پتەو کردنی پەیوەندیی هاوکاری و پشتگیری لە هەموو مەیدانی سیاسی و ئابووری و ڕووناکبیری نێوان گەلانی ئیسلامی ، هەر بەو چەشنەش دەبێ ئالتەکانی هاوکاری و پشتگیری لەگەڵ ئەو گەلانەدا پتەوبکەین کە هاو ئامانجی مرۆڤایەتی بتەڕێتی یەکانمان ، بەتایبەتی ئەو گەلانەی کە ڕایەلی بێلایەنی لەگەلماندا کۆیان دەکاتەوە .

ئەو خەباتەی کە لە دژی هەموو شێوەکانی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەو سەهیۆنیزمی ستەمکارو دەسەڵاتداری و بەدەست کردن دەیکەین ، ڕێبازێکی جارەکێ (موقت) نی‌یەو ، دەرەنجامی کاریگەری‌یەکی بارى ئەم ڕۆژگارەی ئێستا نی‌یە ، بەڵکو ڕیبازێکی ڕەسەنی و قوولی وەهایە کە لەسەرچاوەی بیروباوەڕی ئیسلامیمانەوە هەڵقوڵیوە ، موسلمانە پێشینیەکان بە سەرکردایەتیی محمدی پێغەمبەر (د.خ) و دوای ئەو بەسەرکردایەتیی خەلیفەو یارانی لە دژی ئیمپراتوری ستەمکارو بەدکردار خەباتیان کردو بیرو باوەڕی ئیسلامی کە بریتی‌یە لە بیروباوەڕی سەربەستی ، دادو یەکسانی بەنداو لایەنەکانی جیهاندا بڵاوکردەوە ، ئێمەش کە ئەوەی ئەو گەورەپیاوانەین و باوەڕمان بەنامە پیرۆزەکەیەتی ، ئەمڕۆ لە چوارچێوەی چەرخی ئێستادا لە چوارچێوەی هەڵەو مەرجە تایبەتی‌یەکانیدا بەڕێسایی غەزاین لە پێناو هەمان بیروباوەڕو ئامانجی بەرز کە پێشینە مەزنەکانمان کە پێناویدا غەزایان کرد .

برانینە ،

کۆنگرەکەتان گرنگی‌یەکی تایبەتی هەیە ، چونکە دوای کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی بە چەند مانگێک دەبەسترێت کە لە ئامێز کەعبەی موبارەک و مالی خواو شوێن دابەزینی وەحی و زەمینی پەیامی ئیسلامی‌ی مەزن و قارەمانێتی و خۆبەخت کردن پێکهاتە سێیەم کۆنگرەی ئیسلامی بۆنەیەکی نایاب بوو بۆ بەیەکگەیشتنی سەرکردەکانی دەوڵەتانی ئیسلامی ، کە گەلێ بڕیارو

بڕوانە ل : ٧

هێزە سەرکەوتووەکانی قادسیەی صدام زیانێکی زۆرتر بە دوژمن دەگەیەنن

بەو پەڕی توانا و هێزی و سووربوونەوە هێزە چەکدارەکانمان چالاکی‌یەکانی خۆیان لە گەرتەکانی بەرەی جەنگدا پەرەپێ‌وە دەنو لەزیان گەیاندن بە دوژمن بەردەوامن و . ئەمەو زیانەکانی دوژمن لە ماوەی ئەم هەفتەیەدا بەم جۆرەبووە ..

ڕۆژی ٢٧-٥-١٩٨١

٤٣ کۆژراو ، دوو سەنگەری پیادە ، سێ تانک ، یەک نەفەربەری زرێپۆش ، سێ تۆپخانە ، دوازدە ئۆتۆمبیل ، سێ ڕووانگە ، پێنج کۆمەڵ تەقەمەنی ، فڕۆکەیەکی هیلیکۆپتەر ، زانراوینشە کە زیانەکانی دوژمن لە ڕۆژانی ٢٠ و ٢١ و ٢٢ و ٢٣ و ٢٤ی مایس ١٩٨١ لە ناوچەی نەوسوود ١٢٨ کۆژراوو سێ تۆپخانەو ، یەک نەفەربەری زرێپۆش و ، کۆمەڵێک تەقەمەنی بووە سەرەڕای ئەوەی لەکاتی کۆپدا ڕاگەیەنرا .

ڕۆژی ٢٨-٥-١٩٨١

٧٦ کۆژراو ، ١٣ سەنگەری پیادە ، چوار تانک ، یەک نەفەربەری زرێپۆش ، دوو تۆپخانە ، دوو ئۆتۆمبیل ، سێ ڕووانگە ، پێنج کۆمەڵ تەقەمەنی ، حەوت فڕۆکەی جەنگی چەشنی فانتۆم .

ڕۆژی ٢٩-٥-١٩٨١

٩٦ کۆژراو ، چوار دەستگیرکراو ، دوو تۆپخانە ، ژمارەیەکی چەکی سووک و بێ تەلو باری دە ئۆتۆمبیل تەقەمەنی لە دهلەران سەرەڕای زیانەکانی تر کە بەم جۆرەن : - ٥٢ کۆژراو ، ٣ سەنگەری پیادە ، ٣ تانک ، ٤ نەفەربەری زرێپۆش ، ٧ تۆپخانەی هەم جۆرە ، ١٣ ئۆتۆمبیل ، یەک شەڤڵ ، ٤ ڕووانگە ، نۆ کۆمەڵ تەقەمەنی .

ڕۆژی ٣٠-٥-١٩٨١

٧٤٩ کۆژراو ، چوار سەنگەری پیادە ، دوو تانک ، یەک نەفەربەری زرێپۆش سێ تۆپخانە ، شەش ئۆتۆمبیل ، یەک بنکەی مووشەک ، یەک شەڤڵ ، دوو ڕووانگە ، ١٣ کۆمەڵ تەقەمەنی ، دوو پارچەی دەریایی گەورە .

ڕۆژی ٣١-٥-١٩٨١

٣٤٢ کۆژراو ، حەوت سەنگەری پیادە ، سێ تۆپخانە ، نۆ ئۆتۆمبیل ، دوو شەڤڵ ، دوو ڕووانگە ، شەش کۆمەڵ تەقەمەنی ، یەک فڕۆکەی هیلیکۆپتەر .

ڕۆژی ١-٦-١٩٨١

٧٦ کۆژراو ، ١٢ سەنگەری پیادە ، دوو نەفەربەری زرێپۆش ، سێ تۆپخانە ، پێنج ئۆتۆمبیل ، یەک بنکەی مووشەک ، چوار ڕووانگە ، نۆ کۆمەڵ تەقەمەنی .

ڕۆژی ٢-٦-١٩٨١

١٥٧ کۆژراو ، سێ سەنگەری پیادە ، یەک تۆپخانە ، هەشت ئۆتۆمبیل ، دوو بنکەی مووشەک ، چوار شەڤڵ ، یەک ڕووانگە ، دوازدە کۆمەڵ تەقەمەنی .

جێگری سەرۆک کۆماری سەرۆکایەتی‌ی لیژنەی هاریکاری ئیسلامی لە گەڵ گەلانی کەناری ئەفریقیا دادەکات

بەڕێز طه محیی‌الدین معروف جێگری سەرۆک کۆمار سەرلەبەیانی‌ی سێشەممەی ڕابوردوو سەرۆکایەتی‌ی لیژنەی وەزارەی هاریکاری ئیسلامی لەگەڵ گەلانی کەناری ئەفریقیادا کرد کە بەهۆی ووشکانی‌یەوە زیانیان پێ گەیشتووە ، ئەم لیژنەیەش کۆنگرەی بەرزی طایف پێکهێناوە .

لیژنەکە لە کۆبوونەوەی‌دا کە بەڕێز حبیب الشطی ئەمینداری گشتی‌ی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی ئامادەی بوو لەو کارنامەیە کۆڵایەوە کە لیژنەیەکی لقی ئامادەی کردبوو نوێنەرانی چەندین دەوڵەتی ئەندام وەک عیراق و کوێت و سعودیەو فەلەستین و میرنشینە یەکگرتووەکان و مالیزیاو مالی سەرەڕای ئەمانەتی گشتی‌ی ڕێکخراوەکە تێیدا بوون .

لیژنە وەزاری‌یەکە چەند بڕیارێکی دا لەوانە هاندانی دەوڵەتەکانی تری ئەندامی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی بۆ ئەوەی لە پرۆگرامەکانی نەهێشتنی شوێنەوارەکانی ووشکانی لە کەناری ئەفریقیا . بەشداری‌ی تێدا بکەن بە چەشنێک لەگەڵ هاریکاری‌ی ئیسلامی بگونجێت

لیژنەکە داوای لە ئەندامەکانی ڕێکخراوەکە کرد بەلێنی پێشکەش کردنی یارمەتی‌ی نەقدی و کەل و پەل بدەن و بیانێرن بە ڕێکخستنی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا یارمەتی‌یەکانیان پێدەگات یان لەگەڵ لیژنەکەدا .

بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی ئیسلامی‌یەوە لە بەغدا

تەرنگاوێکی ڕاستەقینەی پتەوکردنی کاری هاوبەشی ئیسلامی بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەر و تەرەشەیانەی ئێستا لە ئاراداین

ڕۆژی دوو شەممەی ڕابوردوو ، لە بەغدای شۆڕشو ئیسلامدا کۆبوونەوەکانی دوازدەهەمین کۆنگرەی وەزیرانی وولاتانی ئیسلامی دەستی‌پێ‌کرد ئەویش بە گوێدی بڕیاری سێیەمین کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی کە لە کۆتایی کانوونی دووەمی ڕابوردوودا لە شاری طایفی وولاتی عەرەبستانی سعودی‌دا بەسترا ، ئەم کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی ئیسلامی‌یە لە دوخێکدا دەبەسترێت ، زۆر ئالۆزو ناسکە کە تێیدا ئەڵقەکانی نەخشەی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دژی نەتەوەی عەرەب و گەلانی ئیسلام پەرە دەستێنێت بە چەشنێک گاورەترین زیان بە مەسەلەی یەکەمی ئەم گەلانە دەبەخشێت کە ئەویش مەسەلەی فەلەستینە .

بەستنی کۆنگرەکە لە کات و شوێنی دیاری‌کراوی خۆی‌دا ، سەرلەنوێ دووپاتی ووریایی هۆشیاری‌ی دەوڵەتە ئیسلامیەکان‌دەکاتەوە سەبارەت بە چەشنی ئەو مەترسی‌و هەڕەشەیانەی دەورەی لێداون و دەورەیان لە مەسەلە ڕەواو دادوەرەکانیان داوە ، هەروەها بەڵگەی ئەوەیە کە بڕیارەکانی لە بەرچاو دەگرن و ئارەزووی ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانەیان دەردەخات بۆ پتەوکردنی پەیوەندی‌ی هاریکاری‌و هاوکاری‌کردن لە نێوان خۆیان‌دا لە هەموو بوارێک‌دا بە چەشنێک سەربەخۆیی‌یان بچەسپێنێت و هەڵوێستی هەموویان یەک بخات دەبارەی تەنگەو چەڵەمەو کۆسپەکان‌و ، بە چەشنێک وایان لێ بکات بتوانن دەورێکی گەورەترو کاریگەرتر لە ژیانی هاوچەرخی نێو دەوڵەتی‌دا بگێڕن .

لەو کاروبارانەی لە کۆنگرەکەدا باس دەکرێن مەسەلەی فەلەستین‌و ناکۆکی‌ی نێوان عیراق‌و ئێران سەرەڕای کۆسپ‌و تەنگ‌و چەڵەمەی ئابووری‌ی وولاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی‌دا ، ئەوا ئەو ئەنجامانەی وەدەست هێنران چەند هەنگاوێکی ڕاستەقینەن بۆ پتەوکردنی کاری هاوبەشی ئیسلامی‌و پشتگیری‌کردنی سەربەخۆیی‌و دەستەڵاتی دەوڵەتە ئیسلامی‌یەکان‌و پاراستنی بەرژەوەندی‌یە زیندووو ڕەواکانیان .

ئەوە بوو ڕژێمی ئێران ناتوێدانە هەوڵی ئەوەی دا تەگەرە بخاتە ڕێگای بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە کات‌و شوێنی دیاری‌کراوی خۆی‌دا ، بە بیانووی ئەوەی گوایە هێشتاکە جەنگی نێوان عیراق‌و ئێران کۆتایی پێنەهاتووە ، ئەوەیشی لە بیرچووەتەوە کە ئەوانە سوورن لەسەر ئەوەی جەنگ درێژە بکێشێت‌و دەبنە کۆسپ لە ڕێگای هەموو دەستپێشکەری‌و هەوڵو کۆششی چاکەخوازی‌دا ، کە ئامانجیان چارەسەری‌یەکی ئاشتی‌یانەو ئابڕوو مەندانەی ناکۆکی‌یەکەیەو ئەوانن لە ڕێنوێنی‌و ڕەوشتەکانی ئیسلام‌و پەیامە پیرۆزەکەی

بڕوانە ل : ٧

ئێران :

خومەینی هەڕەشە لە بەنی صەدر دەکات

خومەینی‌ی جادووگەر هەڕەشەی لە سەرۆکی‌ی دژی (ئەنجوومەنی شورا) کە پیاوە ئایینی‌یەکان لە ئێراندا دەستیان بەسەردا گرتووە ، بەردەوام بێت ئەوا لەسێدارەی دەدات .

ڕۆژنامەی (الاتحاد) کە لە ابو ظبی دەردەچێت لە هەواڵێک‌دا لە پاریسەوە ووتوویەتی ئەم هەڕەشەیە لە ووتەیەکی خومەینی‌دا هاتووە کە ڕۆژی پێنج‌شەممەی ڕابوردوو لە بەردەمی ئەنجوومەن‌دا داویەتی کاتێک ڕای‌گەیاند (هەر کەسێک سەرپێچی دژی ئەنجوومەن بکات بە پێلانگێڕ دژی فەرمانڕەوایی ئیسلام دادەنرێت‌و سزای لە سێدارەدانە) .

ڕۆژنامەکە پەنجەی ئاراستەی قسەکانی بەنی صەدر کردووە کە هەمیشە تێیان‌دا دووپاتی دەکاتەوە کە ئەنجوومەنی ناوبراوو حکوومەتەکەی ڕەجائی بوونەتە مەترسی ترین شت بەسەر ئێرانەوە و چەندین بەڵگەی دژ بە ڕەجائی هەیە دووپاتی دەکەنەوە کە دەوری لە تێکدانی ئابووری‌ی ئێران‌دا هەیە .. سەرەڕای سەرپێچی کردنی دژ بە دەستوور .

هەروەها پەنجەی بۆ قسەکانی ترێ ی‌بەنی صەدر ڕاکێشاوە کە تێیان‌دا دووپاتی کردووەتەوە کە (ئەنجوومەنی شورا سیفەتی ڕەوایەتی‌ی خۆی لە دەست داوە ، پاش ئەوەی سێ‌یەکی کورسی‌ی ئەنجوومەنەکە بە تاڵ ماونەتەوە) .

Institut kurde de Paris

سەرۆکی فەرمانڕەوای بروسکەیەکی سوپاسنامەی لە سەرەک کۆماری فەرەنساوە پێ دەگات

بەڕێز سەرۆک صدام حسین بروسکەیەکی سوپاسنامەی لە بەڕێز فرانسوا میتران سەرەک کۆماری فەرەنساوە پێگەیشت لە وەڵامی ئەو بروسکەی پیرۆزبایی‌یەدا کە سەرۆکی بەڕێز بە بۆنەوەی سەرکەوتنی‌یەوە لە هەڵبژاردندا بۆی ناردبوو .

ئەمەیش دەقی بروسکەکەیە :

جەنابی سەرۆک صدام حسین سەرەک کۆماری عیراق ـ بەغدا

جەنابی سەرۆک ئەو پیرۆزبایی‌یەی بە بۆنەی هەڵبژاردنمەوە بە سەرۆک کۆماری فەرەنسا بۆتان ناردبووم دڵو دەروونی خۆش‌کردم و من‌لە بارەیانەوە سوپاسێکی قوولتان دەکەم .

عیراق‌و فەرەنسا کە هەردووکیان بە شێوەیەکی وەک یەک بەتەنگی سەربەخۆیی خۆیانەوەن پەیوەندی‌ی دۆستایەتیان لە نێواندا هەیە هاریکاری نێوان خۆیان پەرەپێداوە بە چەشنێک لەگەڵ بەرژەوەندی‌ی هاوبەشیاندا بگونجێت .

من ئاواتەخوازم ئەم هاریکاری‌یە ڕێگەی پێبدرێت بەردەوام بێت‌و فراوان ترێت .

فەرەنسا کە بەتەنگی پاراستنی ئاشتی‌و پێشکەوتنەوەیە بەرەو ڕژێمێکی پتر دادپەروەرانەی جیهانی ئەو گرنگی‌یە پێبزانێت کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ڕێژەی ئاسایشی نێو دەوڵەتی‌یەوە هەیەتی .

من ئاواتەخوازیشم هەمرو ئەو کێشەیانەی لە ناوچەکەدا هەن چارەسەری‌یان بۆ هەبێت لە هەمان کاتدا ڕێگە بە دابین کردنی ئاسایش بدات بۆ هەمرو دەوڵەتەکان‌و وەدی‌هێنانی هەمرو مافە ڕەواکان بۆ هەمرو گەلان‌و فەرەنسا لە لایەنی خۆیەوە سەروەرە لەسەر ئەوەی هەمرو لێپرسراوی‌یەکانی خۆی بگرێتە ئەستۆ لە پێناوی ئیش‌کردندا بەرەو ئەم لایەنە کە لەو قەناعەتەدایە کە ئەو بەم کارەی لە پێناوی ئاشتی‌دا کاردەکات .

جەنابی سەرۆک بفەرموون ئەوپەڕی ڕێزو ئیحترامم قبووڵبکەن .

فرانسوا میتران
سەرەک کۆماری فەرەنسا

لە بروسکەیەک دا بۆ سەرۆکی فەرمانڕەوا صدام حسین :

ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سلاو لە ڕێڕەوی سەرکەوتووی شۆڕشی ١٧ـ ٣٠ی تەمووزی پیرۆزدەکات

ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان سلاوی لە ڕێڕەوی سەرکەوتووی شۆڕشی حەفدەی تەمووزو ئەو سەرکەوتنانە کرد کە سوپاو گەلەکەمان بۆ بەرگری‌لە مافی خۆمان لە ئاوو خاکی خۆماندا دژ بە فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن وەدی‌یان هێناون .

ئەنجوومەن لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی بەڕێز تێکۆشەر صدام حسین‌ی ناردووە پاش گۆتایی هاتنی کاروباری بەکەمین دەورەی ئەم ساڵی ناڕەزایی خۆی دژی هەڵوێستە خیانەتکارەکانی هەردوو ڕژێمی حافظ اسد‌و قەزافی دەربڕیوە سەبارەت بە مەسەلە نەتەوەیی‌یەکانی نەتەوەی عەرەب .

ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان سلاوی لە ڕێڕەوی سەرکەوتووی شۆڕشی حەفدەی تەمووزو ئەو سەرکەوتنانە کرد کە سوپاو گەلەکەمان بۆ بەرگری‌لە مافی خۆمان لە ئاوو خاکی خۆماندا دژ بە فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمن وەدی‌یان هێناون .

ئەنجوومەن لە بروسکەیەکدا بۆ سەرۆکی بەڕێز تێکۆشەر صدام حسین‌ی ناردووە پاش گۆتایی هاتنی کاروباری بەکەمین دەورەی ئەم ساڵی ناڕەزایی خۆی دژی هەڵوێستە خیانەتکارەکانی هەردوو ڕژێمی حافظ اسد‌و قەزافی دەربڕیوە سەبارەت بە مەسەلە نەتەوەیی‌یەکانی نەتەوەی عەرەب .

ئەمەیش دەقی بروسکەکەیە :

لە کۆتایی کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی یاسادانامەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە یەکەمین دەورەی ساڵی ١٩٨١دا ئەم دەورەیەی کە چالاکی‌یەکی دیاری بە خۆیەوە دیت لە چوارچێوەی گەشتەکانی لیژنە هەمیشەیی‌یەکانی ئەنجوومەنەکە لە ناوچەکەداو ئاگاداربوون لە ڕادەی بەڕێوەبردنی کاروبار لە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی‌داو بە دوودا چوونی شێوازو ڕەفتارکردنی ئەم تاقی‌کردنەوەیە کە لە لایەن سەرکردایەتی‌ی حزبو شۆڕشەوە پشتگیری‌و چاودێری دەکرێت بەتایبەتی جەنابی بەڕێزتان هەروەها ڕاقەکردنی مەوداکانی جەنگی قادسیەی صدام لە چاووپێکەوتنەکانیاندا لەگەڵ هاوولاتیاندا . ئەم جەنگەی کە کوردو عەرەبو کەمایەتی‌یە نەتەوەیی‌یەکانی تر تێیدا کێ بەرکێ دەکەن بۆ وەدەستهێنانی سەرکەوتن‌و خوێنی پاکیان لە مەیدانەکانی جەنگدا تێکەڵ دەبێت تا یەکێتی‌ی ڕیزی نیشتمانی‌و ئەو پەیوەندی بە هێزانە دووپات بکەنەوە کە پێکەوەیان دەبەستێت‌و کۆبوونەوەیان لە دەوری سەرکردایەتی‌یە میژوویی‌یە داناکەیان .

ئەنجوومەنی یاسادانان ئەمە بەهەل دەزانێت تا بە هەموو شانازی‌یەکەوە بە ناوی ئەندامەکانی‌و بە ناوی گەلی کوردمانەوە سلاو لە ڕێڕەوی سەرکەوتووی شۆڕشی حەفدەی تەمووزی پیرۆزو ئەو سەرکەوتنە بکات کە سوپاو گەلمان بۆ داکۆکی لە مافە ڕەواکانمان لە ئاوو خاکی خۆماندا دژ بە فارسی دوژمن وەدەستی دەهێنن‌و بە توندی ناڕەزایی خۆیان دژی هەڵوێستە خیانەتکارانەکانی فەرمانڕەوایانی دمشق‌و لیبیا دەردەبڕن‌و بەڵێنیش نوێ دەکەنەوە تەواوی ڕەنج‌و ووزەو توانایان بخەنەکار بۆ پتەوکردنی سەرکەوتنی هەمیشەیی‌و کارکردنی دڵسۆزانەی بنیاتنەرانە بە سەرکردایەتی‌ی داناتان لە پێناوی وەدی‌هێنانی دوا ڕۆژێکی ڕووناکی گەشەسەندوو بۆ گەل‌و بۆ نیشتمانمان‌و خوا پشتگیریمان بکات ..

دواکۆبوونەوەی ئەم دەورەیەی ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان

ڕۆژی یەک شەممەی ڕابوردوو ئەنجوومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان بە سەرۆکایەتی‌ی بەڕێز احمد عبدالقادر نەقشەبەندی هەشتەمین کۆبوونەوەی یەکەم دەورەی ئەنجوومەنی بەست .

لەم کۆبوونەوەیەدا کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاپەڕاندن تێیدا بەشداربوو بێجگە لەوەی کە گفت‌و گۆ لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی ئابووری‌ی ئەنجوومەن کرا لە گەڵێک باس‌و خواستن تری کاروباری ناوچەکە کۆکرایەوە .

لە کۆتایی ئەمەم کۆبوونەوەیەدا کە دوا کۆبوونەوەی ئەم دەورەیە بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی یاسادانان ووتارێکی خوێندەوە تێیدا ستایشی کاروباری ئەم دەورەیەی کرد و دەستی ڕێزی لە هەڵس‌و کەوتی لیژنە هەمیشەیی‌یەکانی ئەنجوومەن‌و بایەخدانی سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش بە ئیش‌و کاری ئەنجوومەن تا ، دواجار بە ناوی ئەنجوومەنەوە بروسکەی پشتگیری دەربڕین‌و نوێکردنەوەی بەڵێنی بۆ سەرۆکی فەرمانڕەوا بەڕێز صدام حسین نێررا .

هەروەها ئەنجوومەن ناڕەزایی توندی بەرانبەر هەڵوێستی خیانەتکارانەی هەردوو ڕژێمی ئەسەدو قەزافی دەربڕی .

بە تەلەفۆن
ن/ نووسینگەی هەولێر

تەواوکردنی یازدە پرۆژەی نوێ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان

ئەمینداریتی گشتی‌ی بەڕێوەبردنی ئارو خانەسازی‌ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان ئەم ساڵ یازدە پرۆژەی لە چەندین ناوچەی جۆربەجۆری ناوچەکەدا تەواوکردووە کە یەک ملیۆن‌و ٢٤٩ دیناریان تێچووە .

ئەم پرۆژانە بریتین لە خانووبەرەی دادگای مەخموورو چوار خانووی سەر بە هەردوو مەڵبەندی تەندروستی لە کرێ‌و تەقتەق‌و خانووبەرەی سەرای لە زێبار لە پارێزگای هەولێرو .. قوتابخانەیەک لە سلێمانی‌و نەخۆشخانەیەک لە هەلەبجەو مەڵبەندێکی لاوان لە ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی‌و مەڵبەندێکی تەندروستی‌ی خۆپاراستن‌و دەرمانگەیەک‌و خانەیەکی ستێستەران لە پارێزگای دهۆک .

هەروەها دەزگاکانی ئەمینداریتی‌یەکە لە هەمان ماوەی ساڵی ڕابوردوودا چەندین پرۆژەی تەواوکردبوو کە یەک ملیۆن‌و ٤٧٢ هەزار دیناریان تێچووبوو واتە ٢٢٣ هەزار دینار لە ئەم ساڵ پترتر .

ئەم نەختە جیاوازی‌یەیش لەو پرۆژانەدا هەقی کراوەتەوە کە تازە دەستیان پێ‌کراوە کە گەیشتوونەتە یازدە پرۆژەو یەک ملیۆن‌و ٢٣٢ هەزار دینارییان تێدەچێت بەرانبەر بە سێ پرۆژە لە هەمان ماوەی ساڵی ڕابوردوودا کە ٥٥٢ هەزار دیناریان تێچووە .

هەروەها ئەمینداریتی‌یەکە لەم دوایی‌یەدا نۆزدە پرۆژەی نوێ‌ی بە قۆنتەراتچی‌یەکان داوە بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێن‌و چوار ملیۆن‌و ٧٨٨ هەزار دیناریان تێدەچێت بریتین لە دروست‌کردنی شەش خانووی قازی‌یان‌و بنکەیەکی کۆمەڵەکانی جووتیاران‌و یەکێکی‌تر بۆ یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردو سێ مەڵبەندی تەندروستی لەگەڵ شەش خانو‌و ١٠٨ شوقەی نیشتەجێ‌کردن‌و یەک خانەی ساوایان‌و مەلەوانگەیەکی هاوینەو [illegible] بەڕێوەبەرێتی‌ی پەروەردەی دهۆک‌و کۆمەڵێک بۆ دام‌و دەزگاکانی گارو ئامۆژگایەکی ئیسلامی لەگەڵ بەشێکی ناوخۆیی سەر بە ئامۆژگاکە لە پارێزگاکانی ناوچەکەدا .

ئەمەو چالاکی‌یەکانی دەزگاکانی ئەمینداریتی گشتی ئەم ساڵ پتر لە سەر شێوازی جێبەجێ‌کردنی ڕاستەوخۆی زۆربەی ئەو پرۆژانە دەڕۆن کە لە نەخشەکەدا هاتوون بە چەشنێک لەگەڵ ڕێنوێنی‌یەکانی سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕشدا بگونجێن‌و بە ئامانجی زوو جێبەجێ کردنیان‌و بە چەشنێکی باش‌تر و بە پارەیەکی کەمتر‌و ئەوپەڕی سوودوەرگرتن لەو توانایانەی لەبەردەستدان .

لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان

پێشکەش کردنی فراوان ترین خزمەتگوزاری بە هاوولاتی‌یەکان

بەڕێز جمال حاجی شەریف سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان داوای لە کارگێڕانی دام‌و دەزگا تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان کرد ڕەنجی دوو چەندان بدەن بۆ پێشکەش‌کردنی فراوان‌ترین خزمەتگوزاری بە هاوولاتیان.

لە کاتی سەردانی‌دا بۆ کۆمەڵی پزیشکە شارەزاکان‌و یەکەمین عیادەی پزیشکی ناوەندی و نەخۆشخانەی کارو ئامۆژگای کەرولالەکان لە هەولێر ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ، دووپاتی گرنگی‌ی ئەو دەورەی کردەوە کە پێیان سپێرراوە لەگەڵ پێویستی‌ی تەواوکردنی کاروبارو ئەرکەکانیان بە جوانترین شێوە بۆ وەدی‌هێنانی ئاواتەکانی سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش لە پەرەپێدانی خزمەتگوزاری‌یە تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا .

لەم سەردانەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕابەڕاندن‌دا دکتۆر محمد زیوەر ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی‌ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستانی لەگەڵ‌دا بوو .

ئەندامی نوێی ئەنجوومەنی نیشتمانی

● بەڕێز محمد علی محمد امین بوو بە ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی لە بری سێهەمین ناوچەی هەڵبژاردن لە پارێزگای هەولێر کە شوێنەکەی چۆل بوو پاش ئەوەی چوار هەزارو ٢١٢ دەنگی وەدەستهێنا بەرانبەر بە هەزارو ٤١٦ دەنگ بۆ خاتوو هیوبی محمد امین ڕەوانەدوزی کە لەم هەڵبژاردنەدا کێ بەرکێی‌ی کرد .

لیژنەکانی نارەنە بازاڕی دانەوێڵەی ئەمساڵ لە هەولێر

لیژنەی ناوچەیی هێنانە بازارەوەی گەنم‌و جۆ لە پارێزگای هەولێر لە کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوویدا بە سەرۆکایەتی‌ی بەڕێز جودت عبدالحمید المفری جێگری پارێزگاری هەولێر بڕیاری دا شەش لیژنە پێکبهێنرێت بۆ سەرپەرشتی‌کردنی مەڵبەندەکانی خستنە بازاڕەوەی گەنم‌و جۆ .

لیژنەکە ئەو شوێنانەی دیاری کردووە ئەویش بەم چەشنە لە مەڵبەندی هەولێرو قەزای کۆیەو مەخموورو ناحیەی کەندیناوەو ئەسکی کەڵەکو هەریر .

دانەوێڵە لە مەڵبەندەکانەوە بۆ سایلۆی هەولێر بە گوێرەی نزیکی‌و دووری لە مەڵبەندی پارێزگاکەو سەرۆشتی ڕێگاوبانەکان دیاری کردووە سەرەڕای دیاری‌کردنی کرێی گواستنەوە لە مەڵبەندی خستنە بازاڕو کرێی بارکردن‌و خالی کردن‌و جیاکردنەوە .

لیژنەکە پرۆگرامێکی حەفتانەی داناوە بۆ کاتی گواستنەوەی بەروبووم لە مەڵبەندەکانەوە بۆ سایلۆکە ئەویش بە دانانی ڕۆژێک بۆ هەر مەڵبەندێک لە هەفتەیەکدا .

لە لایەکی تریشەوە لە ئەمینداریتی گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کشت‌وکاڵ‌و چاککردنی کشت‌وکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی بەڕێز جێگری ئەمینداری گشتی پێکهات کە شارەزایانی جۆرەها بواری کشت‌وکاڵی‌ی تێدایە بۆ پێشکەش‌کردنی بەرنامەیەکی نوێ مانگانە بە زمانی کوردی کە لە ئەنفەزیۆنی ئەئمیمەوە بڵاوبکرێتەوە .

بەرنامەکە ئامانجی پێناسینی چالاکی‌یەکانی کەرتی کشت‌و کاڵی‌ی ناوچەکەو ڕێنوێنی‌کردنی جوونیارەکانە بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست لە کاروباری کشتسازی‌دا بەکاربهێنن .

کۆڕی قادسیەی صدام لە باوی کۆمەڵایەتی و شارستانیەوە

لەژێر دروشمی « قادسیەی صدام » بەڵگەی ڕاپەڕینی شارستانی »و بە سەرپەرشتی بەڕێز مامۆستا بکر محمود ڕەسول وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی لەیەکی ئەم مانگەدا حوزەیرانی ١٩٨١ کاروباری ئەو کۆڕە زانستی‌یە دەستی پێ‌کرد کە بۆ لێکۆڵینەوەی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی‌و شارستانیەتی قادسیەی صدام سازکراوە .

کۆڕەکە کە کۆمەڵەی زانستی کۆمەڵایەتی بە هاوکاری مەڵبەندی نەتەوەیی زانستی کۆمەڵایەتی‌سازی کردوە چەندان باسی تیا پێشکەش دەکرێ کە شارەزایان‌و مامۆستایانی زانکۆکان ئامادەیان کردوە .

کردنەوەو قیرتاوکردنی ١١ ڕێگای نوێ لە پارێزگای هەولێر

دامودەزگاکانی بەڕێوەبەرێتی‌ی ڕێگاوبانی پارێزگای هەولێر لەم ساڵدا یازدە ڕێگای نوێ‌ی دەرەوەی شاریان بە درێژایی ١٤٤ کیلۆمەتر تەواو کردووە .

ئەمەو ئەو ڕێگایانەی‌ئەم ساڵ تەواوکراون بە ٩٢ کیلۆمەتر زۆرترن لەو ڕێگایانەی لە هەمان ماوەی پاردا تەواو کران .

ئەمەیش ئەو ڕەنج‌و تەقەلادانە پیشان دەدات کە کارگێڕانی ڕێگاوبان بۆ خزمەت‌کردنی جەنگی قادسیەی صدام داویانە .

هەروەها بەڕێوەبەرێتی‌یەکە لە ماوەی ئەم ساڵدا دەستی بە جێبەجێ‌کردنی نوێ‌ی پێنج پرۆژەی نوێ‌ی ڕێگاوبان بەدرێژایی ١٠٨ کیلۆمەتر کردووە کە ١١ ملیۆن‌و ٦٠٠ هەزار دیناریان تێدەچێت .

ئەو ڕێگایانەیش بریتین لە ڕێگای مەخموور وفەراج بەدرێژایی یازدە کیلۆمەتر‌و ڕێگای هەولێر ـ کۆیە بەدرێژایی ٤٥ کیلۆمەترکە لە وپرۆژانەن کە بەڕێز سەرۆکی فەرمانڕەوا صدام حسین لە سەردانی ئەم دوایی‌یەیدا بۆ پارێزگاکە فەرمانی دا جێبەجێ‌بکرێت ، هەروەها ڕێگای سپێلک ـ هەولێر بەدرێژایی ١٢ کیلۆمەترو تەواوکردنی کردنەوەی ئەو ڕێگایەی دەچێتە سەر لوونکەی کێوی‌تاتان بە درێژایی شەش کیلۆمەتر .

ئەم ڕێگایانەیش هەموو بە شێوازی کاری ڕاستەوخۆ لە لایەن کارگێڕانی بەڕێوەبەرێتی‌یەکەوە جێبەجێ دەکرێن‌و بەناو ناوچەی شاخاوی‌دا تێدەپەڕن‌و ناوچە دوورەکان بە مەڵبەندی شارەکانەوە دەبەستن

دەست پێ‌کردنی درەوی گەنم‌و جۆ لە پارێزگای سلێمانی

لەم ڕۆژانەدا لە پارێزگای سلێمانی ئیش‌و کاری درویەی میکانیکی‌ی گەنم‌و جۆی وەرزی ئەم ساڵ دەستی‌پێ‌کرد .

لیژنەکە کرێ‌ی کواستنەوەی سەرچاوەیەکی لێپرسراو لە دەستەی گشتی‌ی کشت‌و کاڵ‌و چارەسەرکردنی کشت‌وکاڵی سلێمانی‌دا ووتی بە گوێرەی ئاوو هەواو زۆرو کەمی‌ی باران پارێزگاکەمان کردووە بە دوو بەشەوە ، بەشی یەکەمیان هەردوو قەزای کەلارو چەمچەماڵ دەگرێتەوە کە تا ڕادەیەک ئەم ناوچانە بارانیان مسۆگەر نی‌یە ، ناوچەی دووەمیش بریتی‌یە لە ناوچە کشت‌وکاڵی‌یەکانی تری پارێزگاکە بێجگە لە ناوچەی ئیش‌کردنی دامەزراوەی گشتی‌ی کشتوکاڵی لە شارەزوور .

ئەم ناوچانەیش بارانیان مسۆگەرە ، ئەوەی شایانی باسە ئیش‌و کاری درویەنە لە ناوچەی یەکەمدا دەستی پێ‌کردووەو سەدو دوازدە دەڕاسە لە بەشی تایبەتی‌دا هاوبەشییان تێدا کردووە بۆ ڕنینەوەی ٣٥٠ هەزار دۆنم لە گەنم‌و جۆ کە لە هەموو پارێزگاکەدا ٥٨٩ هەزار دۆنم کراوە بە گەنم‌و جۆ ، باقیەکەیشی کە ٢٣٩ هەزار دۆنمە بە شێوەی ترو بە دەست نەدورێتەوە، ئەمیش لەبەر ئەوەی هەندێک ناوچەی شاخاوی‌یەو دەڕاسە ناتوانێت کاری تیابکات ،ئەمەو وا بە تەمان لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا درویەنەی ناوچەی یەکەم کۆتایی پێبهێنرێت .

بە تەلەفۆن لە
نووسینگەی سلێمانی‌یەوە



● بەڕێز جعفر عبدالکریم بەرزنجەیی پارێزگاری سلێمانی ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو پێشانگای ساڵانەی هونەری تەشکیلی‌ی سانەوی‌ی شۆڕشی کۆڕانی کردەوە .

پێشانگاکە بریتی بوو لە چەند تابلۆیەکی زەیتی‌و کاری دەستکرد کە باسەکانیان سەبارەت بە یەکێتی‌ی نیشتمانی‌و دەستکەوتەکانی شۆڕش بوون لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان‌و هەڵمەتی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری.

لە ئاهەنگی کردنەوەی پێشانگاکەدا هاوڕێ عبدالرزاق فارس ئەندامی نووسینگەی ڕێکخراوی سەروو ئەمینداری نهێنی‌ی سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە سلێمانی ئامادە بوو .

● دام‌و دەزگاکانی چاودێری تەندروستی لە سلێمانی شەش کۆگای گشتی‌یان بۆ ماوەی دە ڕۆژ داخست چونکە خاوەنەکانیان ڕەچاوی مەرجەکانی تەندروستی‌یان نەکردووە

ئەم داخستنە فرنی سیروانی عمر ڕحیمی نۆتۆماتیکی‌و کۆگای شیرینی‌ی جلال ڕشید عبدالله کە بانجانەی ڕحیم فتاح‌و سەرتاشخانەی قادر جلال‌و حانووتی سینەمای سیروانیان گرتەوە .

● لە بنکەی یەکێتی‌ی لاوانی عیراق لقی دهۆک ، ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ سەرۆک‌و ئەندامانی لیژنە ناوچەیی‌یەکانی ڕێکخراوەکانی پێشەنگ‌و نەوجەوانان‌و لاوان ساز دراو هاوڕێ نعمە عنون حسون ئەندامی نووسینگەی ڕێکخراوی سەروو ئەمینداری نهێنی‌ی سەرکردایەتی لقی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە دهۆک‌و سەرۆک‌و ئەندامانی دەستەی لقی یەکێتی لە دهۆک ئامادەی بوون بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو شێوازانەی دەبنە هۆی پتەوکردنی ڕێڕەوەی لاوان‌و دەوری میلاکەکانی لاومان لە قۆناغی ئێستادا .

کۆڕێکی هەواڵ

لە بەرەی ئەدەبی‌یەکانی ئەنجوومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان بە سەرۆکایەتی‌ی بەڕێز جمال حاجی شەریف سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕابەڕاندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستان داوای لە کارگێڕانی دام‌و دەزگا تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان کرد ڕەنجی دوو چەندان بدەن بۆ پێشکەش‌کردنی فراوان‌ترین خزمەتگوزاری بە هاوولاتیان.

لە کاتی سەردانی‌دا بۆ کۆمەڵی پزیشکە شارەزاکان‌و یەکەمین عیادەی پزیشکی ناوەندی و نەخۆشخانەی کارو ئامۆژگای کەرولالەکان لە هەولێر ڕۆژی شەممەی ڕابوردوو ، دووپاتی گرنگی‌ی ئەو دەورەی کردەوە کە پێیان سپێرراوە لەگەڵ پێویستی‌ی تەواوکردنی کاروبارو ئەرکەکانیان بە جوانترین شێوە بۆ وەدی‌هێنانی ئاواتەکانی سەرکردایەتی‌ی حزب‌و شۆڕش لە پەرەپێدانی خزمەتگوزاری‌یە تەندروستی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان‌دا .

لەم سەردانەی بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕابەڕاندن‌دا دکتۆر محمد زیوەر ئەمینداری گشتی‌ی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی‌ی ناوچەی ئۆتۆنۆمی‌ی کوردستانی لەگەڵ‌دا بوو .

Institut kurde de Paris

کۆڕی یەکەمی دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بۆ خستنە ڕوو و لێدوان و لێکۆڵینەوە لە بارەی کاری ١٩٨١ی دەزگاکە

بەشی پێنجەم

بەڕێوەبەری گشتی

ساڵی رابردوو کۆڕێکی فراوان بەسترا کە بەڕێز وەزیری راگەیاندن ماموستا لطیف نصیف جاسم بەشداربوو ، مەسەلەی کادیر باس‌کراو ئیمەش لەم رووەوە زۆر هەوڵمان‌دا، هەتا بۆ نموونە داوامان کرد ئەو کەسانەی کە پێشان نەقل کرابوون بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان ، ئێستاش ئێمە لە دەرەوە سوود لە بەهرەی هەندێکیان دەبینین .

هەروەها پار چەند جار لە رۆژنامەکانی عەرەبی‌و کوردی بڵاومان کردەوە کە پێویستیمان بە دامەزراندنی نووسەر (محرر)و نەخشەکێش (مصمم)و (وەرگێڕ)و میلاکاتی هونەری هەیە ، .. ئەوانەی کارامەن هەر یەکە لە دایەرەیەکدا کار دەکات ، یان لە شارێکی کوردستانەو ئێمە ناتوانین کەلکیان لێوەرگرین . بۆ پڕ کردنەوەی کەمو کوورپی ئەم مەیدانە ، ئێمە بە (پاداشت) کار بە کادیری کارامە دەسپێرین‌و .. بە کرێی رۆژانە چەند نووسەرێك هاوکاریمان لەگەل دەکەن . ئێمە زۆر جار داوامان کردووە تەنانەت قوتابیانی زانستگاکانیش بێن کار بکەن ، بەلای کەمەوە لە هەڵە بژێریی چاپ‌و رێنووس کەلکیان لێوەر دەگرین .

ئەمە زۆر کەمە ، بەڵام بۆ مەسەلەی چاپیش ، دەسەڵاتی ئێمە لە سنووری مەلزەمەدایە لە ساڵێکدا ، چاپ کردنی ٣٠٠ چاپخانەکانی (دار الحریە) هەمیشە توانای لەوە زیاتر نی‌یە هەمووی چاپ کەین ، پیشان نادەن ، تەنانەت هەوڵ دەدەین هاوکاری بکەین بە (١٢) لاپەڕە .. بۆیان ناکرێت .

ئێمە ساڵی ١٩٨٠ پێشنیاری دانانی چاپخانەیەکی تایبەتیمان کرد ، کە پەسند کرا ، هەروەها دروست کردنی بالەخانەیەکی گەورە بۆ دەزگاکەمان کە هۆڵی کۆبوونەوەو شانۆو جێگەی فلیم پیشان دانی هەبێت .

ئێوە باستی چاپخانە تا دەوڵەتی‌یەکانتمان کرد .. ئێمە چوورین بۆ لایان بەڵام ئەوان بەو نرخە کتێبمان بۆ چاپ ناکەن کە دەوڵەت بریاری لەسەر داوەو ئاموژگاریی وەزارەتی دارایش ماوەی تێپەڕاندنی سنووری دیاری کراوی خەرجی ناکات ....

لەگەل هەموو ئەمانەشدا ئێمە هەمیشە هەوڵ دەدەین‌و بیر لە ئاسان‌و نزیکترین چارەسەری دەکەینەوە بۆ ئەو گیروگرفتانە .

هەڵبژاردنی کتێب‌و کامیان چاپ بکەین

د. جەمال جەلال : کورتەی قسەکانی دکتور برینی بوو لە :

١ – وەرگێڕانی کتێبی زانستی لە فیزیا ، ئەندازە، جوغرافیا...هتد کە یارمەتی قوتابیان بدات‌و خوێندەواران کەلکی لێ وەربگرن .

٢ – لێژنەیەك دابندرێ بریاری وەرگێڕان‌و چاپ کردنی کتێب بدات .

٣ – دەبێ رێنووس یەك بگرێتەوەو هەر دەزگایە بە شێوەیەك نەنووسێت .

٤ – بۆ کتێب دانانیش ، ئەگەر واقیع وابوو گشتیان کتێبی ئەدەبی بوو پێویست کە پاشترینیان لێ چاپ بکرێت.

٥ – کێشەی چاپیش دەبێ چار بکرێت . پارە هەیە چاپخانە بکڕن‌و کادیر پەیدا کەین .

٦ – رۆژنامەی هاوکاری رۆژانە بێت‌و بۆ هەموو بابەتەکانی زانیاری، ئافرەت، وەرزش ، هونەر شوێن تەرخان بکرێت .

(دانان‌و وەرگێڕان‌و

٧ – پاداشت‌و پارەی هەڵسەنگاندن) کەمەو لەگەل نرخی کارەکەو رەنجی خوێنەر شیاو نی‌یە .

٨ – بۆ هەڵسەنگاندن‌و نرخ برینی کتێبێك وا چاکە استمارەی تایبەتی هەبێ کە ئەوە پیشان بدات خەبەر تا چ ڕادەیەك لە کتێبەکە ورد بووەتەوەو رایەکانی تا چەند بەجێن .

بەڕێوەبەری گشتی :

لە چاپ کردن‌و بڵاوکردنەوەی کتێب‌دا ئێمە بە پێی دەسەڵاتی خۆمان بایەخ بە وانە دەدەین کە اختصاصی گشتین ، گەلێ اختصاصاتی تەسك‌و تایبەتی زانستی رەنگە کاری زانستگاکان یان کۆڕی زانیاری بن . ئێمە شتی ئەکادیمی بڵاو ناکەینەوە ، بەڵام ئەو باسانە بڵاو دەکەینەوە کە سیفەتیکی زانستیان تێدایە .. چونکە وەزارەتی ئێمە لە بنەڕەتدا مەبەستی پێش‌کەش کردنی رۆشنبیری‌یەکی گشتی‌یە بۆ خوێندەواران . تەنانەت نامەی دکتۆریش ئەگەر صیفەتی گشتی تێدا نەبێ بڵاوی ناکەینەوە .

لەگەل ئەوەشدا ئێمە ئامادەین لەگەل کۆڕی زانیاری رێك بکەوین‌و لەسەر هەندێ لەم جۆرە کارانە بسازێین .

ئەگەر ئێمە وسستمان بەند بەند باسەکە پێش‌کەش بکەین ، بەڵام وا تیکەڵاو بوو .. ئیتر زیانی نی‌یە کە لێی بدوێین .

مەسەلەی هاوکاری‌و گۆڤارەکان ، ئەوەیە وبستم هەر یەکە جۆرە سنوورێکی کردەوەیی بایەخ پێدان‌و خزمەتیان بۆ دیار بکەین ، وا خەریکە پەیڕەوی دەکەین .

بۆ هاوکاریش .. هەر گیرو گرفتی چاپخانە تەخت بکەین هەوڵ دەدەین هەر وەکو بۆی داندراوە دەبێ رۆژانە دەر بچێت‌و ، بیکەین بە ١٢ لاپەڕە .. لە دەرەوەی دەزگاکەمان چەند نووسەریکمان تەرخان کردووە هەر کەسە بە پێی شارەزایی خۆی‌و گۆشەی هەمە رەنگی زانستی ، ئافرەت ، قوتابیان ، هونەرو وەرزش جێگیر دەکەین .

دکتور ابراهیم عزیز

دکتور ئەو باسانەی دەربارەی چاپخانەو هەڵەی چاپ‌و وەرگێڕان‌و هەڵسەنگاندن کران دووپاتی کردنەوەو پێشنیاری کرد کە دوو کتێب هەیە تەرجەمە بکرێت یەکێکیان هەی کوردۆییفەو ئەوی تر هی دکتور مەکەنزی‌یە . هەروەها گوتی پێویست ناکات کتێبی هەموو کەسێك بدرێ بە خەبیر ، بە نموونە کتێبی مارف خزنەدارو دکتور عزالدین کە ناسراون .

هاوکاری کردن‌و کەلەپوور

دکتور نەسرین فەخری :

پوختەی ئەو قسانەی کردی بریتی‌یە لە پێویستی‌ی بوونی هاوکاری‌و پەیوەندی پتەو، لە نێوان دەزگا رۆشنبیران خۆشیاندا بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانەی پێ‌یان سپێردراوە جێ‌بەجێ بکرێن، ئەگەر بیتو شتی وا بکا ناوایە :

... ... بێگانە تنە

... ... هەر بە تنە

سەرنجەکەیش لەوەدایە کە لە چاپەکەدا هەردوو قافیەکە هەر (تنە) ، بەڵام لە دەسخەتەکەدا قافیەی دووەم (وتنە) واتە (قسەکردن) ، ئەمەیش زیاتر گونجاوە ، چونکە شێخ رەضا ئەوەندە قافیە تەنگ نیە لە یەك بەیتدا بۆ دوو قافیە یەك وشە بەکار بێنێ .

لە هەمان کاتدا ئەوەیش بیر ناکەم دەشگونجێ بە گوێرەی رێنوسی کۆن کە دەنووسرێ : (هر وتنە) ، (هەر وە تنە) بێ) . وەك لە (ام رقتان هر لکنه) چەن شێوە دەردەهێنرێ‌و ، رەنگە شتاعیریش ئەو یاری بەوشەکردنەی مەبەستبێ ، وەك (ئەم رقەتان هەر لە کنە ، ئەم رەقەتان هەر لە کنە ، ئەم رەقەتان هەر لە کونە ... تاد).

پەراوێز

(١) بڕوانە : دوکتۆر عیزەدین مستەفا رەسوول ، شێخ رەزای تالەبانی ، بەغدا، چاپخانەی عەلاء ، ١٩٧٩ .

(٢) بۆ ئەم باسە پشت بە دیوانی شیخ رەزای چاپی ساڵی ١٩٤٦ بەستراوە .

بۆ هەڵسەنگاندیش لەبەر زۆربەمان هێشتا ئاشنایی‌و پەیوەندی کۆمەلایەتی کارمان تێ دەکات ، بۆیە وا چاکە کرداری هەڵسەنگاندن نهێنی بێت .

د. کامل بصیر :

ئەویش بە باسی چەندی‌و چۆنی کتێبە چاپکراوەکاندا چووەوەو مەسەلەی هەڵسەنگاندن‌و خەبیری باس کردو لایەنگیری دانانی لێژنەیەکی (استشاری) کرد بۆ ئەم بابەتە . داوای ئەوەی کرد کە دەزگا یەکێك یان لێژنەیەك تەکلیف بکا کتێبێك دابنێ . ئیتر کە بابەتەکەی بۆ دەست نیشان بکرێت‌و دانەر مستەوایەکی بەرزی هەبێت ئەو حەلە پیویستمان بە «خەبیر » نی‌یە کە حاکمی موتلەق بێت ، چونکە ئەو لێژنە استشاریە کە خۆی دانەری هەڵبژاردووەو باوەڕی پێی هەیە . با حوکمی خەبیر بۆ ماوەیەکی مەحدود الغا بکرێ .

لە بارەی گۆڤارەکانەوە داوای کرد ناو بە ناو ژمارەی تایبەتی لێ تەرخان بکرێ بۆ شاعێرێکی کۆن یان بابەتێکی رۆشنبیری ، یان نەقد . . هتد بەم نەوعە دەتوانین تەشجیعی بزوتنەوەی رۆشنبیریمان بکەین بۆ قۆناغێك .

فەرهەنگۆکی سۆرانی – بادینانی

د. بەدرخان

پوختەی قسەکانی د. بەدرخان سندی لەم چەند خاڵانەدا کۆ دەکرێتەوە:

١ – بەکار هێنانی را پرسین بۆ زانینی پیویستی‌ی کۆمەڵی کورد .

٢ – لەبەر ئەوەی جۆرە دوو لایی‌یەك لە زمانی کوردیدا هەیە پێویستە لە کتێب‌و چاپەمەنی‌یەکانی ئەم دەزگایەدا لە پەراوێزی هەر لاپەڕەیەکدا مەرج نی‌یە لە کۆتایی کتێبدا بێ ، فەرهەنگۆکێکی سۆرانی‌و بادینانی هەبێت ، ئەم کارە زمانی کوردی دەوڵەمەند دەکات‌و بە لێپرسراوی‌یەکی نەتەوەیی دەژمێردرێت .

٣ – هەڵسەنگاندن (خبیر) دەبێ پێوانەیەکی بۆ دابندرێ لە پلەی باش ، ناوەندی ، زۆر باش‌و خراپ.

هەروەها را بەرامبەر هەر بەش‌و بەندێکی کتێبەکە دەبێ بە پێی پێوانەیەك بێت‌و را دەربرین لەسەر پێوانەیەکی (حدی) یان ئا .. یان نەء.. نەبێت .

٤ – ئەم دەزگایە بتوانێ ئەو کتێبە عەرەبیانە چاپ بکات کە لەسەر کوردو ئەدەب‌و رۆشنبیریی کورد نووسراون ، یان هەر جارە کۆمەڵە شتیعر ، چیرۆك‌و لێکولینەوەی کوردی بکات

بڕوانە ل : ٧

سوالەیەك بۆسەر خەرمانی شیعری شێخ رەضا

محەمەد عەلی قەرەداغی

لە ناو جوغزی ئەوبزووتنەوەدا کە بۆ کۆکردنەوەو لێکۆلینەوەی ئەدەبی کوردی رەخساوە – ئەوەی من بزانم – سێ‌و چوار کەس سەرگەرمی دیوانی (شێخ رەضای طالەبانی)ین هەرکەسێ لەوانە لە ئاسۆی روانگەی خۆیەوە رێبازێکی گرتوەتە پێش‌و خەریکی کارە .

منیش لە عاستی خۆمەوە چیم پێ کرابێ بە : شارەزایی کردن بۆ سەرچاوەی باش‌و، رێنموویی‌و ، یارمەتیدانیان درێغیم نەکردوە ، دوا شتیش ئەوە بوو کە زانیم عیزەدین مستەفا خەریکی لێکۆلینەوەی شیعری شێخ رەزایەو لێکۆلینەوەکەیشی لە ژێر چاپدایە .. چەند شیعرێکی شێخ رەزام لابو فریام خستن‌و لە کۆتایی کتێبەکەوە جێگەی خۆیان کردەوە . (١)

لەم ماوەیشدا دەسخەتێکی بچکۆلەم دەست کەوت شیعری چەند شاعیرێکی کوردی تێدایە ، لە دوو لاپەڕەدا هەندێك چوار خشتەکی‌و شیعری شێخ رەزای تێدایە، باش ئەوەی لەگەل دیوانە چاپەکاندا بەراوردم کردن ، بینیم جێگەی خۆیەتی – خوێنەران بە گشتی‌و ، ئەوانەیش خەریکی لێکۆلینەوەی دیوانی شێخ رەضان بە تایبەتی – لەم مەبەستە ئاگادار بکەم(٢) .

باسێکی دەسخەتەکە بە کورتی :

تێکرای دەسخەتەکە ٣٤ لاپەڕەیە ، سەرەتا و کۆتایی نەماوە ، پێدەچێ لەوە زیاتر بووبێ‌و ئێستا لەناو چووبێ . بە قەلەمی (مەلا محەمەد حەسەنی کوڕی خەلیفە مەلا وەیسی) نووسراوەتەوە ، نووسەر خۆی دەستی شیعریشی هەبوەو نازناوی (عەلایی) بۆ خۆی هەڵبژاردوە ، شیعری خۆیشی لە دەسخەتەکەدا هەیەو ، لە پارچەیەك لە شیعرەکانیدا باسی جەنگ‌و رووداوێکی نێوان رۆم‌و عەجەم‌و کوردان دەکات ، باسی (مەنگور)و (مامشی)و (پیران)و (دیبوکری)... دەکات‌و ، ئەوە روون دەکاتەوە کوردەکان شێرانە سوپای عەجەمیان شکاندووەو دەشتی (تالاو)یان بە خوێنی عەجەم کردووە بە گۆم‌و ، مێژووی ئەم رووداوەیشی وا نووسیوە :

(ستال تاریخ : « شکاوه واقیعا پشت عجم » .)

کە دەکاتە ساڵی (١٣٢٥)ی کۆچی .

دەسخەتەکەیش ساڵی (١٣٢٧) نووسراوەتەوە .

شیعرەکانی شێخ رەضا :

ئەم چوار خشتەکیە‌ی خوارەوە لە دیوانە چاپەکاندا نیە :

بە سەگم وت : عەجەبا !
قەومتە حوسنی پاشا !!
تووڕە بو ، کلکی لەقاندو،
وتی : حاشا ! حاشا !
راستی گەرچی سەگیشم
– بە خودا – خۆم دەکوژم
نێوی من بێنێ لەگەل
ئیسمی خەبیثی پاشا .
وەك نووسیم (بێنێ) – بۆ
تاکی نادیار – دەگونجێ‌و ،
دەیشگونجێ (بێنی) بێ – بۆ
تاکی هاودەم – ، واتە .
لەسەر ماتای یەکەم (راستی
گەر چی سەگیشتم هەر رازی
نیم پاشا ناوی من لەگەل
ناوی پیسی خۆیدا بیا ،
ئەگەر بێت‌و شتی وا بکا
خۆم دەکوژم .) یان (گەر
... ئەگەر تۆ ناوی من لەگەل
ناوی پیسی پاشادا ببەی
خۆم دەکوژم .)

پارچەی (سوپەری ئەهلی سنە ...)

ئەم پارچەیش لە دەسخەتەکەدا هەیەو هەندێ جیاوازی لەگەل چاپەکەدا هەیە .

جیاوازی جێگەی سەرنج لە بەیتی یەکەمدایە کە لە چاپەکەدا ئاوایە :

... ... بێگانە تنە

لە دەسخەتەکەیشدا ئاوایە :

... ... هەر بە تنە

هەر لە دەسخەتەکەیشدا هەیەو هەندێ جیاوازی لەگەل چاپەکەدا هەیە .

هیلین

سگفان عبدالحکیم

ئەزێ هاتیم
ژ باژێرەکی سێوی‌و دێران
دەرکەفتم
ژناف روندکەکا ساهی ئۆ وێران
گرێ لەبوم
ـەر کەفرو کەفی‌و بەرێت حەیران
مۆخاین
ـینگێ باژێلە لێنەهات سەیران
راستە
ئەزێ هاتیم‌و دێ قەستا
هێلینا مرنا زینا خو کەم
قـزێرا ژینا خەلکی دەرکەم
برینا ژ هەمی دارا کومکەم
ژەهرێ ژ رەنگێ دەستا ڤەدەم
تولا دناف خۆنێدا بەردەم
هۆن دزانن گەلی برا
هیڤی بۆنە خەفك
ئازمان بۆنە دەفك
خەونا خۆ کرە قافك
وەرن خۆ ژاراف کەن
ئەنیا بێ هیڤی وشیان
ئەڤینا سوزو کێشان
هناڤو هزر لە ئێشان
ئەزی هایتم گـەر زڤرریم
دابیزمە کەفنە عەورو سیبەرا
خۆ ڤەکێشن ژ دلێ دەرزە بەرا
فان‌و ئافێ درست کەن بۆ دلبەرا
شلقا مەدا سەد کنارو دەڤەرا

بڕوانە ل : ٧

لەوالی رۆشنبیری

بەرهەمی نوێ :

– چەند وتارێك دەربارەی ئەدەب‌و رەخنەی کوردی

کتێبێکی مامۆستا کەمال مەمەند میراودەلی‌یە لە ١٤٢ لاپەڕەی بچووکدا لە چاپخانەی الحوادث چاپکراوە ، لە چەند باسێکی گرنگی ئەدەب‌و رەخنە دەدوێ وەکو : شاعیری نوێ ، ئەدەبی مندالان ، ئەدەبی واقیعی شۆڕشگێڕ ، رەفیق حیلمی‌و رەخنەی ئەدەبی کوردی‌و هی‌تر .

– مردوو خەو ئاباینێ :

کۆمەڵە چیرۆکێکی کورتی ماموستا عبدالله سەیراجە کۆمەڵەی رۆشنبیری‌ی کورد لە بەغدا بڵاوی کردوەتەوە .

بەدر سەیاب :

دواجار لە بێروت کۆمەڵە شیعرێکی تازەی شاعیری عراقی بەدر شاکر سەیاب بڵاوکراوەتەوە کە بەشێك لە شیعرەکانی یەکەم دیوانی‌و کۆمەڵە شیعرێکی بڵاونەکراوەی شاعیری تێدایەو سەر بە ماوەی رومانسی‌ی شیعری سەیابن .

٧٥ ساڵەی بیکیت :

٧٥ ساڵ بەسەر رۆژی لەدایك‌بوونی ساموییل بیکیتی شانۆیی نووسی بەناوبانگی جیهان‌دا تێپەڕ بوو . بیکیت زیاتر بە چیرۆکی شانۆیی (لەچاوەروانیی گودودا) بەناوبانگە ، ئەو چیرۆکەی کە ساڵی ١٩٥٣ کاتێ بۆ یەکەم جار لە پاریس پیشان‌درا هەرایەکی ئەدەبی گەورەی لە مێژووی درامای رۆژاوایی‌دا نایەوە .

ئەگەرچی ناوداری‌یەکەی زیاتر بە شانۆیی‌یەوە بەندە بەڵام هەموو چەشنەکانی تری ئەدەبی نووسیوە وەکو شیعر ، رۆمان ، کورتە-چیرۆك ، لێکۆلینەوەی رەخنەیی . پار دوا رۆمانی بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردەوە بە جوانترین رۆمانەکانی دادەنرێت . لە شیعریشدا بە جۆرێك دەتوانێ یاری بە ووشە بکات مەگەر شەکسپیرو دیکنزو جیمس جویس بیگەنێ .

فرانسوا ساگان

دواهەوالی پاریس وادەگەیەنێت کە فرانسوا ساگانی چیرۆکنووسی وجودیی بەناوبانگ بە دادگا دراوە لەسەر ئەوەی بیری ئەو رۆمانەی لەم دوایی‌یەدا بەناوی سەنگی کوشانت بڵاوکردوەتەوە لە چیرۆکێکی (جان‌هوگرون)ی وەرگرتووە ، ئەم کارەی بە دزی لەقەڵەم‌داوەو بریاری داوە نیوەی هەموو داهاتی کتێبەکەی ساگان بدرێ بە هوگرون .

شایانی باسە ، ساگان لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا رۆمانی « روژباش ئەی خەمباری » دەرکرد کە هەرایەکی گەورەی لە بازاری ئەدەبی‌دا نایەوەو ناوبانگێکی گەورەی بۆ خاوەنەکەی پەیدا کرد .

ساڵی جبران

جیهانە ساڵی جبران خەلیل جبران کەوا بریاردراوە ، بایەخدانێکی بەرچاو بە نووسەرێکی بلیمەتی رۆژهەڵات ، کە توانیویە بە هەستێکی گەرم‌و دڵێکی بەکوڵ‌و بیرێکی مرۆڤانەی زیرەك جوانترین دێڕی خۆشەویستی‌و بەرزیی مرۆڤ بنووسێت ،

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

دیاردەیەک لە بەردەم زانستدا

زینب حسین
ئامادەی کردووە

سەگێك دوو پشیلەی بووە تاکوو ئیستایش ژیاون دیاردەیەکی سەر سوور هێنەر لە شـــــــاری ئەسکەندەریـــــەدا . . . بەیتالەکانی سەرسام کردووە سەگێك دوو پشیلەیی بووەو هـــەردووکیـــان ژیاونو تەندروستیان زۆر تەواوە .

هەروەها خاوەنی سەگەکە ئەوەی دووپاتی کـردووتەوە کەوا ئەمە یەکەم جار نییـــە کە سەگەکەی دوو پشیلـــە بێنێت بەڵکو ، دوو ســال لەمەو پێش پشیلەیەکـــی تری بووەو دوای ماوەیەکی کورت مردووە .

بەڵام گرنگ ئەوەیـــە پرسیار لە پسپۆڕان بکەیـن سەبارەت بەم دیاردەیە . زانســتی دەربارەی ئـــەم دیاردەیە دەڵێ :

زۆر بە دەگمەن روو دەدات هەندێك ئاژەڵ هەن وەکوو ئەسپا ـ کەرسەگ پشیلە، هەندێك جار لە بەینـــی کۆرپەلە ـ زگماکی‌یەکانیاندا لە یەك دەچن ئەمەیش هۆی ئەوەیە کـــە کۆرپـــەلە زگماکی‌یەکان کار دەکاتـــە سەری .

ئەمەش ئەبێتە هـــۆی ئەوەی کە لە نێوان ئـــەم کۆرپەلەیانەدا لە هەندێـــك شێوەدا لە یەکتر بکەن بەڵام ئەك وەکوو ئەوەی کە سەگ پشیلەی ببێت .

ئەم گیانلەبەرە ئەبێتـــە گیانلەبەرێکی سەیر چونکـــە شێوەی لە دوو جۆرە دەبێت، جۆری رەسنو جـــۆری وەرگیراو .

ئەم گیانلەبەرە هەرگیـــز ناتوانێ زاوزێ بکات چونکـــە بەنیسبەت سەگەوە لە سەگ جیاوازەو، بە نیسبـــەت پشیلەوە لە رەگەزی پشیلـــە نییە .

هەروەها ئەم حالـــەتە جیاوازە لەگەڵ ئەو بەشانەی کە لە دایك ئەبن وەکـــوو ئەسپ ـ ماکەر ـ ئەگەر هاتوو لە یەك چاك بکرێن لـــــە ئەنجاما هیستریان دەبێت هەروەها وەکوو شێـــرو پلنگ ئەگەر گەیشتن بـــەر پلنگی ئاژەڵی بەبەریـــان دەبێت .

هەڵوەهایش ئاژەڵەکانی تر وەکوو ڕێوی ـ گـــورك ئەوەی ئاشکرایشە کە ئـــەم ئاژەڵانە نە (مێ)و نە (نێـــر) یان دەبێت .



مرۆڤ چۆن رەنگـــەکان دەناسێ‌و لێکیـــان جیـــا دەکاتەوە ... ؟

لە بن‌و ناخی چاودا سێ جۆرە شانە هەن کـــــە سەرپەرشتی رەنگ لێـــك جیاکردنەوە دەکەن ... ئەم شانەو ریشەاڵانە بە دەماری بینایی چاوەوە بەستراونو بۆ چوونەکانی خۆیان بـــە خێرایی بە دەماخ دەگەیەنن‌و دەماخیش دەسبەجێ وەریان دەگێڕێ‌و کارو باری رەنـــگ لێك جیاکردنەوە ئەنجـــام دەدات ...

× × ×

جۆرەکانی رەنگکوێری :ـ

١ ـ رەنگکوێری تەواو : ئەو کەسانەی ئەم جـــۆرە نەخۆشییەیان هەیە هەمـــوو رەنگێك بە شێوەی رەشـــو سپی دەبینن .. بۆ نموونە: ئەگەر بێتو تابلۆیەکی هەمـــە رەنگ پێشانی یەکێ لـــــەو کەسانە بدەین دەڵـــێ : تابلۆکە رەش‌و سپی‌یە .

٢ ـ رەنگکوێری نیـــــو کوێر ... : ئەم جـــۆرە کەسانە زۆر جارو بە گشتی رەنگی سوورو سەوزیان لەلا تێکەڵاو دەبن‌و رەنگی رەش‌و خۆڵەمێشییان لەلا دەبن بـــە رەنگی سەوز ...

بایەخی رەنگ چیە ...؟

١ ـ توانای جیاکردنەوەی ئەو شتانەی کە دەیانبینین‌و دیاری کردنی سروشـــت‌و چۆنیەتییان بە هـــــۆی بینینەوە ...

٢ ـ تام‌و خۆشی‌و زەوق وەرگرتن لە جۆری رەنگەکان ... و سەرنج لێدانیان... ئەمەش لە کەسێکەوە بـــۆ کەسێکی‌تر دەگۆڕێ‌و هەریەکە حەزیان لە جۆرە رەنگێکـــی تایبەتی‌یە .... بەڵام منـــال بە گشتی حەزیان لە رەنگی

بڕوانە ل : ٧

رەنگکوێری .. واتـــــە ئەو نەخۆشییەی کە رەنگی رەنگەکان تێکدەداو وا لـــەو کەسە دەکـــات کە ئـــەو نەخۆشییەی هەیە رەنـــگ وەکو خۆی نەبینێ‌و رەنگی بە رەنگێکی‌تر بزانێ . . . ئەم نەخۆشییە لە ناو لـــــە ٨٪ سەدا هەشتی پیاوانـــدا بڵاوەو لە ناو ئافرەتاندا هەر نیە یا زۆر کەمەو بە دەگمەن روو دەدات ...

ئەم نەخۆشییە دیاردەیەکی تایبەتی‌یەو بەرێکەوت یا بـــە پەی پێبردنی دوکتـــۆری شارەزا دەدۆزرێتـــــەوەو هەستی پێدەکرێ .

ئەوانەی ئەم نەخۆشییەیان هەیـــە خۆیان هـــەستی پێناکەن‌و کە دوکتۆرێکیشی پێیان دەڵـــێ نـــــەو نەخۆشییەیان هەیە پێیـــان سەیرەو بەرپەرچی قسەکەی قسەکەی دەدەنەوە .. . دەڵێن ئێمە چ لەماڵو چ لـــە دەرەوەداو هەموو کاتـــێ جۆری رەنگەکان لێك جیـــا دەکەینەوە .

× × ×

جۆرەکانی رەنگکوێری :ـ

١ ـ رەنگکوێری تەواو : ئەو کەسانەی ئەم جـــۆرە نەخۆشییەیان هەیە هەمـــوو رەنگێك بە شێوەی رەشـــو سپی دەبینن .. بۆ نموونە: ئەگەر بێتو تابلۆیەکی هەمـــە رەنگ پێشانی یەکێ لـــــەو کەسانە بدەین دەڵـــێ : تابلۆکە رەش‌و سپی‌یە .

٢ ـ رەنگکوێری نیـــــو کوێر ... : ئەم جـــۆرە کەسانە زۆر جارو بە گشتی رەنگی سوورو سەوزیان لەلا تێکەڵاو دەبن‌و رەنگی رەش‌و خۆڵەمێشییان لەلا دەبن بـــە رەنگی سەوز ...

بایەخی رەنگ چیە ...؟

١ ـ توانای جیاکردنەوەی ئەو شتانەی کە دەیانبینین‌و دیاری کردنی سروشـــت‌و چۆنیەتییان بە هـــــۆی بینینەوە ...

٢ ـ تام‌و خۆشی‌و زەوق وەرگرتن لە جۆری رەنگەکان ... و سەرنج لێدانیان... ئەمەش لە کەسێکەوە بـــۆ کەسێکی‌تر دەگۆڕێ‌و هەریەکە حەزیان لە جۆرە رەنگێکـــی تایبەتی‌یە .... بەڵام منـــال بە گشتی حەزیان لە رەنگی

بڕوانە ل : ٧

بالۆنێکی سەیر بەم زوانە بەرەو ئاسمان دەنێردرێ

گۆڕینی احمد سید علی
بەرزنجی

لە داهاتوەکی نزیکدا ، سەر لە ئێوارە ، لەوانەیـــە خەڵکی بە ئاسمانـــەوە دوو مانگ ببینن : ئەم مانگـــە سروشتی‌یەی کەوا بـــــە ئاسمانەوە لەگەڵ یەکێکی‌دی کە دەستکردە .

ئەوەی یەکەم بچوکتـــر دەنوێنێ لە دووەم(١) .

مانگە دەستکردەکە پێـــك هاتووە لە بالۆنێك پـــێ‌ی دەوترێ « ستارز » ، کـــە پرۆژەیەکی ئەمریکی‌یە لـــــە دروستکردنـــی دوو ئزانای (مەلبەندی لێکۆڵینـــەوەی فرەنەکلین) لە فیلادلیفیا ، (ئەرنست ئۆکریسی) لـــە بەشی زانستە فیزیاوێکان‌و (ڕۆبرت ســـۆبرمـــان) لێپرسراوی بەشی فیـــزیای مادەیی لە هەمان بەشـــی ئەو مەلبەندە .

ئەم پرۆژەیەش لـــــە ئەنجامی لێکۆڵینـــــەوەو تاوتۆکردنێکی زۆردا هاتەدی کە لە کۆبونەوەی ساڵانـــەی (کۆمەاـــەی زانســـتی ئەمەریکی)داکرا ، لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩ .

ئەم مانگە (ستارز) لـــە خولگە ـ مدار ـ یکـــــدا دادەمەزرێ کە دوری‌یەکـــەی لە زەوی‌یـــــەوە لە (٣٠) کیلۆمەتر تێ ناپەڕێ‌و لـــــە دوو چینی جیاوازی میتاڵی سوك دروستکراوە کـــــە پڕکراوە لە هەوای گـــەرم (٢٦ پلەی گەرمی) بەوەی کە پلەی گەرمی لـــە دەرەوە ـ ٥٥ ـ لە ژێر سفرەوەیە ، نەبێت ناتوانێ بەرهەمـــەکەی بۆ ڕاژەی پەروەردەکـــردن بڕەخسێنێ ، لێرەدا دەبـــێ ئەوە لە یاد نەکەین کە کەمی رەخنە کارێکی وای کـــردوە زۆر کەس ئەدەبی منـــال بە گۆڕەپانێکی تەختو ماڵی بێدان بزانن‌و کۆمەڵـــــێ بەرهەمی کاڵو کرچو نامـــۆ بە ئەدەبی منال بڵاو بکەنەوە وەك نوستینی ئەدەب بـــۆ منال کارێکی ئاسان‌بـــێ‌و هەموو قەڵەم بەدەســـــتی بتوانێ خۆی لە قەرەی بدات کە لە راستی‌دا کەلێکـــــی سەختەو هەموو کەس پـــێ‌ی ناگیرێ‌و گرنگی‌دانـــــی گەورەیەکی وەك تولستوی بە ئەدەبی منال راستی ئەم بۆچونە دەسلەمێنی بەهـــەر حاڵ کاتی ئەوە هاتوە سنورێ بۆ ئەم پاشاگەردانی‌یـــــە دابنرێت کە گەیشتوەتـــــە ئەوەی هەندێ کەس هێشتا دوا قۆناغی منالێتی بەجـــێ نەهێشتوە کەچی بۆ منـــاڵ دەنوسن کەواتە ئیتر کاتـــی ئەوە هاتوە کە شارەزایانـــی ئەم بوارە قاوغـــی ئـــــەم بێدەنگی‌یە بشکێنن ..

**لیرەدا ئەوەشمان دینـــە پیشەوە کە خۆمان بڵێیـــن لەم بوارەدا شیعر .. چیرۆك کامیان بـــــەلای منالـــــەوە پەسندنو .. بۆچی ؟؟ بـــۆ ئەمەشیان مامۆستا جـــەزا عەلی ئەمـــــین دەڵـــێ وەك لەبەرچاوەو، دیارە شیعر ئەو ئاهەنگ‌و، خرۆشانـــەی هەیەتی کاردەکاتە ســـــەر هەست‌و نەستی منـــــاڵ‌و دەیهەژێنێ‌و منال وا لێدەکا ببێتە ئاوازی شیعرەکە ... ئەمەش کاتێك دەبێ کە شاعیر جۆرە بێ کە خاوەنەکانـــی دەیانەوێ ، وەك ئـــــەوەی ئێستگەیەکی چاودێری کـــەر یا مەلبەندێکی کارەبایی بێ، هەتا بە بەکارهێنانـــــی ئامێرێکی بچوکی وزەی خۆر ئەو کارگـــــەیـــەی ناوەوەی هێزێکـــــی ١٠٠ ـ ٢٥٠ میگاواتی بە درێژایی شەوو ڕۆژ بێنێتە دی . بەشێکی ئەم وزەیە بۆ گەرم‌کردنـــی هەوای ناوەوە بـــەکاردێ‌و بەشەکەی ترینش دەتوانـــرێ کە بە شێوەی شەپۆلـــی زۆر کورت بـــەرەو زەوی بنێررێ .

لەبەر ئەوەی ئەم بالۆنە لە شەودا تاریکە ئەوا ئـــەو وزەیەی کە بە ڕۆژ لە خۆری وەردەگرێ بە هۆی باتری‌یەوە کۆدەکرێتـــەوە وهـــــەل دەگیرێ ، بالۆنەکـــە بـــە هۆی چەند ئامێرێکـــــی بەستراو بەو بازنەیەی کە بە دەوری‌دا چەســـپ‌کراوەو تیرەی لە تیرەی بالۆنەکـــە گەلێ گەورەترە وزەی خـــۆر وەردەگرێ‌و دواجار دەتوانێ بەکاربشـــــی بهێنێ وەك ئێستگەیەکی گەیەنەری وزە لە نێوان ئێستگەی ئاسمانی (س‌ب‌ســـ)و زەوی‌دا ، چونکە ئێستگەی س‌ب‌ســـ وزەکە وەردەگرێ‌و دەیکاتـــە چەپکێك لە تیشکی لایزەر تا بەرەو ستارزی بکاتـــەوە ، لێرەش دەبێتە شەپۆلـــی کـــــورت‌و بەرەو زەوی دەنێررێ ، وەیان ستارز وزە بە روناکی دانەوە (الانعکاس) وەردەگرێ . یانی ئـــــەو وزەیەی کە لەسەر چێوەکەی دەدرێتـــــەوە ئـــەم وەری دەگرێ‌و دەیگێڕێتەوە بـــۆ زەوی .

چگە لەمانە ستارز دەشێ ببێتە :ـ

● مانگێك بۆ پەیوەندی: لە تایبەتێتیەکانیشی ئەوەیە کە پانایی‌یەکـــی فـــراوان دادەپۆشێ‌و هێزێکی کەمیشی دەوێ لە چاو مانگێکی تایبەتی بەو مەبەستە جوگرافیانەوە.

● ئێستگەیەکی سوپایی: بۆی هەیە کە ئەو جێگایانەی مەبەستێتی بە شەو روناکی بکاتەوەو چەپکێ تیشکـــی لایزەری تێبگرێ (ئەمەش بە سایەی ئەو وزەیەی کـــە هەیەتی) وەیا ببێتە بنکەیەك بۆ ئەفاندنی موشەك .

● هەروا دەشێ ببێتە ئێستگەیەکی چاودێری‌کردن‌و تاقی‌کردنەوەی زانســـتی ، وەیا مەلبەندی روانینـــــە ئاسمان (الرصد الجوی) تا زانیاری دەربارەی کەشـــی کە ئاسمانە بایەکان (الریاح الفضائیە) زۆر نابێتە کۆسپ بۆ ئەم بالۆنە ، چونکـــە لەوانەیە هەر نەشبێ (لـــە سەرو ١٩٫٦ کیلۆمەترەوە لە هاویندا وە لە سەرو ٢٥٫٥ کیلۆمەتر لە زستاندا) .

هەتا ئێستاش شـــێوەو بیچمەکەی بریاری لەســـەر نەدراوە ، بەڵام ئـــــەوەی کە چەسپناوەو، دەکرێ ئەوەیە کە ئەم بالۆنە لە ئاسماندا فودەدرێ چونکە فودانـــــی لەسەر زەوی کارێکـــی زۆر گران‌و ئاڵۆزە ، ئەمەشـــ بەهۆی گەورەیی قەبارەکەی‌و بەرزکردنەوەیەوە .

دواجار ستارز جێگایەکـــی ئاوەدان دەبێ‌و هات‌و چۆی ڕۆژانەشی دەبێ لەگـــــەڵ زەوی‌دا .

مووخۆرکـــە

یەکێکە لەو نەخۆشی‌یـــە بڵاوانەی تووشی موو ، بـــە تایبەتی قژەسەر ئـــەبن . تاڵە مووەکە لەلا بەرەڵاکەیەوە ئەبێ بە دوو فاقەوە ، ئـــەم‌دوو فاق‌بوونـــــە وردە وردە پەرە ئەسێنێ تا نزیکی بنکی‌مووەکە ئەبێتەوە . زۆر جار هۆکەی نازانرێ ، بـــــەڵام زیاتر لە قژی درێژو وشك‌دا ڕوو ئەدات . هەر لەبـــەر قژ درێژی‌یەکە زیاتر لـــە ئافرەتدا سەر هەڵئەدات، هەروەها ئافرەت زیاتر هۆی ووشك کردنەوە بـــــــە کارئەهێنێ‌و ئەم قژە درێژەش زۆر شتن‌و زۆر شانەکردنی ئەوێ . قژلـــول‌کـــردن‌و جەڕاندنی بەسەر خلۆکـــەی جۆرجۆریش ڕۆڵی خۆی هەیە لەوەی کە قژە سەری ئافرەت زۆرتر تووشی موو خۆرکـــە ببێ .

چەند هۆیەکی تر هەیـــە کە ئەم نەخۆشی‌یە ئەزێنێ ، وەکو ئەو نەخۆشی‌یانـــــەی بەرگری لەشـــی مـــرۆڤ دائەبەزێنن‌و تووشی کـــەم‌خوێنی ئەکەن . هەروەهـــا ئەو نەخۆشی‌یانـــەی بـــــە (تا)یەکی بەرز دەر ئەکەون. زۆر شتنی ستەر ، قژ ووشك ئەکاتەوەو هەڵیکی باش بـــۆ موو خۆرکە ئەڕەخسێنـــی کەسەر هەڵ بدات .

لە چارە ســـەرکردنی‌دا یەکەم هەوڵمان ئەوەیـــــە کە بەرگری لەشی مرۆڤەکـــە بەرز بکەینەوەو گەرکـــەم خوێنی هەبێ چاری بکەبـــن لەبەر ئەسە ئەو مرۆڤانـــــە پێویستیان بە خواردنـــــی باش‌و حەوانەوەی مێشك‌و جەستە هەیە ، ئەتوانیـــــن کۆمەڵێ ڤیتامینی وەکـــو (سی ، ئەی ، بیکـــو)و ئامادەکراوەکانی ئاســـن‌و ئامادەکراوەکانی ئاسن‌و ئەو خواردنانەی بۆبێین کـــــە مادەی (گۆگرد)ی زۆر تیایـــەوەك (هێلکە ، پیـــاز ،... هتد) و ئەو خواردنانـــەی ئاسنی زۆر تیایە وەك (سڵق‌و سپیناخ‌و گۆشتی سەر) .

پێویستە قژەســـــەری‌زیاتر لە دوو جار لـــــە هەفتەیەك‌دا نەشوا بە ئامێری ئێلیکتریکی ووشکی نەکاتەوە، شانەی دانگـــــەورە بـــەکاربهێنێ‌و قژی نەجەرێنێ. ئەگەر قژی چەوربوو ، گـــەرزوو ئەیشوا (کرێش) زۆر بکاو بەیەك‌دا بنووســـــێ ، لێـــرەدا پێـــویســـتە شامپۆی تایبەتـــــــی وەك (سیلسەن‌بلو) بـــــە کاربهێنێ ، تاقژی زوو زووچەور نەبێ‌و کرێش نەکا . ئەبێ هەندێ ڕۆنـــــی وەك (ڕۆن زەیتون) لە قـــژە سەرو پێستە سەری هـــەڵ بسوێ ، تا قژەکان لە ووشك بوونەوە بپارێزێ ، هەروەها سەرە دوو فاق‌بووەکانیش هەڵ پاچێ .

نوسینی
هیوا عمر احمد

Institut Kurde de Paris

بەبۆنەی (ی حـــوزەیران رۆژی منداڵانی جیهانـــەوە

تاوتـــوێ کردنێکی ئـــەدەبـــی منـــاڵان

وەك هەموان دەزانن کـــە پەروەردەکردنێکـــــی پـــڕ سودی منالان لە خۆرا ناگەتە ئاکامێکی زانستیانەو دروست ئەگەر بێو بە چاکی چاودێری چۆنی‌یەتی پەیڕەوی کردنـــی ئەو خاڵانە نەکرێ کە شارەزا پسبۆرانی پەروەردەکردنـــی منال دەستنیشانیان کردوە . . . یان بەلای کەمـــەوە سود لە تاقی‌کردنەوەکانـــی ناو خۆمان وەرنەگرین کـــە لایەنەکانی پەروەکردنی تیـــادا وەدەرکەوتوە ....

دیارە ئەدەبـــی منـــاڵان لەم بوارەدا دەورێکی گرنگ دەبینێ ، بۆیە ، هەژاندنـــی زۆر چاکی ئەم ئەدەبـــــە دەتوانێ ڕێنمایی نوســـینو لەگەڵیشیا پەروەردەکردنـــی منالانمان بۆ دەربخات .

ئاشکراشە هەڵسەنگاندنی بەرهەمی ناوبراو دیـــانـــەوە وەك هەموو بابەتەکانـــــی تـــــری ئـــــەدەب‌و هونەرو رۆشنبیری کەلێکی گەورەمان پێدەبەخشێت... دیـــارە کاری رەخنـــەو هەڵسەنگاندنی ئەمەش بـــە چاو بابەتەکانی کەی ئەدەبەوە کەمتر هاتوەتە کایەوە .. . **لەم روەوە مامۆستا حەمـــە** ئەدەبی منال ئەوبەرهەمە بەنرخ‌و پیرۆزەیە منالێکی دەم‌وپل خاومان بۆ دەکـــات بە وتاربێژێکی ئەوتـــۆ کە کێوی ســـتـــەم‌و زۆرداری پـــێ بێنێتـــــە لەرزەو هەرەس‌هێنان ... لـــــەو دیاردانەشی کە تێادا هـــەن زۆر جار وا ڕێدەکـــــەوی ئەو هۆنراوانەی کە بـــۆ منالێکی پۆلی یـــەکو دووی سەرەتـــــایی دانـــراون تێهەڵکێشی پرۆگرامـــــی قوتابیانی پۆلی سێ‌و چواری دەکەن کە ئەمەش ژیانێکـــی راستەوخۆی بۆ ســـــەر دەرونی منال هەیە چونکە قوتابی لە پۆلی سێ‌و چواردا حەزناکات بگەڕێتەوە بـــۆ

سعید حەسەن دەڵـــێ :

رەخنەی ئەدەبی دوابەدوای بەرهەمـــی ئەدەبـــی سەرهەڵئەدات‌و رۆڵێکـــی کاریگەر دەبینـــێ لـــە گەشەکردن‌و پێشکەوتنـــی ئەدەبدا بـــەگشـــتی ، ئەم بۆچونە بۆ ئەدەبی منالیش هەر جـــێ‌ی خۆیەتـــی بۆیەگرنگی‌دان بە ئەدەبـــی منالان لە ڕێ‌ی رەخنـــەو هەڵسەنگاندن‌و لێکۆڵینەوەی بەپێـــزەوە مایـــــەی گەشەکردنێتـــی ، بـــە پێچەوانەی ئەم راستی‌یەشەوە بێدەنگی شارەزایـــــان دەربارەی ئەو بەرهەمانەی بەناوی ئەدەبی منالانـــــەوە بڵاودەکرێتەوە ئەنجامەکەی گران دەکەوێ لە ســـــەر منال‌و ئەدەبەکەیان چونکـــە یەکێ لە ئەرکەکانی ئەدەب بەگشـــــتی ئەرکێکـــی پەروەردەیی‌یەو، ئەم ئەرکـــە لە ئەدەبی منالان‌دا خەستتر دەبێتەوەو، زەقتر خـــۆی دەنوێنێ بۆیە ئەوی ئەدەبی منال دەنوسێ دەبێ ئاگاداری ئەوەبێت لە رەوشت‌و خوی منال‌دا رەنگ دەداتـــەوە ، دیارە ئەگـــەر ئـــەواوی رۆشنبیری‌یەکی تـــەواوی نەبێت ناتوانێ بەرهەمـــەکەی بۆ راژەی پەروەردەکـــردن بڕەخسێنێ ، لێرەدا دەبـــێ ئەوە لە یاد نەکەین کە کەمی رەخنە کارێکی وای کـــردوە زۆر کەس ئەدەبی منـــال بە گۆڕەپانێکی تەختو ماڵی بێدان بزانن‌و کۆمەڵـــــێ بەرهەمی کاڵو کرچو نامـــۆ بە ئەدەبی منال بڵاو بکەنەوە وەك نوستینی ئەدەب بـــۆ منال کارێکی ئاسان‌بـــێ‌و هەموو قەڵەم بەدەســـــتی بتوانێ خۆی لە قەرەی بدات کە لە راستی‌دا کەلێکـــــی سەختەو هەموو کەس پـــێ‌ی ناگیرێ‌و گرنگی‌دانـــــی گەورەیەکی وەك تولستوی بە ئەدەبی منال راستی ئەم بۆچونە دەسلەمێنی بەهـــەر حاڵ کاتی ئەوە هاتوە سنورێ بۆ ئەم پاشاگەردانی‌یـــــە دابنرێت کە گەیشتوەتـــــە ئەوەی هەندێ کەس هێشتا دوا قۆناغی منالێتی بەجـــێ نەهێشتوە کەچی بۆ منـــاڵ دەنوسن کەواتە ئیتر کاتـــی ئەوە هاتوە کە شارەزایانـــی ئەم بوارە قاوغـــی ئـــــەم بێدەنگی‌یە بشکێنن ..

لیرەدا ئەوەشمان دینـــە پیشەوە کە خۆمان بڵێیـــن لەم بوارەدا شیعر .. چیرۆك کامیان بـــــەلای منالـــــەوە پەسندنو .. بۆچی ؟؟ بـــۆ ئەمەشیان مامۆستا جـــەزا عەلی ئەمـــــین دەڵـــێ وەك لەبەرچاوەو، دیارە شیعر ئەو ئاهەنگ‌و، خرۆشانـــەی هەیەتی کاردەکاتە ســـــەر هەست‌و نەستی منـــــاڵ‌و دەیهەژێنێ‌و منال وا لێدەکا ببێتە ئاوازی شیعرەکە ... ئەمەش کاتێك دەبێ کە شاعیر کارامانە چوارچێوەیەکـــی لەبارو لەخســـــاو بـــۆ شیعرەکەی بدوزێتـــــەوەو بیرێکی سپی ئاوبتەکا ، ئەو شیعرە تایبەتیانەی گـــۆران بۆ منالانی نوسیوە هـــەروا سەردەستەکی نەوتـــراون .

سەبارەت بە چیرۆکیش.. ئێمەی کورد بە تایبەت لـــە ژیانی دێهاتیدا ، چیرۆك ، یان ئەو وشە نەرم‌و نیانانەی دایکان بێشکەو، جۆڵانـــــەی منداڵانیان پێ دەڵاوانـــدەوە وەك ســـــەرەتایەکـــی خۆشەویستیمانە بۆ چیرۆك‌و زمانی کوردی ... لـــــە شارستاندا ئەو چیـــــرۆك گێڕانەوەیە کەمترە چونکـــە تەلەفزیۆن لە ڕێگای فلیمی کارتۆنەوە جێ‌ی گرتوەتەوە، گەرچی هەموو ماڵێکیشـــــ تەلەفزیۆنی نی‌یە ، بـــــەڵام ئێمە شینی ئەوەمانـــــــە چیرۆکەکانمان ، بەتایبەتـــی چیرۆکیش بەهۆی هەڵســـ‌و فۆلکلۆریەکانیانمان لەدەست دەچن ... تا ئێستاشـــــ دەربارەی شێوەو ناوەرۆکی چیرۆکی کـــــوردی زۆر نوسراوە ، بەڵام ئـــــەوەی لەگشت شوێنێ هەر بەبایەخە ئەوەیە : زمانێك لە چیرۆك‌دا بێت ناوەرۆکەکەی بـــــێ زۆرەملێ بگەیەنێتە منـــداڵ‌و لە ژیانیدا رەنگبداتەوە .

سەرەنجام وەك چـــۆن شیعر ئاوازە شیرینەکـــەی دەتوانێ کار بکاتە سەر منال، چیرۆکیش بە هۆی هەڵس‌و کەوتی قسەی پاڵەوانەکا ـ نیانـــەو لـــــە دڵـــــی منداڵاندا جـــێ‌ی خـــۆی دەکاتەوەو پەســـەنـــدی هەریەکەشیان لای منـــــاڵ دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایـــی‌و وردبینی نوسەرەکان خۆیان .

دیارە لەنێوان تێکـــڕای ئەمبەرهەمانەدا هەنـــدێ دیاردەی سلبی خۆیـــــان هاوبێشتوەتە ناویانەوە کـــە ئـــەمەش راستەوخـــــۆ کاردەکاتە سەر پەروەردەـ کردنێکی پێچەوانەی منـــال ... لەم روەشەوە مامۆستا

عمر عبدالرحیم دەڵێ :

ئەدەبی منال ئەوبەرهەمە بەنرخ‌و پیرۆزەیە منالێکی دەم‌وپل خاومان بۆ دەکـــات بە وتاربێژێکی ئەوتـــۆ کە کێوی ســـتـــەم‌و زۆرداری پـــێ بێنێتـــــە لەرزەو هەرەس‌هێنان ... لـــــەو دیاردانەشی کە تێادا هـــەن زۆر جار وا ڕێدەکـــــەوی ئەو هۆنراوانەی کە بـــۆ منالێکی پۆلی یـــەکو دووی سەرەتـــــایی دانـــراون تێهەڵکێشی پرۆگرامـــــی قوتابیانی پۆلی سێ‌و چواری دەکەن کە ئەمەش ژیانێکـــی راستەوخۆی بۆ ســـــەر دەرونی منال هەیە چونکە قوتابی لە پۆلی سێ‌و چواردا حەزناکات بگەڕێتەوە بـــۆ

ئەرکی مرۆڤایەتی بۆیە بارلاکتنی ئەزرۆکتی منداڵان

دکتۆرو پزیشکەکان لە خۆمانی چاکتر ئەزانن کە زوربەی زۆری مرۆڤ لە ناخیدا چەشنە نەخۆشیەکی دەرونی هەیە کە بەرامبەرەکەی زیاتر رەچاوی دەکات تا خۆی .... سەبارەت بە کاری رۆژنامەکەریش ئەو کادیرەی کە دێتە بوارەکەیەوە ، پاش کردنی شارەزایەکی ئەوتو زیاتر بەشوێن کەمو کورتی لایەنێکی گشتی یان تایبەتیدا دەگەڕێ کە ئەمەش دەتوانین لە دوو خاڵدا دەستنیشانی بکەین : یەکەمیان ئەگەر بشێت بایێن لەوانەیە لە ئەنجامی نەخۆشیەکەوە توشی ئەو کادیرە هاتبێ کە وای لێبکات هەمیشە بە شوێن کەمو کورتیدا بگەڕێ، بەلام راستر ئەوەیانە کە هەمان کادیر کاتێك ئەو کورتیانە بەسەردەکاتەوە لەو روانگەیەوەیە کە بیخاتە بەرچاوی لێپرسراوانو چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە .

هەندێ جاریش کادیری ناوبراو بە پێی نەخشەیەك یان بریارێکی خۆی دەکات جێگایەك یان بەپێچەوانەوە بەبێ خۆ ئامادەکردن رێی دەکەوێتە شوێنێك کە ئەم شوێنە خۆی ، خۆی بەسەر پێنوسی ئەو کەسەدا دەسەپێنێ . ئەویش وەك خەستەخانەی منداڵان لە پارێزگای سلێمانیدا ، کە لەم شەوانەی رابوردودا لە کاتژمێری دوو نیوی دوای نیوەشەودا رێمان تێکەوت . . . لە راستیدا بەتەنگەوەهاتنی ئەرکی مرۆڤایەتیو ئەو پێشوازیو بەتەنگەوەهاتنی کارگێرانی خەستەخانەکە لەلایەك و پاك و خاوێنیشی لە لایکی ترەوە وای لێکردین لە رۆژنامەی هاوکاریدا بەسەریان بکەینەوە .

سەرەتا دکتۆر نجاه محمد کریم بەرێوەبەری خەستەخانەکە سەبارەت بە یەکەم هەنگاوی دروستبوونی وتی :

دەگەڕێتەوە بۆ هاوولاتی عبدالله لطفی کە بەناوی خەستەخانەی منال بوونەوە کرایەوە ، بەلام لە دوایدا لە لایەن لیژنەیەکی وەزارەتەوە گۆڕان کاری یەکی بەسەردا هێنراو کرا بە خەستەخانەی منالان ... ، ئیتر وردەوردە پەرەی پێدراو ئێستاش ژمارەی جێگاکانی ١٢٠ دانەیەو (٨) دکتۆری ئەم بووبوە نمونەی تێکرای کارگێرانی خەستەخانەکەیانو سەبارەت بەو هەڵوێستە وتی :

ئەوەی وا لە من و لە هەموو دکتۆرەکانی کەشس دەکات چۆنیەتی ئیشو کارەکەمانە کە بریتیە لە کارێکی مرۆڤایەتی کەوا دەکات هیچ جیاوازیەك لە نێوان هاوولاتیاندا نەدات بە دەستەوەو هەمیشە شانازی بەو چەشنە هەڵوێستانەوە دەکەین کە بەسەربەرزی یەوە رویەروی کەسو کاری نەخۆشەکانمان دەکاتەوە... پاشان دکتۆر عمر سەبارەت بە بوونی هەندێ تەنگوچەڵەمەی تایبەتی کە زۆر جار وا لە مرۆڤ دەکات نەتوانێ بە پێی دیاری کراو ئیشك و ئەرکی سەرشانی خوبان جێبەجێ دەکەن .

پاشان دکتۆر نجاه سەبارەت بە هەندێ پەرەپێدانی کەی خەستەخانەکە وتی :

ئێستاش خانووی پزیشکەکان دراوە بە موناقەسە لەگەڵ سیاجێکی نوێیش هەر بۆخەستەخانەکە سەرباری زیادکردنی (١٥) جێگای کەدا ، کە ئەمانەش بە تەماین لە ساڵی ئەمساڵدا دەستی پێبکرێ... هەروەها هەندێ ئامێرو کەلوپەلی نوێی کەش هاتوە لەوانەش کردنەوەی بەشی ئەشعە... ئەمانەو بینینی نزیکەی ٣٠٠-٤٠٠ نەخۆش لە عیادەکانی منالاندا کە بریتیە لە ئێرەو طواریو مەلبەندی چاودێری منالانو دایکان ، سەرباری ئەمانەش دیسانەوە لە قەزاو ناحیەکانەوە هەر رومان تیدەکەن کە تێکرای نەخۆشەکان نەخۆشی جۆربەجوریان گرتوە بۆیە یەکێك لە قاوشەکانمان تایبەتیە بۆ ئەو نەخۆشیانەی کە مەترسی بلاوبونەوەی لێدەکرێ و ئەوانی کەشیان بۆ نەخۆشیە ئاسایی یەکان . دواجار دکتۆر نجاه سەبارەت بە سەردانی کەس و کاری نەخۆشەکان تکای کرد کە هەمیشە ئاگاداری پاك و خاوێنیو بیدەنگیو پاراستنی باخو گولی خەستەخانەکە بنو لە کاتی دیاری کراوی خوێدا کە یەك شەممەوانو چوارشەممانە سەر لە نەخۆشەکانیان بدەنو تا دەتوانن ژمارەیەکی کەمیان بێنە دیاریان کە ئەمەش سەرەتاو کۆتایی بۆ پەرژەوەندیو تەندروستی نەخۆشەکانیانە .

پاشان دکتۆر عمر حبیب کە یەکێکە لە دکتۆرە نیشتەجێکانی خەستەخانەی

منالانو لەشەوی ناوبراودا ئەمبووبوە نمونەی تێکرای کارگێرانی خەستەخانەکەیانو سەبارەت بەو هەڵوێستە وتی :

ئەوەی وا لە من و لە هەموو دکتۆرەکانی کەشس دەکات چۆنیەتی ئیشو کارەکەمانە کە بریتیە لە کارێکی مرۆڤایەتی کەوا دەکات هیچ جیاوازیەك لە نێوان هاوولاتیاندا نەدات بە دەستەوەو هەمیشە شانازی بەو چەشنە هەڵوێستانەوە دەکەین کە بەسەربەرزی یەوە رویەروی کەسو کاری نەخۆشەکانمان دەکاتەوە... پاشان دکتۆر عمر سەبارەت بە بوونی هەندێ تەنگوچەڵەمەی تایبەتی کە زۆر جار وا لە مرۆڤ دەکات نەتوانێ بە پێی پرۆگرامێکی

قۆناغی منالیو حەز لە جۆرە هونراوەیەك دەکات کە تۆزی پێزو هێزی تیادایە هەروەها دەڵێ : لەم ماوەیەدا بەو کتێبە کوردیانەدا چومەوە کە ئێستا لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا دەخوێنرێ کە زۆربەی هۆنروەکانی ناویان لە زمانێکی کەوە خراونەتە سەر زمانی کوردیو ئەوانەشی ئەم کارەیان جێبەجێ کردوە سەلیقەی شیعرو ئەدەبیان نەبووە بۆیە بە شێوەیەك شکاوەتەوە کە شیعر لە بەرچاوی منال دەخات ، چاری ئەمەش وەك دەآێ حال لە دوو فەقەرە بەدەرنییە ئەوەتا شیعری شاعیرە کوردەکان لەم کتێبانەدا بنوسرێ بە شاعیرێکی بەتواناو بە سەلیقە تاوەکو بەرێکوپێکی بخرێتە بەر چاوی منالانو نەبێتە مایەی بێزار بونیان لە ئەدەبو شیعری کوردی... هەروەها دەبینین هەندێ نوسەری منال کە چیرۆك بۆ منال دەنوسن رستەکانیان ئەوەندە درێژەو وشەی گران بەکاردەهێنن کە دەبێتە هۆی خاوبونەوەی دەمو پای منالو ماندوکردنی مێشکی ناسکۆلەیان ... هەروەها جاران وا باوبوو کە گوایا چیرۆکی شێرو پلنگو فیلو هاوچەشنەکانیان بۆ منال ترسناکن ، بەلام ئەمرۆ لەبەر ئەوەی کە منال زۆربەی شەو ئەو گیاندارانە لە تەلەفزیۆندا دەبینێ بۆیە ئەو سلەمینەوەی جارانی لێ ناکرێو تەنانەت لە بەکارهێنانی چیرۆکدا کەلکی خۆی دەگەیەنێت بە منال . چونکە ئەم جۆرە چیرۆکانە لای منال تامو چێژی تایبەتی خوی هەیەو هەرگیز لە بیرو مێشکیان دەرناچێ .

کەواتە بە ئەنجام گەیاندنێکی زانستیانەی ئەدەبی منالان دەبێ دەورێکی پەروەردەکردنی دروست ببینێ ... بۆ ئەمەش دایکی سۆلاف دەڵێ :

شیودی پەروەردەکردنی راستەوخۆ کار دەکاتە سەر رەوشتو هەلسو کەوتی منال .. کەواتە نەشونما کردن هەرنەشونمای ئەندامەکانی لەش نییە بۆیە پێویستە کە شان بەشانی خزمەتکردنی لەش وپەروەردەکردنی منال هەوڵی گەشەپێدانی بیرو هۆشیشی بدرێ ... شاعیرو نوسەرانی کورد لە زۆر زوەوە ئەرکی مێژووی سەرشانی خۆیان لەمرۆوە بەجێ هێناوە کە لە هەمان کاتیشدا کۆرپەی ساواو میوانی نوێی ژیان بوون بە کەرەسەی شیعر دەربڕین و گۆرانی بەستۆزو لای لایە بە شێوەی جۆربەجۆر کە توانیویانە کەلەپووری نەتەوەیی کودیەمانی پێ دەوڵەمەند بکەن .

ئاشکرایە منال وەك فریشتەیەکی ئێسك سوك و جریوەدار وایە کە هەر لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە بەرای ئێمە پێویستە کارێکی وا بکرێ هەرزوو ئەو کۆمەڵە زبلانە هەڵبگیرێن.. ئاخر کەی زبل لەناو شاراندا کۆمەڵ کراوە ؟ نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێتەوە ، وا هاوین هاتەوەو کوڕم دەوێ لەو گەڕەکانە بەشەو خەوی لێبکەوێ لەبەر بۆنی (خۆش !)و گیزەگیزی مێشوولە !

٣ ـ قیرتاوی هەندێ لەکۆلانەکانی روناکی و ئیسکانو شەقامەکەی تەکیەی شیخ عبدالکریم کە دەچێتەوە بۆلای (عیادەی شەعبی) بەجارێ تێکچوون، زۆر جار خاوەن تاکسیەکان رازی نابن هاتوچۆیان پیا بکەن .

٤ ـ پەیکەرێك لەبەردەم دەرگای یاریگەی (ئیدارەی ناوخۆی)دا کراوە ، شتێکی جوانە ، بەلام توخوا نەدەبوو بەردەمەکەی قیرتاو بکرایە یان بە گیا بچینرایە ، تاوەکو لەو خۆڵو تەپو تۆزەی تیا نوقم بوە رزگاری بوایە ؟

٥ ـ وا هاوین هاتەوە... ئایا بیر لەتینوێتی خەلکی شۆڕشو بەستەپیازەو ئیسکان کراوەتەوە ؟

٦ ـ دیاردەیەك لەم شارەدا هەیە ، لەهیچ شارێکدا بەرچاو ناکەوێ ، ئەویش نەبوونی شوستەیەو ، ئەگەر بێین درێژایی تێکرای شەقامەکانی هەولێر وەرگرین ، تەماشا دەکەین لەسەد مەتر ئینجا یەك مەتر یان نیو مەتری شۆستەی هەیە ... باشە کە شۆستە نەبێ خەلکی دەبێ بەکوێدا هاتوچۆ بکەن ؟

کە ئەم قسانە دەکەین زۆرباش دەزانین کە شۆڕش هیچ دریغی نەکردوە لەوەی، ئەوی پێویستە لەپارەو ئامێرو شتومەکی تر بیدا بە شارەوانی هەولێر ، ئێمەش کە ئەم کەمو کوریانە دەخەینە پێش چاو تەنها مەبەستمان بەشداری کردنی شارەوانی هەولێرە لەهەولی کارامەو چاك بۆ پێشخستنو پاك راگرتنو رازاندنەوەی شارو جێبەجێ کردنی داواکاریەکانی هاوولاتیان .

لاوانی مەخمورو چالاکی هونەری

واخەریکە جموجۆڵی هونەری بەتەواوی دەگەشێتەوەو قەزاو ناحیەکانیش کۆمەڵێ لاوی بەهرەدار دەگرنە باوەشو رۆژ بە رۆژ ئەم بەهرە تازە پشکوتوانە توانایان بۆ پاشەرۆژی روناکتر دەکەنەوە .

لە مەخموردا ، وە بە تەقەللای کۆمەڵێ لاوی خوێنگەرم ، لەم ماوەیەدا جولانەوەی هونەری تەکانی بەرەو پێشە وەبردنی داوەو بۆ ئەوە کاك عبدالله خۆشناو سەرپەرشتی کاری هونەری بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەران لە مەخموردا ووتی :

تا ئێستاو لەئەنجامی نەبوونی هونەرمەندان لە جولانەوەی مۆسیقاو شانۆ کزبووە ، بەلام لەم ماوەیەدا تیپێکی هونەری پێك هات و وکۆمەڵی لاوی لە خۆی کۆکردەوەو دەستی کرد بە نواندنی چالاکیو چەند ئاهەنگێکی لە قەراج سازکردووەو بەشداری لە فیستیڤاڵی گۆرانی سیاسی کردووەو بیستمان کە پلەی یەکەممان هێناوەو تا ئێستا هەر هەواڵەو بەس.

دەبارەی بە هرەی لاوانی مەخمور کاك عبدالله دەڵێ : لاوانی ئەم ناوچەیە بە کوڕوکچیەوە ، چەندەها بەهرەداری راستەقینەی تێدایە ، بەلام لە سەر بناغەیەکی زانستی پەروەردەی هونەری ئەم کۆمەڵە لاوە ناکرێت ، بەتایبەتی هونەرمەندان فاخر رەفیقو سەلیمە مەجید گولبە هارو سۆزان .. زۆر بە هیوان کە لقی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردی لەم ناوچەیە بکرێتەوەو لێپرسراوانشیش زیاتر بایەخ بە هونەری کوردی بدەن بۆ گەشانەوەی زیاترو لە باوەشس گرتنی توانا داهێنەرەکان .

بەرای .. دوو قسە لەگەڵ شارەوانی هەولێردا

عبدالوهاب تاڵەبانی

شتێکی ئاشکرایەو دیارەو هەموو هەستی پێدەکەین کە لەم دوایی یەدا شارەوانی هەولێر کەوتۆتە جموجوڵێکی چالاکو ، چالاکیەکی باش دەنوێنێ ، شەقامەکانی ناو شارو شەقامی کوردستان ـ هەرچەندە بێ شوستەیەـ خزمەتێکی باش دەکرێن ، تا رادەیەکیش هەستبەپاکیو تەمیزی (ناوشار) دەکرێ ، بەلام لەگەڵ ئەم هەوڵو تەقەللایەدا هەندێ لایەنی رێکوپێکی و پاکوتەمیزی هەیە کە تا ئێستا بە داخەوە شارەوانی هیچی بەرامبەریان نەکردوە ، وا لە پێناوی خزمەتی گشتیداو ، دڵسۆزانە هەندێ لەو کەموکوریانەی دەیبینین دەخەینە پێش چاو، بە هیوای ئەوەی سوودێکمان گەیاندێ :

١ ـ گەڕەکانی بەستەپیازەو خەباتی (ئەودیوی شەقامی کوردستان)و کۆلانەکانی ناوەوەی گۆرانو مەنتکاوە ، زۆر پشتگوێ خراونو لەوە دەچێ هەرگیز بیر لە قیرتاوکردنیان نەکرابێتەوە، لەوانەیە بوترێ چاوەڕێی دروستکردنی زیراب دەکەین ، باشە دەبێ تا ئەو زەمانەی زیراب دروست دەکرێ ئەو خەلکە لەنێو قوڕولیتاو وتەپو تۆزدا بژین ؟

٢ ـ لەدەوروبەری مزگەوتی سپیو لە گەڕەکی (کەنناسان) هەندێ جێگە هەن کە خەلکەکە ناویان لێناون (زبلگوانی گشتی!)، بەدرێ ... شاعیرو نوسەرانی کورد لە زۆر زوەوە ئەرکی مێژووی سەرشانی خۆیان لەمرۆوە بەجێ هێناوە کە لە هەمان کاتیشدا کۆرپەی ساواو میوانی نوێی ژیان بوون بە کەرەسەی شیعر دەربڕینو گۆرانی بەستۆزو لای لایە بە شێوەی جۆربەجۆر کە توانیویانە کەلەپووری نەتەوەیی کودیەمانی پێ دەوڵەمەند بکەن .

ئاشکرایە منال وەك فریشتەیەکی ئێسك سوك و جریوەدار وایە کە هەر لە تەمەنی پێنج ساڵییەوە ئامادەی گوێگرتنو فێربونە .. جا ئەرکی نوسەرانی ئەم سەردەمەی ئێساشمان ئەوەیە کە رێوشوێنی شاعیرەکانمان ون نەکەنو بە تێڕوانینێکی نوێوە شیعرو چیرۆك بۆ منالانی ئێستای کورد بنوسن،ئەوەتا کەسێکی وەك (حاجی قادری کوی)یش نەیتوانیوە خۆی لە منالان بەدور بگرێو هەروەك ئەرکێکی مێژوویی لای لێ کردونەتەوە هەروەها گورانو بێ کەس و عبدالواحد نوریو زێوەر، پاش ئەوانیش کاکەی فەلاحو ع . ع . شەونم، چرۆو جریوەیان پێشکەش بە منالانی کوردستان کردوەو سرودە رەنگینەکانیان بونەتە وێردی سەرزمانو دەوترێنەوە ، کەواتە ئەرکی ئێمەش پێشکەش کردنی وشەی رەسەنو بیری چاك و رەوشتی بەرزە تاوەکو لە دووتوێی شیعری ناسك دا بخرێنە سەر خوانی ئەو فریشتانەو دەشبێ شیعری منال سوكو ئاسانو بێ تەمو مژبێ بۆ ئەوەی منال توشی سەرلێشێواندن نەکا ، بە داخیشتەوە هێشتا ئیمە ئەو کەلێنەمان بۆ پرنەکراوەتەوە چونکە ناسکۆلەیان ... هەروەها جاران وا باوبوو کە گوایا چیرۆکی شێرو پلنگو فیلو هاوچەشنەکانیان بۆ منال ترسناکن ، بەلام ئەمرۆ لەبەر ئەوەی کە منال زۆربەی شەو ئەو گیاندارانە لە تەلەفزیۆندا دەبینێ بۆیە ئەو سلەمینەوەی جارانی لێ ناکرێو تەنانەت لە بەکارهێنانی چیرۆکدا کەلکی خۆی دەگەیەنێت بە منال . چونکە ئەم جۆرە چیرۆکانە لای منال تامو چێژی تایبەتی خوی هەیەو هەرگیز لە بیرو مێشکیان دەرناچێ .

بروانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

ئەم شوورەیە.. بۆچی؟

شوورە چیرۆکێکی ـ فەرهاد پیریال ـ ٥ لە ژمارە(٥٨٠)ی هاوکاریدا بلاوکرابۆوە بە پێچەوانەی زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کە دەکەونە بەر چاومان کە نە مەوزوعیان تیایەو نە ڕووداو .. نە سیمای پاڵەوان دیارە .. سەرباری هەموو ئەوەش دوورن لەستاتیکو ڕەگەزەکانی هونەرێکی سەرکەوتوو .. وەبێ گومان زۆر لەم چیرۆکانە هیچ بیرێکی فەلسەفیو مەوزوعی نادەن بەدەستەوە .. کەئەمەیان چیرۆکەکانیان تووشی ئیفلیجی دەکا .. بەڵام چیرۆکەکەی فەرهاد زیرەکانە باس لە مەوزوعێك دەکا کە لایەنی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی دەگرێتەوە بام لە کورتە چیرۆکێکدا بێت ... چار هەیە کورتە چیرۆکێك زۆر سەرکەوتوو ترو بە پێیز ترە لە ڕۆمانێکی زۆل .. وەزیاتریش شت دەڵێ . . . ئەمەیان بەستراوەتەوە بە زیرەکیو هونەری هونەرمەندەکەوە !

شێرزاد حسەن

چیرۆکنوس بە شێوەی ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ پاڵەوانەکەی خۆی دەکات.. دونیای دەرەوەو ناوەوەی.. ئێستاو ڕابردووی .. هەموو شتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو دەیانخاتە بەرچاومان .. ئێمەش دوور لەشتی ـ ذهنی ـ هەست بە شتەگیراوەکان دەکەین.. چاچ ستارد بێ یان گەرم .. کات ئێوارەیەو جێگاش ژوورێکی کۆنینەو بێ تفاقە .. دوو ئافرەتی تەنها تیایدا دەژین.. ئێوارەکە ناوەختەو دایکەکە پەرۆشەو کچەکەی نەگەراوەتەوە .. لە بێوەژنی خۆی و کچێنی کچەکەی دەترسێ .. تەنهاو بێ دالدەو پەنا ماونەتەوە .. خانووەکە بێ شوورەیە .. نەبوونی شوورەکەش بێ کەسیو پەناو دالدەیی ئەم دوو ئافرەتە دەگەیەنێ .. دوو ئافرەتو خانوویەکی بێشوورە ترسناکە لە کۆمەڵگایەك کەپیاو تیایدا ستەروبەرە . . هەردوو ئافرەتەکە خەمی نەمانی پیاوەکە دەخۆن . . ئەگەر کابرا هەبووایە دەبوو بە شوورەو شوورەکەش دەکرا .. بەڵام ئەو تەنهایە وێنەکەی ماوەتەوە .. شوورەکە ناکرێو نەکراوە.. ترسی نەبوونی شوورەکەش ترسی بارێکی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی ئارێکە کە ئەمیشیان بە مەسەلە ئابوورییەکەوە پابەندە . . کۆمەڵێك کە ئافرەت تیایدا کەسی دووەمەو مل کەچی ئەم یاساو ئارەزووانەیە کەپیاو بۆ بەژەوەندی خۆی دروستی دەکاو تێکی دەدا .. ئەم دوو ئافرەتە پڕ ترسە هەموو ئافرەتە چەوساوەکانی چینی ژێرەوەن . . کەواتە بوون بە مێینە لێرەدا ئاژەوەیەو نێرینەش هەموو شتێکە . . دوو پاڵەوانەکە ترسی ئێستاو داهاتوویانە کە نادیارە وەکو مەسەلەی تەمەنو تاقی کردنەوەو هۆشنیش بێ دایکە کە زیاتر شارەزای کۆمەڵگایەکەیەو ترسێکی زیدەتر لەکچەکەی دایگرتووە .

دایکەکە باش ماندووبوونێکی ئێوارەیەك دێتەوە .. وەك هەموو ئێوارانی تر .. تەنها لە ژوورێکی بێناز (لەخۆت و ژوورەکە وورد بوویتەوە .. سنوقێکی شکاوی پڕ بزگوری کچە عازەبەکەت .. چەند قاپو مەنجەلێك.. دەلاقەیەکی تۆز لێ نیشتوو ....) لە ڕێی چەند وەسفێکی ووردوناسك تێدەگەین ژنەکەو کچەکە سەر بە چی چینێکن و لەکوێدا دەژین... هەر لەبەر ئەوەشە ڕادەی ترسو چەوساندنەوەیان زیاتر دەبێ .

خۆ ئەگەریش لە لایەنی ئابوورییەوە سەیری بکەین نەمانی پیاوەکە شکانی ئەستوندەگی ژیانی ئابووریو دەرامەتەکەیتیان .. بۆیە وەك جاران بەتفاقو بزگوڕ نین.. وەك مەسەلە نەفسییەکەش ڕەواندنەوەی ئەو ترسو گومانە بوو کە کۆمەڵگاکە بۆی دروست کردوون . . دەنگێکی نێرینە زۆر شتە لەهەر ماڵێکدا کە پیاو سەرقافلەی زۆربەی کاروانەکانی ژیانو کۆمەڵگایەکە بێت .. دەشێ هەڵواسینی وێنەی پیاوەکە . . لەسەر پێیە .. .. لەکۆتاییدا ئۆخژن بە دڵمانا دێ کە کچەکەی دەگەڕێتەوەو ئیشێکی بۆ دۆزراوەتەوە .. ئێمەش هەناسەی دڵنیایی ئەدەین.. لە نەفرۆشتنی دەمانچەکە دڵنیا دەبین . . بام شوورەکەش هەر تەواو نەبووبێ .. یانێ ئەو شتەی لێ دەترسێین بدۆزێ .. نادۆزێو ئەمەش سەرکەوتنەکەیە !

لە دواییدا دەتوانین بڵێین هۆی لەززەتو سەرکەوتنی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە ساماڵی ڕوانینو مەبەستەکە ڕوونەو ئەو شتەی کە مەبەستە بوترێ ... زۆرینی وەستایانەو دوور لەهەڵبزرکانو هەناسەسواری دەوترێ . . بێ ئەوەی ستاتیکی - جوانی چیرۆکەکە لە کیس خۆی بدات فەرهاد سەرەتایە بەڵام بەهێزەو ئاگای لەوەیە کەچی دەڵێ ..

ئەمەشی کە ووتم زۆر کەمە بۆ چیرۆکەکەی !!

دووبارە دەبێت بە ڕەمزی ڕەواندنەوەی ئەو ترسەی بەسەریاندا نیشتووە .. کەچی لێرەدا چیرۆکنووس بەپێچەوانەوە کردوویەتی بەهۆی ترسو گومانی ژنەکە .. کەواتە دەمانچەکە ڕەمزێکی دووفاقیە . . خانوویەکی بێشوورە.. دوو ئافرەتی تەنها . . کۆمەڵگایەکی پڕ لەپیاوی ملۆزم .. لەوسەریش بوونی دەمانچەیەك .. پەیوەندییەکە ئاشکراو ڕوونە . . زیرەکیشی لەوەدایە کە کردنەوەی دەرگای ئەم ڕەمزە تەنکانە بۆ خۆمان جێماوە .. دوور لەشەرحو تەفسیری نابەجێ .. بەڵام مەسەلەی بێ دەرامەتیەکە وای لێ کردووە دەمانچەکە بفرۆشێ . . فرۆشتنی دەمانچەکەش دۆزراندنی مەسەلەیەکی گەورەترە لەلای هەردوو ئافرەتەکەوە . . دەست لەسەر دڵ ئێمەش دەترسێین . . دەمانچەکەش لەفیشکەکانی بەتاڵ نەکراوە . . لەسەر پێیە .. .. لەکۆتاییدا ئۆخژن بە دڵمانا دێ کە کچەکەی دەگەڕێتەوەو ئیشێکی بۆ دۆزراوەتەوە .. ئێمەش هەناسەی دڵنیایی ئەدەین.. لە نەفرۆشتنی دەمانچەکە دڵنیا دەبین . . بام شوورەکەش هەر تەواو نەبووبێ .. یانێ ئەو شتەی لێ دەترسێین بدۆزێ .. نادۆزێو ئەمەش سەرکەوتنەکەیە !

لە دواییدا دەتوانین بڵێین هۆی لەززەتو سەرکەوتنی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە ساماڵی ڕوانینو مەبەستەکە ڕوونەو ئەو شتەی کە مەبەستە بوترێ ... زۆرینی وەستایانەو دوور لەهەڵبزرکانو هەناسەسواری دەوترێ . . بێ ئەوەی چیرۆکەکە لە کیس خۆی بدات فەرهاد سەرەتایە بەڵام بەهێزەو ئاگای لەوەیە کەچی دەڵێ ..

ئەمەشی کە ووتم زۆر کەمە بۆ چیرۆکەکەی !!

با تۆزێك بگەڕێینەوە دواوە تا ئەو وەختەی تورگنێف دوور لە وولاتەکەی لە فەرەنسادا بە تەنیا دەژیا ، کەس ناویشی نەدەهێنا لە ناو خەمو ژانەکانی خۆیدا دەتلایەوە، لەم وەختەدا پەیوەندی بە خاتو « بولین ڤیاردۆ »وە هەبوو ، تووشی نەخۆشیەکی وای کرد کە چاوەڕێی چاك بوونەوەی لێ نەدەکرا .

وەك زۆر جاران لەم جۆرە بارو زرووفانەدا وا ڕوو دەدا کە نووسەرێك تووشی پەژارەیەکی دەروونی وا بێ هەست بە بزر بوون بکا . دەبێ ئەوەش بزانین کە پەیوەندی « تورگنێف » بەو خانمەوە جێگای کێشەو بینەو بەردەبە لە نێوان ئەوانەی کە مێژووی ژیانی ئەم نووسەرەیان نووسیوەو لێیان تۆژیتەوە .

یەکێکیان وای بۆ دەچێ کە پەیوەندییەکەیان تەنیا خۆشەویستی یەکی پاك و بێگەرد بووەو ئارەزووەکانی مرۆڤ توخنی نەکەونووە . هەندێکیشیان بە تەواوی پێچەوانەی ئەم ڕایەن ، بەڵام ڕای سێیەم لە سەر ئەمەیە کە تورگنێف بۆ یەکەم جار لە ئاهەنگێکی « ڕاو »دا ، ساڵی ١٨٤٣ مێردی ئەو خانمەی ناسیو پاشان لە ڕێی مێردەکەیەوە چووە بۆ ماڵیان و ژنەکەشی ناسیوە ، ئەم ژنە لە نەژاددا ئیسپانی بووەو دەنگێکی ناسك و ئەفسوناوی هەبووە. تورگنێف لە یەکەم چاوپێکەوتنی دا حەیرانی بووە ـ لە پاشدانیش بە شێوەیەکی نادایم لە ماڵەکەیان دانیشتووەو بووە بە یەکێك لە خێزانەکەو بەشداری ئەرك و خەرجیو مەسەرەف کێشانی ڕۆژانەیان بووە ، بۆ هەر شوێنێك چووبن لە گەلیان چووە ، تا جارێکیان ووتوویەتی ، ـ ئەگەر بهاتایەو خێزانی « ڤیاردۆ » چووبان بۆ ئووستراليا دەربەست نەبووم لەوەی لە گەلیان بچم » .

تورگنێف لە « ٢٨ »ی ئۆکتۆبەری ساڵی «١٨١٨»ی زاینی دا لە باڵەخانەیەکی گەورە لە ناو زەوی و بەراوێکی پانو بەرینی نزیك گوندی « ساسۆی » خواروی مۆسکودا لە ئافرە تێکی دارەق لە دایك بوو ، ئەم ئافرەتە لە دەوروبەرێکی ئۆرستوکراتیانە گەورە ببوو. خەفە کردنو دڵرەقی کارێکی زۆری « سادیەتی » لە دەروونیدا کرد بوو ، هەڵسوکەوتی . لەگەڵ خەڵکەکەی دەورو بەری دا بە جۆرێك بوو .. هەموو ڕۆژێك ژمارەیەك لە جووتیارەکانی دارکاری دەکرد ، هیچ ڕۆژێك نەبووە بە « جەلدە » لە یەکێك لە منداڵەکانی نەدا بە بێ هیچ هۆیەك یان لەسەر بچووك ترین شت .

دەیوویست هەموو ڕێزی بکرێو گوێ ڕایەڵی بێو سەری بۆ دانەوێنن وەك باپێری ئیمپراتۆرێکە بۆ خۆی، تا پلەی شێتی حەزی لە خۆسەپاندن دەکرد .

ئامادە نەبوو لە بارەی هیچ بابەتێکەوە وتوویژ قەبوول بکات بڕوای وابوو نووسین بێ مانا ترین پیشەیەو هەرگیز ددانیشی بە وەدا نەدەهێنا کە ئیڤان « تورگنێف »ی کوڕی بووە بە نووسەرێکو ناوی لەسەر زارانە ، تا دێرێکی لە نووسینەکانی نەخوێندەوە . «تورگنێف»ی بچکۆلانە لە دەستی ئەم دایکە دڵرەقە ژیانی لێ تاڵ ببوو ، لەگەڵ ئەمشدا دایکی زۆر خۆش دەووست پێش ئەوەی تەمەنی بگاتە نۆ «٩» ساڵان چەند جاران هەواڵی دا ڕابکا .. هەر خۆشی باسی یەکێك لەو کەرەتانە دەکا کە وویستوویەتی ڕابکا و دەڵێ :ـ شەوێکیان هەڵسام ، بەهێمنی جلەکانم لەبەر کرد لە تاریکایی دالانەکەوە بۆی خشیم ، بەرەو هۆڵەکەی دەرەوە چووم . ئەم دەزانی بۆ کوێ دەچم تەنیا هەستم بەوە دەکرد کە دەبێ بەرەو شوێنێکی دوور ڕابکەم کەس نەمبینێتەوە .. ئەم ڕێگایەش تاکە ئومێدم بوو تا وەکو پێی رزگار بم لەو دەردە سەریەی تێیدا دەژیام . لە ناکاو ڕۆشنایی مۆمێك دەرکەوت ، زۆر ترسام لەم کاتەدا پیاوێکم دیت لێم نزیك دەبێتەوە ، بەڵام زووا بۆم دەرکەوت مامۆستای زمانی ئەڵمانیمە . پیاوەکە قۆلی گرتم ، نیشانەی سەر سوڕمانێکی زۆر لە ڕوویدا دیار بوو ، دەستی بە پرسیار کردن کرد .

لە وەڵامدا لە پڕمەی گریانم داو ووتم :ـ

ـ دەمەوێ لێرە هەڵێم .
ـ ڕادەکەی ؟! بۆ کوێ !؟
ـ بۆ هەر شوێنێك بێ .
ـ بۆچی ڕادەکەی ؟
ـ چونکە زۆر لە ئازاردام و لێم دەدەن .

لێرەوە مامۆستا پیرە دڵنەرمەکە لە باوەشی کردمو ماچی کردم ، بەڵێنی پێدام کە هەموو توانایەکی بخاتە کار تا وەکو جارێکی دیکە لێم نەدەن » .

ڕاکردنی تورگنێف لە دەست دایکی چەند جارێکی دی دووبارە بۆوە ، هەتا وای لێهات ڕاکردن لە هەلویستە ناخۆشەکان بووە یەکێك لە سیفەتە دەرونیەکانی ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەی دەتوانی لە کارتێکردنی دایکی رزگاری بێ . هەتا پاش مردنیشی لە ساڵی « ١٨٥٠ »دا . خۆشویستنی دایکیو لێترسانیو لە دارەقی ڕاهاتنو لە دڵرەقیو مل بۆ کەج کردنی ئەمانە هەمووی لە خۆشەوویستی یەکەیدا لەگەڵ خاتو « ڤیاردۆ »دا ڕەنگی دایەوە ، چونکە ڤیاردۆش هەر لە هەمان قۆڕ دروست بووو زۆر حەزی لە خۆسەپاندن دەکرد ، ڕەنگە هەر ئەو نهێنیەش بووبێ وای لێ کردبێ خاتوو «ڤیاردۆ »ی زۆر خۆشویستبێ .

تاکە خۆشی یەکی کە تورگنێف لە منداڵی دا دیتبێتی لەو گەشتو گەڕانانەدا بووە کە لە باغی ماڵەکەیانو کێڵگەکانی دەوروپشتی دا کردوویەتی ئەو ساڵە دیمەنە جوانەکانی سروشت ڕادەماو قسەی لەگەڵ کۆیلەو جووتیارەکاندا دەکرد ، کارتێکردنی ئەمانەش دواجار لە ڕۆمانەکانی دا ڕەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی لەو لاپەڕانەی کە لەسەر ژیانی « لادێ »دا نووسیوویەتی :.

کاتێك تورگنیف تەمەنی لە (٩) نۆ ساڵی ئدا بوو خستیانە قوتابخانەی ناوخۆیی مۆسکووە . پاشی «٦» شەش ساڵ چووە زانکۆی مۆسکۆو دوای ساڵێك لە ساڵی ١٨٣٥دا باوکی مرد پاشدان دایکیشی گواستییەوە بۆ پایتەخت کە ئەو ساکە «سانت پەتدوسبورگ »بوو ، « تورگنێف »یش پاشدان چووە ئەوێ لە دانشگای « سانت پەترۆسبورگ» خوێندی . هەرچەندە زانکۆی سانت پەترۆسبورگ بە ڕای ئەو لە هی مۆسکۆ چاکتر نەبوو . بەڵام لێرەدا تورگنێف دەستی بە خوێندنەوەیەکی زۆر کردو کارێکی زۆریشی کردە سەر بەرهەمە ئەدەبیەکانی.

پاش تەواوکردنی زانکۆ بە ساڵێك چووە دەرەوە ، چەند «ساڵێك»ی بە گەشتو گەڕان لە ئەوروپاداو چەند ساڵێکیش بە خوێندن لە « بەرلین »دا بردە سەر ، ئەو ماوەیەی بە سەربەستیو ڕەهایی ڕابوارد، وەك هەموو ئەو قوتابیە دەستت ڕۆیشتووانەی لە دەرەوەدا دەخوێنن . لەو ماوەیەدا هەموو ئەو ئەزیەت و ئازارانەی بە دەست دایکیەوە دیتبوی بە خۆشیو ڕابواردن تێی هەڵمێنایەوەو ڕۆژانی خۆی بە ڕابواردنو گوێ گرتنە مۆسیقاو پەیوەندی دڵداریو گفتوگۆی ئەدەبیو فەلسەفی بە سەر برد ، لێرەدا سیاسەت بوو بە بەشێك لە بیرکردنەوەی ، حەزی لەو بیرو باوەڕە سەربەستانە دەکرد کە لە ناو لاوە ڕۆشنبیرەکانی ئەوروپادا بڵاو ببووە .

تورگنێف خەونی بەوەوە دەدیت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێتە مامۆستای فەلسەفە ، بەڵام کاتێك کە گەڕاوە بۆ ڕوسیا بوو بە فەرمانبەر لە وەزارەتی ناوخۆو بەمە قنیاتی کرد . بە هیچ جۆرێك ژیانی فەرمانبەری لەگەڵ ئارە زوەکانی ئەودا ڕێك نەدەکەوت هەر بۆیە لە پاش دوو ساڵ وازی لێهێنا ، هەر لەو کاتەشدا کۆمەڵە شیعرێکی نووسیو لە ساڵی « ١٨٤٣ »شدا چیرۆکێکی شیعری بڵاوکردەوە کە ناوی ڕاشتا بوو ، پاش چەند ڕۆژێك ووتارێکی لە یەکێك لە ڕۆژنامەکان بەر چاو کەوت کە لە لایەن «بیلینسکی» ڕەخنەگری گەورەوە نووسرا بوو زۆر بە باشتیش باسی کرد بوو ، هێندەی پێنەچوو تورگنێف بوو بە یەکێك لەو کۆمەڵە ئەدیبانەی کە بیلینسکی سەرۆکایەتی دەکردن .

تورگنێفو ڕاستگۆیی هونەری

توشاد حمە سعید
کردوویە بە کوردی

لە نیوەی سەدەی نۆزدەهەمدا لە سایەی بەرهەمەکانی تۆلستۆیو دستۆیفسکیو تورگنێفدا ڕۆمانی ڕووسی گەیشتە چلەپۆپەی ، ڕەنگە « تورگنێف » یش کەمتر سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشایەو یان بایەخی کەمتر پێدرابێ ئەگەر چی لە هونەری ڕۆمان نووسیندا مامۆستایەکی پایەدارو لێهاتوو بووە . فۆلتێری فەرەنسیو «هەنری جێیمس »ی ئەمەریکی دانیان بە مامۆستایەتیی ئەم نووسەرەدا ناوە ، «سارلز مۆرگان »یش لە بارەیەوە دەڵێ : کتێبەکانی تورگنێف لە ناو کتێبخانەکەم بیان خوێنمەوە ، دەشتوانم بەڕووت بوون ئەوەندەی بڵێمو دڵنیاشم کە تورگنێف خۆشیو لەمزەتو تێگەیشتنێکی پێبەخشیوم کەلەگن ڕۆمان نووسەکانی دی نایبینم »

پێشەکی :

شیعری قولەرەشەکانی ئەمەریکا ، زۆر لە شیعری ڕەشەکانی ئەفەریقا دەچێت ، تائیستاش ، ئەمەریکاییەکان ، زۆر لەوە نزیکن ، کە خەیاڵیان لە ژانو خۆخواردنەوەوە ، بەرەو ڕەمزەکانی زەویو ... هەستی سەرەتای .. . یەکەم هەنگاو ..

هەروەك ، لە خاکەکەیان دانەبڕابن ، هەروەك ، نیشتەجێی دوورو درێژیان لەسەر «خاکی نوێ» هیچی فێرنەکردبنو زمانێکی نوێی بۆ دروست نەکردبن ، ئەوانە ، درێژەپێدانی ئەوە شیعرە ئەفەریقاییەن کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا سەری هەڵدا ...

بەڵام ، زوڵمو چەوساندنەوە ، لە ئەمەریکادا ، جیاوازە لەوەی لە ئەفەریقا تووشی قولەرەشەکان دەبێت ، بەڵام جیاوازییەکەی لەو موعاناتە کەمتر نییە، قولەرەشەکانی ئەفەریقا تیا دەژین ..

ئەم کۆمەڵە شیعرە ، بەرهەمی قولەرەشەکانی ئەمەریکایە ، کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا نووسراونو لە کتێبی (شیعری قولەرەشەکانی ئەمەریکا)وە ، لە عەرەبییەوە کراوون بە کوردی .

● عبداللەعباس ●

ئەم کچۆڵەیە ، لە شەو ناترسێت ، بۆچی ؟ !
لەوانەیە ، هەموو شتێکی دیبێت .. !
لەوانەیە ، لە جارێك زیاتر ، لێرەدا بینرابێت ..
دوا پاشماوەی شەوی دیبێت ..
لەگەڵ خەڵکیدا ، چاوی بڕیوەتە مانگو ..
کاتی هەڵهاتنی ڕۆژی دیوە ..
ئەم کچۆڵەیە ، ناترسێت ..
شەقامە ، پڕەکانی دیوە
خوێنو ...
لەرزینی هەموو گەردوونی دیوە ..
لەو ساوە ..
زیاتر لە شەوی چاوەڕوانی .. تەنك دەنوێنێت ..

ـ مایرۆن هیکنز ـ

ئەی کچە ڕەشەکە ..
لێوەکانت ، دەنکی بستەن
وەك بۆڵە ترێ خرپنن
شیرینن وەك دەنکە تو ..
ئەی کچە ڕەشەکە
هەنگاوەکانت ، وەك فریشتە دەنێیت
وەك چولەکەیەك دەفڕیت
وەك ئەستێرەیەك هەڵدێیت
نهینی جوانیت چیە ؟
ئەم لەرزە دەخاتە سینەمو ..
وا دەکات ، دڵەکوتیم پێبکەوێتو
بکەومە سەما ..

● داولی راندل ●

باو باپیرانم بەهێزبوون ..
ڕێگای تێکۆشانیان دەبڕی ..
لەم کێڵگەوە ، بۆ ئەو کێڵگە، ، تۆویان دەچاند
دەستیان بە خاك دەگەیشت ..
دانەویڵە پێدەگەیشت ..
بەهێزو بەختیار بوون ..
بیرەوەری باو باپیرم
پڕبێ لە بۆنی سابونو پیازو گل
بازووبان سەخت بوو ..
بە وشەی پاك قسەیان دەکرد ..
باوباپیرانم بەهێز بوون ..
ئەی من بۆچی وەك ئەوان نەبم ؟

● مرگریتو وکر ●

Institut kurde de Paris

سەرۆکی فەرماندە کۆنگرەی وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی ئیسلامی دەکاتەوە:

تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاری فەلەستین و قودس دا مەسەلەیەکی مرۆڤایەتی یانەیە

پاشماوە

سەرکردەکردنی دەولەتانی ئیسلامی ، کە گەلێ بڕیارو ڕاسپێڕی ئێجگار گرنگی تێدا بە ئەنجام گەیشت و پۆپەی کردەوەکانیشی ڕاگەیاندنە مێژوویی یەکەی مەککەبوو .

لەم کۆبوونەوەیەتاندا ، براینە ، گەلێ بەرپرسیاریی گەورەتان کەوتوەتە ئەستۆ ، ئەرکی سەرشانتان ئەوەیە کە دەبێ هەنگاوی بەکردەوە بهاوێژرێ بۆ بەجێگەیاندن و تەتبیقی بڕیارو ڕاسپێڕی یەکانی سێیەم کۆنگرەی بەرزو هێنانە کاری هۆی کردەوەیی بۆ بەسەرکردنەوەی ڕابەڕاندنیان و خولقاندنی هەلومەرجی لەباری وەها کە ئەو بڕیارو ڕاسپێڕیانە بکاتە واقیعێکی بەرچاو .

هەستێکی قووڵ و پەرەسەندوو لە ئارادایە بۆ پێویستی پتەوکردنی پشتگیریی ئیسلامی و ، کردنی بە ڕاستەقینەیەکی بەرچاوو کاریگەر لە ژیانی ئێمە دەوڵەتەیدا ، وە لە چوارچێوەی تێڕوانینێکی ئامۆفراوانی کە مەبەستی هێنانەدیی ئامانجە مەودا مرۆڤایەتییەکان بێت ، لەبەر ئەوە ئێمە هەموومان لەسەر ئەوە ڕێکین کە بڕیارو ڕاسپێڕیەکان ، ئەگەرچی لە خودی خۆیاندا گرنگن ، بەڵام ئەگەر بەرەو تەتبیقێکی بەکار مل نەنێن ناتوانن واقعێکی نوێ هەیدابکەن .

ئەرکی سەرشانمان وایپێویست دەکات لە هاوکاری پشتگیری نێوان گەل و وولاتانمان پەرەپێبدەین و ئەو ئاوات و خواستانەی لە کۆنگرەکانی پێشوو ئەو کۆنگرەی بەرزی دوابی یە دەرمان بڕیون بە واقعێکی بەرچاو وای بگۆڕین کە لە باری خۆمان و پەیوەندیی یە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیمان لەگەل یەکتری دا بوونی خۆی بچەسپێنێ لەو دەورەشدا کە لە مەیدانی نێو دەوڵەتیدا چ تاکتاکو چ بە کۆمەڵی یەکگرتوو دەی گێڕین پێویست دەکات کە چالاکو کاریگەر بێت لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجە مرۆڤایەتییە بەرزەکانمان .

ئێمەش لە عیراق ، هەروەکو لە بەشداریی راستەقینەی کۆنگرەی بەرزی نیسلامی ، و لە داڕشتنی بڕیارو ڕاسپێڕیەکانی ، لەسەرخستنی کۆنگرەکەدا شەرەفدار بووین ، ئاوەهاش شەرفدار دەبین کە میوانداری ئەم کۆنگرەیەتان دەکەین ، بۆ سەرکەوتنی و کۆنگرەکەو ئاسان کردنی ئەرکی پیرۆزتان ، هەموو ڕەنج و توانای خۆمانتان پێش کەش دەکەین .

براینە ،

ئێمە ، هەموومان لەوەدا یەکمان گرتووە کە گرنگترین کێشەیێ ئەمڕو ئێستا ڕوو بە ڕوومان بووەتەوە پشتیوانی کردنی گەلی فەلەستینی یە بۆ گێڕانەوەی قودسی شەریف ، ئەو شارە پیرۆزە مرۆقەدەسە ، بۆ ڕۆڵەکانی ، ئاوا چەرخاوچەرخ کەلەپووری دێرینی ڕەسەنیان پاراستووەو هەوڵیان داوە هەمیشە بەهاکانی دڵشراوانی و ئیبوردوویی باڵی بەسەردا بکێشن ، نە دووبەرەکی و نە دەمارگیری و نە چەپۆک گیرکردن . ئەمڕۆ شاری قودسی شەریف مل کەچی داگیرکردنی بێزراوی زایۆنیستە ، داگیرکردنێکی پڕ لە قین و دەمارگیری و گیانی خراپەو دەستدرێژی ، هەر بەم جۆرەشە حاڵی هەموو خاکی فەلەستین ، ئەو خاکەی هەموو ئایینە ئاسمانییەکان بە پیرۆزی دەزانن ، خەبات بۆ ڕزگارکردنی فەلەستین و ڕزگارکردنی قودسی شەریف مەسەلەیەکی سنووردار ی تایبەتی نییە بەڵکو مەسەلەیەکی مەودا مرۆڤایەتییە .

وەکو لە هەموو کۆنگرەکانی پێشوودا دیومانە ، لەم کۆنگرەیەشتان ڕادەبینین کە ئەو هەڵوێستانە بگرێت و ئەو بڕیارانە بدات کە خەباتی گەلی عەرەبی فەلەستینی بە هێز دەکەن و توانای هێنانەدیی ئامانجە

ڕەواکانی پێدەدەن بەسەرکردایەتیی کۆمەڵەی ڕزگاری فەلەستین ، تاکە نوێنەری ڕەوای ئەو گەلە تێکۆشەرە .

لە ئێوە شاردراوەنییە – براینە – کە لەو کاتەدا کۆنگرەکەتان دەبەسترێت ، هەڕەشەی بێشەرمی زایۆنیزم گەیشتووەتە ڕادەیەک کە ان بێدەنگبوون و بەکەمزانینی لە توانادا نەماوە ، ئەوەتا سەرباری داگیرکردنی هەموو خاکی فەلەستین و خاکی هەرێمی عەرەبی تر لەلایەن دوژمنی سەهێونیی یەوە ، خەریکە دەسەلاتی خۆی لە لوبنانداتەشەنە پێدەکات و ئەو وولاتە عەرەبییە دادەپڵۆسێنێت ، ڕوو قایمی و بێ شەرمیشی گەیشتووەتە ڕادەیەک مەرجی وا بۆ ئاسایشی لوبنان دادەنێت ، لەو سنوورەش تێپەڕاندنی کە وا ئێستا داگیری کردووە .

ئێمە لەبەردەم ئێوەدا دەیڵێین ، کەوا نەتەوەی عەرەب ، بەتەواوی و بڕیاردان دژی داگیرکردنی زایۆنیزمەو بەتایبەتی دەچێت ، بەڵکە نەویستیشە کە هەڕەشەکانی زایۆنیزم و ڕێبازی دەستدرێژکەریی زایۆنیزم ڕەت دەکاتەوە ، هەروەها زۆر بەتوندی بێزاری خۆی دەردەبڕێ بارامبەر بەو پشتیوانییە ناڕەوایەی کە کیانی سەهێونی و سیاسەتە دەستدرێژکەی لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو هەندێ دەستەو دایرەی ئیمپریالزمی جیهانی وەری دەگرێ .

ئێمە دڵنیاین لەوە کە هەموو گەلانی ئیسلامی لەم هەڵوێستەدا هاوبەشیمان دەئەنو هیچ درێغی ناکەن لە بەرەنگاربوونی ئەو کیانە ئیستعمارییەی کە گەورەترین بەرهەمو بەدترین پلەی خراپەکاری دوژمنداری لە سەردەمی ئازەدا هەڵگرتووەو ، ناڕەزایی و ڕەخنە لە هەموو یەکێک دەگرن کە پشتیوانی ئەو کیانەو سیاسەتی دەستدرێژی و پەلهاویشتنی دەکەن .. بەتایبەتی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا . ئەم هەڵوێستە پشتگیریەتان – براینە – لە کۆمەڵی نێو دەوڵەتیدا دەنگدەدانەوەو ڕەنجاوە چاکەخوازەکانی ڕای گشتی جیهانی بەهێز دەکات بۆ تاوانبارکردنی دەستدرێژیی زایۆنیزمو بەرهەڵستکردنی باوەڕی پەلهاویشتنی زایۆنیزمی ڕەگەزپەرستانەی .

براینە ،

ئێجگار بەختیارین ، کە لە بەغدا میوانداریی ئێوەمان کرد ، ئەرکی میوانداریی برایانەش لەسەرشانمان وا پێویست دەکات هیچ بابەتێکی تایبەت باخۆمان لە کۆنگرەکەتاندا باس نەکەین ، نەوەکو کار لەڕەوتی ئیشەکانتان بکات و کار لەسەربەستی تەواوی دەمەتەقێ و لێکۆڵینەوەو دەرکردنی بڕیاری ڕاست و دروستی ئێوە بکات ، بۆیە ئێمە ، خۆمان باسی کێشەی نێوان ئێمەو ئێران ناکەین بەو شێوەیەی کە لە کۆنگرەی بەرزدا کردمان ، کە ئەویش وەکو ئەندام بەشداریمان دەکردو مافی خۆمان لەدەربڕینی تێڕوانینی خۆمان و ڕوونکردنەوەی بەلگەنامەکانماندا بەکاردەهێنا .

بەڵام کۆنگرەی بەرزی ئیسلامی ، ئەرکێکی پیرۆزی خستە ئەستۆی خۆیەوە ئەویش ، ڕووڵێنانی چەند برایەکی بەڕێز بوو بۆ ئەوەی کۆششی چاکەخوازیی خۆیان بۆ ڕاگرتنی کێشەی چەکدارانەی نێوان عیراق و ئێران و دەستکردن بە گفتوگۆ بە هیوای گەیشتنە چارەسازییەکی ئاشتیانەی کێشەکە پێشکەش بکەن .

ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە ڕێزلێنانێکی گەورە بۆ ڕەنجی دڵسۆزانەو بێووچانی ئەوبرایانە دەربڕین بەسەرۆک و ئەندامانی لیژنەی کۆششی چاکەخوازی کە تا ئەمڕۆش هێشتا لەو ڕەنج و هەوڵە بەفەڕانەدا هاربەردەوامن .

پێویست داوای ئەوەمان لێدەکات بەم بۆنەوە خەفەتباری قووڵو ئەوپەڕی داخگرانی خۆمان بۆ لەدەستچوونی خوالێخۆشبوو ضیاء الرحمن سەرەک کۆماری بەنگلادیش ڕابگەیەنین .

خوا لێی خۆش بێت) ئەندامێکی چالاکی لیژنەی هەوڵی خۆرخۆازی بوو ، بەوپەڕی دڵسۆزی و بەبێووچان لە پێناوی جێبەجێکردنی بڕیارەکان کۆنگرەی بەرزی ئیسلامیدا کاری کرد بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی نێوان عیراق و ئێران بە شێوەیەکی ئاشتیانەو بە گوێرەی بیروباوەڕەکانی ماف پەروەرێتی و دادپەروەری .. لە خوای تەورە دەپاڕێنیەوە بیخاتە بەر ڕەحمەتی فراوانی خۆی و خێرو ئاسایشیش بە گەلی موسوڵمانو دۆستی بەنگلادیش ببەخشێت .

هەروەکوو لەبەردەم برایان سەرۆکانی وولاتانی ئیسلامی لە طایفدا گوتم ، بۆ ئێوەشی دووپات دەکەمەوە کە ئەمڕۆ عیراق لە هەڵوێستی هێزو ئاشتی پەروەریی یەوە ، هێشتا لەسەر قسەو بەڵێنی خۆیەتی ئامادەیە بۆ گەیشتن بە چارەسازییەکی ئاشتیانەی ڕەواو ئابڕوومەندانە بۆ کێشەی نێوان خۆی و ئێران ، هەموو ئەوەش کە داوای دەکات و هەوڵی بۆ دەدات ئەومافە ڕەواو بەدادانەیە کە لەپەیمان و ڕێککەوتننامە دەوڵەتییەکان و ڕاستییە مێژوویی یە بەرچاوەکاندا چەسپاوون ، خۆئێمە چاومان لە خاکی هاوسێمان دانەبڕیوەو خراپەشمان بۆیان ناوێت و ، ئاواتی ئەوە دەخوازین کە هەڵو مەرجێکی وا بێتە بەر کە بتوانین لەگەڵ ئێراندا بە ئاشتی بژین و هەریەکێکمان ڕێز لەئەوی دی بگرێت و بۆ سەربەرزی و ئابڕووو بەرژەوەندە بنەڕەتییەکانی خرابەی نەبێت و دەست نەخاتە ناو کاروباری ناوخۆی ئەوی دی و لەگەڵ هاوسێیەکانی دیکەدا لە دابین کردنی پێویستییەکانی ئاسایش و دامەزراوی و پێشکەوتنی ناوچەکەدا بەشداری بکات ، چونکە ئەمە ئەرکی سەرشانی هەموو سەرکردایەتییە بەفەڕەکانی جیهانە ، هەروەکو ئەمەش بایەخێکی تایبەتی هەیە ، بە هۆی ئەوەوە کە ناوچەکە شوێنێکی ناسکی وای هەیە کار لە بەرژەوەندییەکانی هەموو گەلانی ئیسلامی بەڵکو هەموو گەلانی جیهان دەکات ، لەئەنجامی ئەوەدا کە لەوانەیە ئەو کێشەیە گەلێک مەترسی گەورەی لێبکەوێتەوە ، زیان بە ئاسایش و دامەزراویی ناوچەکە دەگەیەنێ و دەرگا لەبەردەم دەستتێخستن و تەماعی دەرەوەدا دەکەنەوە .

کاتی خۆی لە طایف باسی هۆیەکانیو بناغە مێژوویی یەکانی کێشەکەمان بۆ شی کردنەوە ، خوا شایەدە عیراق هیچ بەرپرسیاریی یەکی ئاکاری یان یاسایی لە سەرومپڕی ئەو کێشەیە لە ئەستۆدا نییە .. هەر دڵنیە خوێنێک بەهۆی ئەم کێشەیەوە بڕێژێت ، لەبەردەم خواو لەبەردەم گەلانی ئیسلامیو لەبەردەم هەموو جیهاندا ، کاربەدەستانی ئێران لێی بەرپرسیارن ، کەوا تائێستا هیچ هەوڵێکی ڕاستەقینەو دڵسوزانەیان نەداوە بۆ ڕاگرتنی ئەو کێشەیەو بۆ گەیشتن بە چارەسازییەکی ئاشتی بەدادو ئابڕوومەندانەی ئەمکێشەیە .

ئێمە دڵنیاین ، کەوا خوای بەرزو بەتوانا کە پشتگیری کردین ، هەتاسەر هەر پشتمان دەگرێت و تا هەق سەردەکەوێت یارمەتیمان دەدات .

ئێمە – براینە – هیوادارین کۆنگرەکەتان پشتیوانی کاری لیژنەی کۆششی چاکە خوازی بکات و موبارەک بایی لە هەوڵو کۆششی بەفەڕو چاکەکاری بکات .

لەدوایدا ، لەخوای بەرزو بەتوانا تکا کارین کە لە کارەکانتاندا سەرتانبخات و ڕابەرتان بێت لەڕێی خزمەتی گەلانی ئیسلامیو خزمەتی مەسەلە ڕەواکانی مرۆڤایەتیدا .

سەرکەوتن لەخواوەیە .

والسلام علیکم ورحمة الله وبرکاته .

سەروتار – پاشماوە

لادەدەنو واز لە مل هۆڕێتیی خۆیان ناهێنن .

وەزیرانی دەرەوەی وولاتانی ئیسلامی باشو زۆرتر لە هەرکاتێکی پێشووتر ڕاستیی هەڵوێستی عیراق دەزانن و پاش نۆ مانگ دەستپێکردنی جەنگی دەستدرێژیی ئێران دژ بە عیراق و تێنەی ڕاستەقینەی تاوەوەتیی مەودا کانی ئەم کێشەیەیان بۆ ڕوون بووەتەوە .. کە چۆن ئێران دەستدرێژی کردە سەر عیراق و عیراق ناچار بوو وەڵامی ئەو دەستدرێژییە بداتەوە .. سەرەڕای ئەوەیش هێشتاکە هەڕەشەو گوڕەشەدەکەنو هەرسێ دوورگەکانی عەرەبیان لە ژێر دەستدایە ..

تاقمی فەرمانڕەوای ئێران هێشتاکە سوورن لەسەر درێژەپێدانی جەنگو نایانەوێت سوود لە هەڵوێستەیەک لە دوای یەکەکانی عیراق وەرگرنو ئەم هەڵوێستەیان وایان لێدەکات نەتوانن لەبەر دەمی وولاتانی ئیسلامیدا سەر هەڵبڕن ئەویش بە کاری ناپاکو هەوڵە بۆگەنەکانیان بۆ کەرت کەرت کردنو وێران کردنی یەکێتیی موسوڵمانەکان .

سڵاو لەو بەڕێزانەی لەم کۆنگرەی بەغدا بەشداریان کردو ، ڕێزو سوپاس بۆ هەموو هەوڵێکی خێرو چاکە خوازی کە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی پێی هەڵسا لە پێناوی چارەسەریەکی دادپەروەری و ئامڕوومەندانەی کێشەکەو ، عیراق دووپاتی دەکاتەوە لەگەڵ ئەو بڕیارانەدا بێت کە کۆنگرە بڕیاری لە سەرداون و ، پاڵپشتی هەمرو ئەرکو ڕەنجێکی ئیسلامی دەگرێت لە پێناوی موسوڵمانانو یەکخستنی قسەو هەڵوێستیان و وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی گەلانی ئیسلام لە سەربەستیو سەربەخۆیی و پێشکەوتن دا .

ئەرکی مرۆڤایەتی – پاشماوە

هەر سیستەرێکیان ئەرکی یەکێ لە ئاوشەکان دەبینن کە لە مەشەدا زادەی شارەزایی ئەو سیستەرە ڕەچاودەگرێ و لە کاتێکیشدا ئەگەر ژمارەی سیستەرەکان مسوگەر نابێ ئەوا کار ناکاتە سەر ڕابەرانی ئیشو کارەکان چونکە هۆی ئەو هاوکاریەی لە نێوانماندا هەیە خۆشکێک لە سیستەرەکانی دی جێکای دەگرێتەوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو تەنکوچەڵەمانەی ڕووانە ڕوومان تێدەکەن بەشێکی گەورەیان لە ناو خۆماندا چارەسەری دەکەین کە ئەمانەش هەموو لە پێناوی پاراستنی تەندروستی ئەو منداڵانەیە کە لە خەستەخانەکەماندا کەوتوون .

فریا عبدالله حسین

نوسینگەی سلێمانی

بەشی پێنجەم – پاشماوە

بە عەرەبی و بلاویان بکاتەوە .

٥ – پێشنیار بکرێ هەر ساڵێک دوو کەس لە ئیشکەرانی دەزگاکە لە جامیعەی بەغدا – بەشی ڕۆژنامە نووسی وەرگیرین بۆ ئەوەی کادیری پسپۆڕ پەیدا بکرێت .

بەڕێوەبەری گشتی :

لە چاو پێشنیارەکەی دکتور بەدرخان دەربارەی چاپ کردنی کتێبی عەرەبی ، بەپێوی یاسایی دەزگاکەمان ماوەی ئەو نادات و کتێبەکانمان مەرجە بە زمانی کوردی بێت ، بەڵام ئەگەر ئەم جۆرە کتێبانە هەبوون لەوانەیە خۆی لێ دەکەین بە خاوەن و دەیدەین بە لیژنەی وەزارەت با ئەوان چاپی بکەن .

لە کۆتاییدا بەڕێوەبەری گشتی مامۆستا اسماعیل رسول باسی چالاکییەکانی تری دەزگاکەی کردو گوتی ، سەرباری ئەو چالاکییانەی باس کران ، هەوڵ دەدەین میهرەجانی ڕۆشنبیریو پێشانگای هونەریو دیداری ئەدەبی ڕێک بخەین . لەوانە دیداری شیعری کلاسیکی کوردی ، دیداری دووەمی چیرۆک ، بەشداری کردنی دەزگاو کۆمەڵە ڕۆشنبیریی یە کوردیی یەکان وەکو یەکێتی نووسەران و لاوان و جامیعەی سلیمانیو کۆمەڵە هۆنەری دەزگا ڕۆشنبیریی یەکانی تر لە چالاکیی ڕۆشنبیریو کۆڕ بەستندا ، هەروەها ئاهەنگی یادی نووسەرو ناودارانی کورد ، بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەی ئەدەبی لە ناوچەکانی کوردستاندا ، هەروەها بایەخ دان بە ڕۆشنبیریی منداڵو ئەدەبی منداڵان .

هەواڵی ڕۆشنبیری-پاشماوە

هیوایەکیشە بۆ ئەوەی جیهان لا لە ئەدەبی ڕۆژهەڵات بکاتەوەو گەنجینە نەمرەکانی هەڵبسەنگێنێ .

جبران خەلیل جبران ئەدیبێکی لبنانییە ، بە ئینگلیزیو بە عەرەبی کۆمەڵێک کتێبی شیعرو پەخشانی بڵاوکردوەتەوەو سەردەستەی نووسەرانی ڕۆژاوانشینە کە دەستێکی زۆریان لە تازەکردنەوەی ئەدەبی عەرەبی لە کۆتایی سەدەی نوزدەهەمو سەدەی بیستەمدا هەیە .

بەناوبانگترین کتێبەکانی : «باڵەمشکاوەکان – بووکەکان مێرگەکان – گیانانی یاخی – مۆسیقا – پێغەمبەر – فرمێسکو زەردەخەنە » .

ڕەنگ گۆڕی – پاشماوە

تێرو زەقە ...

٣ – جیاکردنەوەی ڕەنگی یەکێک لە ڕەنگێکی تر .. . هەروەها جیاکردنەوەی وڵاتێکی ترو جیاکردنەوەی ڕەنگی سێپاڵی تیپەو وەرزشکارەکانو دەزگا سوپایی یەکانو جۆری ڕەنگەکانی کاڤی هاتوچۆ ڕێکخەر .

سەیر ئەوەیە ئەم نەخۆشی یە پەیوەندی نیە بە کزیو بە هێزیی چاوەوە .. چاوی وا هەیە (شەشی لە سەر شەشە)و .

کەچی ئەم نەخۆشییەی هەیە ... لە چاوکردنی چاویلکەی پزیشکیش هەرگیز چاری ئەم نەخۆشی ڕەنگکوێریی یە ناکات ... چارەسەر نەکردنی ئەم نەخۆشییەش مرۆڤ لە کارەسات نزیک دەکاتەوەو لە هەڵبژاردنی شتدا بە هەڵەیدا دەبات .

– چارەسەرکردن –

نەخۆشی ڕەنگکوێری و ڕەنگنەناسین دیاردەیە کە لەگەڵ مرۆڤدا لە دایک دەبێ و نەخۆشییەکی زگماکەو لە زگی دایکدا تووشی مرۆڤ نەبێ ... هەتا ئێستاش زاناکان سەریان لەم دیاردەیە سوڕدەمێنێ و هەوڵی بەسەردا زاڵبوونی دەدەن .

بۆ خۆ پاراستنی لەم پەتایە باشتر وایە هەر کە هەستی یە کەمو کووڕییەکی بە جۆرێک کرد لە جیاکردنەوەو ناسینەوەی ڕەنگەکاندا سەردانی پزیشکی تایبەتی بکات ... هەروەها باشتر وایە ئەو کەسانە مەشقی تایبەتی لەسەر ناسینەوەو جیاکردنەوەی ڕەنگەکان بکەن بۆ ئەوەی وردە وردە چاوی لەگەڵ ناسینەوەی ڕەنگەکاندا ڕابێت .

لطیف هەڵمەت

Institut kurde de Paris

کۆڕێك بۆ مامۆستا علی مەردان لەسلێمانی

● هونەرمەندانی کورد بە گوێرەو توانای ماوەو هەلی خۆیان تاکو ئەمڕۆ هەر هەموویان ، هەر یەکەیان لە بابەتو پسپۆری خۆباندا خزمەتێکی باشی هونەری کوردیان کردووەو هەر هەمووان شایانی ڕێز لێگرتنو شانازی پێوەکردنن .

ڕێزگرتنی هەر یەکێکیش کە خزمەتی لایەنێکی ژیانی نەتەوەی کردبێ وا باشترە لە ژیانی خۆیدا بێو خۆی بێبزانی کە گەلەکەی رازیە بەخزمەتەکانیو شانازی پێوە ئەکاتو بەزانینی ئەمەش ئەو کەسە خۆی دل ئاسودەو بەختیار ئەبێ کە هەوڵو تەقەلایو خزمەتەکەی بە هودە نەچوەو جێگای خۆی گرتووە .

لەم تێڕوانینەوە لیژنەی ڕۆشنبیری بەرێوە بەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر لە سلێمانی کۆڕێکی فراوانیان سازکرد بۆ لێکۆڵینەوەو باسکردنو ڕێز لێنانی مامۆستا علی مەردانی هونەرمەند کە ماوەی ٦٠ ساڵی ڕەبەق خزمەتی هونەری کوردی کردووە ، ئەوەی شایانی باسە مامۆستا علی مەردان خۆی لەکۆڕەکەدا ئامادەبوو، بەڵام لەبەر ناساغیو ناتەواوی تەندروستی کاك محمود زامدار باستێکی فراوانی لەسەر ستەرەتاو دەست پێکردنی ژیانی هونەری مامۆستا علی مەردانو هەندێ لایەنی تری ژیانی مامۆستا پێشکەش کرد .

● سەرەتا مامۆستاولیەم یۆحەننا بە ئۆکوردیۆن پارچە مۆسیقایەکی یەکێ لە گۆرانیەکانی مامۆستا علی مەردان پێشکەش کردو ئینجا کاك محمود زامدار دەستی کرد بە باسەکەیوو ئەوەی بۆ ئامادەبووان ڕوون کردەوە کە مامۆستا علی مەردان شاعیرەو هەندێ لایەنو بەسەرهاتی ژیانی خۆی بە شیعر نووسیووەو ئاوازی بۆ گەلێ لە گۆرانیەکانی ووتووەو لە نێوان قسەکانیدا هەندێ گۆرانی مامۆستا مەردانی بە گۆێی خەلکە کە ئاشنا ئەکردو بۆ نموونە گۆرانیەکی لا ئاشکرا کردن کە لە ساڵی ١٩١٩دا بە تورکی وتویەتی ، هەروەها گۆرانیەکی تر کە لە ساڵی ١٩٢٤دا وتویەتی ، هەروەها ئەوەی ڕوونکردەوە کە هونەرمەند سەفەر بەلکی لە بیرەو سەرەتاو خوێندنی لە حوجرەدا دەستی پێکردووەو بووە بە قورئان خوێن و دەنگی خۆشی بۆ قورئان خوێندنو یەکەمجار فێری قەتارو اللەوەیسی بووەو ئینجا ئای ئایو هۆرەو شتی تریشو جوتیاریو گاوانیو شوانی کردووە .

هەروەها وتی مامۆستا مەردان ٤٠ شەو لەگەڵ سید علی ئەسکەری کوردستانیدا پێکەوە ژیاوون .

وە وتی یەکەم گۆرانی لە ٢٩/ك١/ ١٩٢٩دا مەقامی ئای ئای بووە بۆ یەکەمجار تۆماری کردووەو تاکو وازهێنانی لە گۆرانی لە ساڵی ١٩٧٢دا زیاتر لە ٦٠٠ بەستەو مەقامی تۆمار کردووە .

● دەربارەی حەزو ئارەزوەکانی تری هونەرمەند کاك محمود وتی :

مامۆستا حەز لە شانۆش ئەکاو گەلێ کاری هونەری هەیە لە ئیستگەی کوردی بەغدا نمسایشی نامەی زۆری تۆمار کردووە .

وە لە ساڵی ١٩٤٨دا لە فەلەستین یەکەم کورد بووە کە لە ئیستگەی لوبنانەوە گۆرانی کوردی بۆ سەربازە کوردە هاوبەشەکانی جەنگ ووتوە .

وە لە ئیستگەی کرماشان لە ساڵی ١٩٦٥دا گۆرانی تومار کردووە دووا جاریشی لە ساڵی ١٩٧٢دا لە بەغداد لە ئاهەنگێکدا گۆرانی ووتووە .

ئەوەی ڕوون کردەوە کە مامۆستا لە ساڵی ١٩٣٢دا وەك هونەرمەندێکی کورد هاوبەشی گۆنگرەی موسیقای کردووە لە قاهیرەو لەوێ گۆرانی ووتووە .

هەروەها مامۆستا حەزی لە گەشت کردووەو هەردوو کوردستانی تورکیاو ئێران گەڕاوەو شارەزایی لە هەموو شێوە زمانەکانی کوردیا پەیدا کردووەو هەستێکی نەتەوایەتیو نیشتمان پەروەری هەیە .

هونەرمەند لە ساڵی ١٩٧٧داو بە بۆنەی ڕۆژی موسیقای جیهانیەوە وەزارەتی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن دەستی ڕێزی لێناوەو خەلاتی کردووەو مەدالیای ئالتوونی داوەتی .

کاك محمود ئەم شتانەی وەکو خۆی وتی لە سەرزمانی هونەرمەندەوە باس کرد ، بەڵام وەك ڕای خۆی زیاتر سەعاتێك لە نێوان کاك محمود زامدارو ئامادە بوانەوە دەربارەی هەندێ مەسەلەی ژیانی هونەرمەند سازدرا .

● ئەوەی شایانی باسە لەم کۆڕەدا بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەرو نەقابەی هونەرمەندانو تیپی مۆسیقای سلێمانی دەستی ڕێزیان لە هونەرمەند ناو خەلاتیان کردو دانیشتوانی دەستی ڕێزی لە مامۆستا ناو وتی ئەبووایە گەلێ نامیلکەو کتێب دەربارەی مامۆستا بنوسرایەو پەیکەری بۆ بتاشرایەو شەقامو گەڕەکیشی بە ناوەوە ناو بنرایە .

● دوای ئەوە کاك کمال ڕەئووف محمد بەو ناوەوەی کاتی خۆی لە ڕادیۆی بەغداد کاری کردووەو نزیك بووە لە مامۆستاوە هەندێ یادگاری خۆیو ئەوی گێرایەوەو .

● ئینجا هونەرمەند حسین علی قەتارو اللەوەیسی مامۆستای هونەرمەندی پێشکەش کردو مامۆستا ئەنوەر قەرەداغیو چەند هونەرمەندێکی تریش بە مۆسیقا هەندێ لە گۆرانیە ڕەسەنەکانی هونەرمەندیان بە دڵو گۆی ئامادەبووان شادکردو ئینجا یەکێك لە ئامادەبووان داوای کرد کە بێتو گۆرانیەکی هونەرمەند بڵێ ، ئەویش ڕێگادراو هاتو گۆرانیەکەی مامۆستایوتو ئینجا ئامادەبووان داوایان لە مامۆستا علی مەردان کرد کە هەر چۆن بێ تەنها دوو قسەیان بۆ بکا ئەمان هەر پێیان خۆشە ، مامۆستا بە قورگی پڕ لە گریانی خۆشیەوە هەستاو وتی .

× برایان زۆر سوپاستان ئەکەم ، ئەبێ لێم ببورن : بەڵام انشاءاللە یەزدان یاریدەم بداتو عومرم بدات ئەم حەفەتان بۆ ئەکەمەوە ئەگەر بۆ ماوەی هەفتەیەکیش بێتو من هەتا ئەمرم خۆلامی میللەتەکەی خۆمم .

● ئینجا گفتوگۆیەکی فراوان بۆ ماوەی نیو سەعات لە نێوان کاك محمود زامدارو ئامادە بوانەوە دەربارەی هەندێ مەسەلەی ژیانی هونەرمەند سازدرا .

● ئەوەی شایانی باسە لەم کۆڕەدا بەرێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەرو نەقابەی هونەرمەندانو تیپی مۆسیقای سلێمانی دەستی ڕێزیان لە هونەرمەند ناو خەلاتیان کردو دانیشتوانی هۆلەکەش هەر بە هەستی پاکەکەی خۆیانو بە پەرۆشیان بۆ دیداری مامۆستاو چەپڵە ڕێزانە گەرمەکەیان بە دەرکەوتنی مامۆستا خەلاتو دەستی ڕێزی خۆیانیان بە ناوی هەموو خەلکی سلێمانیو کوردستانەوە پێشکەشی مامۆستا کرد .

پ. هاوکاری لە سلێمانی

لە دەرەوەی سنوور

فرانسوا ساگان .... دوا ڕۆمانی دزیوە ... !

یەکێك لە دادگاکانی پاریس بە تۆمەتی (وەرگرتن بە ڕێگای نارەوا) حوکمێکی گرانی داوە بەسەر ژنە ڕۆمان نووسی فەرەنسی فرانسوا ساگاندا . دوای ئەوەی نووسەریکی تر کە (ژان هو گرۆفە) شکاتی لێ کردووەو ساگانی بەوە گوناهبار کردوە ڕۆمانی (سەگە نووستووەکە)ی لە ڕۆمانێکی ئەم وەرگرتوە کە بە ناوی (پیرەژن)ەوە بڵاو بوەوە . بریارەکەی دادگا دەڵێ : دەبێت ساگان (١٥٠) فەرەنگی فەرەنسی بداتو ڕۆمانەکەشی لە فرۆشتن قەدەخە کراوە .

ئەنگریدی پیرەژن

ناسراو ئەنگرید بریگمان لەم دواییەدا خۆی بە دەراکەوتوە ، کە .. پیر بوە ! دەڵێ ئیستا لە بارێکی پەریشانو پەشیمانیدا دەژیم ، بریگمان وتویە : داخم لێدێت هەڵکەوتایە ، ژمارەکەم زیاد دەکرد . ئیستا بریگمان تەمەنی ٦٥ ساڵەو وتویە باشترین مێردی دوا مێردی بوە کە « لاری شمیت »ی بەر هەم هێنەری سینەما بوو دوو ساڵ لەمەوبەر لێی جیا بۆتەوە .

لێیان پرسی یەوە : ئەی ئیستا بۆ شووی ژمارە چوار ناکەیت ؟ وتویە . . پیریو تەمەن زۆری ڕێگایان لێ گرتووم .

شۆڕشی کشتوکاڵی

شۆڕشی کشتوکاڵی هەنگاویکی بەسوودە بەرەو ڕۆژنامەی کوردی تایبەتو ئیختساسی .

ژمارە (١١)ی پاشکوی کوردی گۆڤاری شۆڕشی کشتوکاڵی کە گۆڤاریکی تایبەت بە کشتوکاڵەو هەر سێ مانگ جارێك لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵو چارەسەرکردنی کشتوکاڵەوە دەردەچێت ، ئەم دواییەدا کە وتە بازاڕەوە . لەم ژمارەیەدا گەلێ باسو لێکۆڵینەوەی گرنگ دەربارەی باری کشتوکاڵی عیراق ناوچەی ئۆتۆنومی کوردستان بەتایبەتی کە لەلایەن پسپۆرانی تایبەتیەوە لەم مەودایەدا نووسراون بڵاوکراوەتەوە . پاشکۆی شۆڕشی کشتوکاڵی بەم دەستە شاعیرە بەخشیو ئێمەش چاومان بە دوو کچە شاعیری کورەکە کەوتو لە پێشەوە گۆڤەند خان ووتی :

بەلای منەوە هیچ شتێك لەوە پیرۆزتر نیە کە کچی کورد لەسەر شانۆ شیعر بخوێنێتەوەو ناخی خۆی بەرامبەر بە جوانی سروشتو خۆشەویست دەربڕیو لێی گەڕێن بە قەد خەونە پیرۆزەکانی خۆی بێتە پێشەوەو وەکو مرۆڤ خزمەتی ژیان بکات بەڵام نازەنین خان دەڵێ :

ئافرەتیش وەکو پیاو دەیەوێ بەشداری لە خزمەتی لایەنەکانی کۆمەڵایەتیو گۆڕانکاریەکاندا بکات .

شێرزاد عبدالرحمن
نووسینگەی هەولێر

کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی ئافرەتان

سەر لە ئێوارەیەك کۆمەڵە ئافرەتێکی خوێن گەرم کۆبوونەوەو دەستیان کرد بە شیعر خوێندنەوەو گۆرانی گەورەیان بۆ ژیانو مرۆڤو خاك ووت.. ئەمەش لە کۆڕێکی ئەدەبیدا کە یەکێتی ئافرەتانی هەولێر بۆ شاعیرە لاوەکان بە سەرپەرشتی بەڕێز یحیی محمد رشید پارێز گاری هەولێر ڕێکی خستووو تیایدا هەشت کچە شاعیر شیعری خۆیان خوێندەوە ..

لە سەرەتادا خاتو خەولە بکر ووتەیەکی بە ناوی لیژنەی ڕۆشنبیری پێکێتی خوێندەوەو دەوری ئەم کچە بەهرەدارانەی ڕوون کردوە لە بنیاتنانی ژیانی نوێو هەموو ئەوەو گۆڕانکاریەیە فراوانانەی دێتەکایەوە ، کە تیایدا ئافرەت دەتوانێ بێتە پێشەوەو خزمەتی لایەنەکانی ژیان بکات ..

هەروەها خەولە خان ، بەشداربوونی ئافرەتی ڕوون کردەوە کە لەم سەردەمەدا لە تەك پیاو وەستاوە بۆ بەرگری کردن لە خاكو بەرپەچدانەوەی هەڵوێستە نارەسەنەکانی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران ..

ئەنیا ، خاتو امل کریم هاتە سەر شانۆو یەکە یەکە ئەم کچە شاعیرانەی بەم هۆنراوانە پێش کەش کرد :

١ - دەنگی نەبەزانی جوانە ، چەند هاوڕێیەکی چاکە ...

لەم کاتەدا ورچێکی بچکۆلانە لە نزیك دارسێوێکەوە وەستابوو ، هەوڵی ئەدا بچێتە سەر دارەکەو سێو داگرێت .. . بەڵام نەیتوانی ... ئیتر دارسێوەکەی ڕاوەشاندو سێوی خستە خوارەوەو بە پەلە پەلاماری یەکەم سێوی داو بردی بۆ دەمی ، لەم کاتەدا پەلە هەورێکی گەورە هاتو بەری ڕۆژی گرتو ، تیمساحەکە سەری هەڵبڕیو ڕۆژی نەبینی ، سەیری لای دارسێوەکەی کردو ورچە بچکۆلانەکەی بینی پەلاماری سێوەکانی ئەدا ، تیمساحەکە کە ڕای کرد بۆ لای ورچەکە ورچەکە ئیتر لە ترسا وەستا.

تیمساحەکە بە ورەچەکەی وت : -

- ئەوە چەند جار پێم وتی ئازاری ئەو دارسێوە مەدە ؟.

ورچەکە لە ترسانا وەڵامی بۆ نەدرایەوەو شەقەی دانی ئەهات .

تیمساحەکە هەمدیسان وتی :-

- نازانی چیت کرد ؟ لەبەر ئیشە بێعەقڵیەکەت ڕۆژ تورەبوو ئەوەتا زوویربوو جارێکیتر ئاوابوو !!

لێرەدا ورچەکە سەری بەرزکردەوەو سەیری کرد بەراستی ڕۆژئاوا بووە،بەڵام ئایا بەراستی خەتای ئەوبوو ؟.

باران دەستی پێکردو تیمساحەکە ڕای کردەوە ناو ئاوەکەو ورچەکە لە بن دارسێوەکەدا مایەوەو بەبێ دەنگ سێوی ئەخوارد .

دوای چەند دەقیقەیەك بارانەکە خۆشی کردو ڕۆژ هەڵهات ، بەڵام تەنها هەڵ نەهات،بەڵکو پەڵکەزێرینەش لەگەڵ خۆی هێنا ورچەکە سەری هەڵبڕیو بەرۆژی وت :-

- بەراستی تۆ تۆرە بوویت ؟

ڕۆژ زەردەخەنە گرتیو وتی !

نەخێر بەڵکو زۆر شادمانم بە بینینت ، بەڵام ئەی تیمساحی هاوریمان بۆ کوێ چو ؟

ورچەکە تۆزێ بێدەنگ بوو ، دوای ئەوە بەناو گژو گیاکەدا ڕۆشتو لەبەر خۆیەوە وتی :-

کەواتە تیمساحەکە تورەبووە، بۆیە وا ڕۆشتو نەهاتەوە!! بەڵام لەمەو دووا پێش ئەوەی هیچ شتێك بکەم ، ئەبێ باش بیری لێبکەمەوە نەوەکا خەڵکانی ترم لێ زویرو تورە ببنو دیارە هەر چاکە چاکە !! .

وێنەیەکی ئەمڕۆ

چەند منداڵێکی ئەم چەرخە ، وڵاتی سەربڵندو نەترسی کوردو عەرەبدا ، پیاوانی دلێری پاشەڕۆژی ئەم نیشتمانە ئازیزە ،لەسەر باڵی فڕۆکەیەکی پێکراوی ئێرانی دانیشتوونو ، مرومشتیانە لەسەر ئەوەی کامیان پارچەیەکی گەورەتری لە (چۆلەکە !) ئاسنینەکەی ئاخونده فاشیستەکەی (قوم)ی دەسدەکەوێ .. باڵەکەیان هەڵکۆڵیوەو ... هەڵیدەبچڕن ..

ئەم وڵاتە قەلایەکی سەختە ... زۆر دەبەنگە ئەوەی بیر لەئازاردانی دەکاتەوە ...

بارام

جیهانی منداڵان

● چیرۆك بۆ منداڵان ●

هەرچاکە چاکە

ئامادەکردنی حمە سعید حمە کریم

ڕۆژێکیان تیمساحێك لە قەراغ دەریایەکدا یاری نەکرد ، بە تەنها خۆی گۆرانی ئەووتو بازبازێنی ئەکردو سەری ئەدا بە درەختی قەراغ دەریاکەدا . تا درەختەکە هاواری کردو پێی وت :

- ئەرێ ئەوە چیت لێقەوماوە ئەی تیمساح، خۆ تۆ پێش تۆزێ عاقڵ بووبت ، تیمساحەکە وەڵامی دایەوە وتی :-

- درەختی هاورێم ... ڕۆژ وای لێکردوم .. . هۆشی لێبڕیوم ... چونکە هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕۆژم ئاوا بەم ڕووناکیەو بەم گەرمایە نەدیووە !!

درەختەکە پێکەنیو بە تیمساحەکەی وت .

- بەراستی حەقتە وای بۆ بکەی ، دەمێکە بارانەو ڕۆژمان نەدیووە .

تیمساحەکە دەستی کردەوە بە گۆرانی وتنو یاری کردنو ئەیووت ڕۆژە باران ڕایان کردوو نەمان .

دارستانەکە پڕبووە لە درەخت .

ڕۆژیش ، ڕۆژی هاورێمان .

چەپکە گوڵ کۆئەکاتەوە .

ڕۆژ بەئاسمانەوە گوێی لە گۆرانی تیمساحەکە بوو، دەستی کرد بە پێکەنینو لەبەر خۆیەوە وتی :-

- چەند تیمساحێکی جوانە ، چەند هاوڕێیەکی چاکە ...

لەم کاتەدا ورچێکی بچکۆلانە لە نزیك دارسێوێکەوە وەستابوو ، هەوڵی ئەدا بچێتە سەر دارەکەو سێو داگرێت .. . بەڵام نەیتوانی ... ئیتر دارسێوەکەی ڕاوەشاندو سێوی خستە خوارەوەو بە پەلە پەلاماری یەکەم سێوی داو بردی بۆ دەمی ، لەم کاتەدا پەلە هەورێکی گەورە هاتو بەری ڕۆژی گرتو ، تیمساحەکە سەری هەڵبڕیو ڕۆژی نەبینی ، سەیری لای دارسێوەکەی کردو ورچە بچکۆلانەکەی بینی پەلاماری سێوەکانی ئەدا ، تیمساحەکە کە ڕای کرد بۆ لای ورچەکە ورچەکە ئیتر لە ترسا وەستا.

تیمساحەکە بە ورەچەکەی وت : -

- ئەوە چەند جار پێم وتی ئازاری ئەو دارسێوە مەدە ؟.

ورچەکە لە ترسانا وەڵامی بۆ نەدرایەوەو شەقەی دانی ئەهات .

تیمساحەکە هەمدیسان وتی :-

- نازانی چیت کرد ؟ لەبەر ئیشە بێعەقڵیەکەت ڕۆژ تورەبوو ئەوەتا زوویربوو جارێکیتر ئاوابوو !!

لێرەدا ورچەکە سەری بەرزکردەوەو سەیری کرد بەراستی ڕۆژئاوا بووە،بەڵام ئایا بەراستی خەتای ئەوبوو ؟.

باران دەستی پێکردو تیمساحەکە ڕای کردەوە ناو ئاوەکەو ورچەکە لە بن دارسێوەکەدا مایەوەو بەبێ دەنگ سێوی ئەخوارد .

دوای چەند دەقیقەیەك بارانەکە خۆشی کردو ڕۆژ هەڵهات ، بەڵام تەنها هەڵ نەهات،بەڵکو پەڵکەزێرینەش لەگەڵ خۆی هێنا ورچەکە سەری هەڵبڕیو بەرۆژی وت :-

- بەراستی تۆ تۆرە بوویت ؟

ڕۆژ زەردەخەنە گرتیو وتی !

نەخێر بەڵکو زۆر شادمانم بە بینینت ، بەڵام ئەی تیمساحی هاوریمان بۆ کوێ چو ؟

ورچەکە تۆزێ بێدەنگ بوو ، دوای ئەوە بەناو گژو گیاکەدا ڕۆشتو لەبەر خۆیەوە وتی :-

کەواتە تیمساحەکە تورەبووە، بۆیە وا ڕۆشتو نەهاتەوە!! بەڵام لەمەو دووا پێش ئەوەی هیچ شتێك بکەم ، ئەبێ باش بیری لێبکەمەوە نەوەکا خەڵکانی ترم لێ زویرو تورە ببنو دیارە هەر چاکە چاکە !! .

علی عبدالحسین

بەیاننامەیەکی گرنگی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

هاوکاری
التضامن

ڕۆژنامەیەکی لەفتانەیە
٨ لاپەڕە بە
٢٥ فلسە

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلفاء
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

الخميس ١١ حزيران ١٩٨١ العدد (٥٩١)

پێنج شەممە ١١ی حوزەیرانی ١٩٨١ ژمارە (٥٩١)

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
اسماعیل رسول

بڕیاری میژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاکەکەمان و بە توانا و لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەوستێ بەربەستی نەم بڕیارە میژوویە ڕەوایەبکات .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

ڕای گشتی عەرەب و جیهانی ئازادیخواز بۆ عیراقی شۆڕش دووپات دەکاتەوە

ئێمە لەگەڵتانین

لەسەر ڕێگای سەربەستی و سەربەخۆیی و پێشکەوتن ناگەڕێینەوە

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش پەردەی لە ڕووی چەند ڕاستیەکی نوێ لادا کە دەستتێکەڵی زایونیەکان و پشتگرتنیان بۆ فارسی دوژمن و ڕەگەزپەرست لەشەڕی دوژمنانەیدا دژی وڵاتە تێکوشەرەکەمان دووپات دەکاتەوە ، چونکە عیراقی سەربەست و پێشکەوتوو بەتوانا ، ئەمڕۆ سبەینێ دەوری گەورەو دیاری دەبێت لە دیاری کردنی ئەنجامەکانی زۆران‌بازی عەرەبی زایونی .

ئەمەش دەقی بەیاننامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە :

بەناوی خوای بەخشندەوە

ئەی گەلی عیراقی مەزن ..

ئەی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەبی سەربەرز .

هەر لە سەرەتاوە لە لای ئێمەوە زانرابوو کە زۆر لایەنی ناوخۆیی و دەولی لە سەرەتادا ئیستاش لەپشت هەڵپەی ڕژێمی گومان لێکراوو دواکەوتوی ئێرانەوە بوون بۆ خستنەکایەی ناکۆکی لەگەڵ عیراق و دەستدرێژی کردنەسەری و هەڵگیرساندنی شەڕ دژی و دیسان لەپشت بەردەوامی ئەم شەڕەوە بوون بە درێژایی چەندان مانگ بە پێشکەش کردنی یارمەتی و پشتگیری سیاسی و عەسکەری کە تا ئیستاش بەردەوامە بە یارمەتی دانی گەیاندنی مەعلومات و ڕاویژکاری تەکنیکی و ئیستخباراتی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆوە تا مەبەستی شەڕانی دژی عیراق بەدەیێنێ ، لەپێشەوەی ئەو لایەنانەکیانی زایونی بوو کە بە تەواوی دەزانێت عیراقێکی ئازادو پێشکەوتوو بەتواز ئەمڕۆ سبەینێ دەوری گەورەو دیاری دەبێت لە دیاری کردنی ئەنجامەکانی زۆران‌بازی عەرەب دژی ئەو .

کیانی زایونی دەزانێت کە گرنگترین دوا هیوای بڕیاردانی پاشەڕۆژی ئەو زۆران‌بازی‌یەی نەتەوەی عەرەب دژی ئەو دەیکات ، مانەوەی کەلێنی تەکنیکی و زانستی‌یە لە نێوان ئەوو نێوان نەتەوەی عەرەبدا ، لەبەر ئەوە ، ئەو ، بەهەموو ڕێگایەک هەوڵی ئەوە دەدات ئەو کەلێنە لەو سنوورەدا بمێنێتەوە تا نەتەوەی عەرەب نەتوانێت بگاتە ڕادەیەکی وای بە توانایی کە زۆرانبازی‌یەکەی دژی ئەو بەسەر بەرێ تا سەرکەوتنی بەسەریدا .

لەم ئامانجە ستراتیژیەوە زایونی دوژمن لە زیاتر لە بۆنەیەکداو ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ شان بەشانی ئێران لە شەڕەکەیدا دژی عیراق بەشداری کردوە ، لەمانە ناردنی کەرەستەو پێویستی عەسکەری بۆ ئێران و دیسان فڕۆکەکانی زایونی دوژمن هەر لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕەوە بەلامارەکانیان بردۆتە سەر عیراق و زوروفی شەڕیان لەگەڵ ئێران و دەستتێکەڵاویان لەگەڵ ڕژێمە گومان‌لێکراوەکەیدا بەهەل بەکار هێناوەو پەلامارەکانیان بەشێوەیەکی تایبەت بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمیەکانی عیراق بووە .

یەکەم هەول کە پێمان‌زانی و پەردەمان لە ڕووی لادا ئەوەبوو کە لە ڕۆژی ٢٧ی ئەیلولی ١٩٨٠دا ڕووی‌دا لەکاتی خۆیدا بەیاننامەیەکمان بڵاوکردەوە تیایدا باسی ڕوودانی دوو هێرشی ئاسمانی بۆ سەر شاری بەغدا کردبوو ، بەڵام بەناوو لەبەر هوی عەسکەری و سیاسی و مەعنەوی ناوی زایونی دوژمنمان نەبردو چونکە ئێمە دەمان زانی لە تاقی‌کردنەوەوە ، ڕاگەیاندنی هەندێ ڕژێمی عەرەب دەربارەی بەشداربوونی لایەنەکانی‌تر لەو ناکۆکیانەی لە نێوان ئەوو لایەنەکانی تردا ڕوویان‌دەدا زۆر بەڵگەی بێهێز بووە یان بیانوو بووە بۆ ئەو بێهێزی‌یە ، لەبەر ئەوە ئێمە کاتی خۆی دەستمان بۆ ڕاستیەکە کێشا بەڵام بەشێوەیەکی ڕەسمی هەموو شتمان ڕوون نەکردەوە .

هاوولاتی‌یەکان

ئێمە ئەمڕۆ ڕای‌دەگەیەنین ، کە فڕۆکەکانی زایونی دوژمن دوێنێ هێرشی ئاسمانیان هێنایە سەر شاری بەغداو لە سەعات ١٨٣٧داو مەبەستیان دامەزراوە ئەتۆمیەکانی بەغدا بووە .

هەر وەک لە ٢٧ی ئەیلولی ١٩٨٠ وامان کرد ، بە چاکمان زانی بەلە نەکەین لە ڕاگەیاندنی ڕوودانی ئەم پەلامارە ، لە کاتێکدا ئەم بەیاننامەیەمان ئامادە دەکرد و دوای دەستخستنی هەموو بەڵگەیەک ، زایونی دوژمن خۆی ئەم نیوەڕۆیە

بڕوانە ل : ٢

سەرۆکی بەڕێز صدام حسین نامەیەکی دەستنووسی لەمیر فهدەوە بێ دەگات دەربارەی دەستدرێژی درندانەی دوژمن بۆسەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانمان

سەرۆکی بەڕێز موهیب‌روکن صدام حسین فەرماندەی گشتی‌ی هێزە چەکدارەکان پێرێ ئێوارەچاوی بە دکتۆر عبدالعزیز الخویطر وەزیری پەروەردەی وولاتی عەرەبستانی سعودی کەوت .

لەم چاوپێکەوتنەدا سەرۆکی بەڕێز نامەیەکی دەستنووسی لە خاوەند شکۆ میر فهد کوڕی عبدالعزیز ، جێگری خاوەند شکۆ مەلیك خالد کوڕی عبدالعزیز ، وەلی‌ی عەهدەوە پێ‌گەیشت پەیوەندی‌ی بە دەستدرێژی‌یە درندانەکەی زایۆنیزمەوە هەیە کە کردیە سەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانی عیراق .

میر فەهد لەو نامەیەیدا ئەوەی تازە کردەوە کە وولاتی عەرەبستانی سعودی لایەنی عیراق دەگرێت و ناڕەزایی دەربارەی دەستدرێژی‌یەکەی زایۆنی دەربڕی کە سیاسەتی دوژمنکارانەی زایۆنیزم دژ بە نەتەوەی عەرەب و پێشکەوتنی بێشمان دەدات .

لەم چاوپێکەوتنەدا بەڕێز طارق حمد العبداللە ئەمینداری نهێنی‌ی گشتی‌ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و شۆڕش سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی‌ی کۆمار بە وەکالەت و بالێوزی سعودی لەبەغدا ئامادە بوون .

ئەمەو دکتۆر عبدالعزیز الخویطر وەزیری پەروەردەو فێرکردنی عەرەبستانی سعودی پێرێشەو بەغدای بەجێ هێشت پاش سەردانێکی کورت لە وولات .

لەبەرروناکی بەیاننامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا

بەردەوام بەرەو پێشەوە

بەکێك لەو هۆیانەی ، بەردەوام ، قینی هێزە ئیمپریالیەکانی بەرامبەر عیراقی شۆڕش زیادکردوە ، هەڵوێستی سەربەخۆییانەی عیراقە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیا چی لە پلەی ناوخۆدا یان عەرەبی و نێو دەوڵەتانەدا ، ئەم هەڵوێستە سەربەخۆیەو متمانەکردنە سەرتوانای زیاوەی گەلی عیراق لە سایەی شۆڕشەکەیدا ، ڕۆژی لە ڕۆژان جێی ڕەزامەندی ئەو هێزانە نیە کەوا چاو لە دەبڕنە وڵاتانی‌تر کە « پاشکۆ »یان بن و لە ژێر فەرمانی ئەوانابن . هەر بۆیەشە ئەو هێزانە بەردەوام لە پیلانگێڕانابوون دژی ئەم هەڵوێستەی عیراق . بەڵام هەمیشە عیراق و شۆڕشەکەی سەرکەوتوون ، ئەوە دەمانگە لە شەڕی شەرفمەندانەداین و بەردەوام سەردەکەوین ، دوژمنانی سەربەخۆیی عیراق وایان دەزانی بە نانەوەی ئەم شەڕە عیراق لەهەڵوێستی سەربەخۆیی خۆی پاشە کشەدەکا ، بەڵام بەپێچەوانەوە ، زیاتر خۆڕاگرتوو مەردانە هاتەدەست ، وازانرا عیراق بێهێزدەبێت و لەمەسەلەی سەوداو مامەڵەی فەلەستین بێدەنگ دەبێت ، کەچی زیاتر ئەم

بڕوانە ل : ٢

وڵاتانی عەرەب و ئازادیخوازانی دنیا پشتگیری عیراقی شۆڕش دەکەن

وولاتانی عەرەب و وولاتانی بێگانە ناڕەزایی توندیان بەرامبەر دەستدرێژیە ناڕەواکەی زایۆنیەکان بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمیەکانی عێراق کە ڕۆژی یەکشەمەی ڕابووردو ڕووی‌دا دەربڕی .

بانگکردنی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان بۆ کۆبوونەوە

عیراق داوای کردوە کە کۆبوونەوەیەکی دەستوبردی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان ببەسترێ بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو دەستدرێژیە ناڕەوایەی زایۆنی دوشمن کردیە سەر دامەزراوە ئەتۆمیەکانی عیراق وە دکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوە بروسکەیەکی بۆ ئەم مەبەستە ئاراستەی سەرۆکی ئەنجومەن و ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کردوە .

مەلیك و سەرۆك و ئەمیرانی وولاتە عەرەبەکان بە تەلەفۆن پەیوەندیان بە سەرۆکی فەرمانده صدام حسینەوە کردوەو هەرەشەیان لە دەستدرێژی زایۆنیەکان بۆ سەر دەزگا ئەتۆمیەکانی عێراق ڕانوەی وەستانی خۆیان بە هەموو هێزیکەوە شان بە شانی عێراق دژی دەستدرێژی زایونیەکان کە بە دەستتێکەلی‌یە لەگەڵ فارسی دوژمن دووپات کردۆتەوە .

بڕوانە ل ٢

خومەینی تاوانێکی تر بەرانبەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکات

خومەینی دڕۆزن تاوانێکی تازەی بەرانبەر ئایینی پیرۆزی ئیسلامو بەهاپاکەکانی کردوە .. ئەوەبوو لەم دواییەدا چەند دانەیەك لە قورئانی پیرۆز لە چاپدراوەو وێنەی دڕۆزنی ئوم لەسەر لاپەڕەی یەکەمی دانراوە .

لەچاپدانی قورئانی پیرۆز کە هێزەکانمان چەند دانەیەکیان لە سەرپێلی زەهاوەوە دۆزیوە تەوەو لەوەختێکی واهاتوە کە هێشتا ناڕەزایی دەربڕین هەمرو وولاتانی ئیسلامی گرتۆتەوە دژی قسەو کردەوە پووچەڵەکانی خومەینی‌و داروەدەستەکەی

بڕوانە ل : ٢

حکومەتی فەرەنسا ناڕەزایی دەردەبڕێت

حکوومەتی فەرەنسا پێری باڵیۆزی قەوارەی زایۆنی‌ی لەفەرەنسا بانگ کردو یادداشتنامەیەکی ناڕەزایی ڕەسمی‌ی پێدا دەربارەی ئەو هێرشە ئاسمانی‌یەی فڕۆکەکانی زایۆنی‌ی دوژمن ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردوو کردیانە سەر دەزگا ئەتۆمی‌یەکانی عیراق .

ئەوەبوو ـ کلۆد شیسۆن ـ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا ناڕەزایی‌و تاوانبارکردنی دەستدرێژی‌یەکەی زایۆنی‌ی بۆ سەر عیراق لەلایەن حکوومەتی فەرەنساوە بە باڵیۆزی زایۆنی ڕاگەیاندو دووپاتی کردەوە کە ئەم دەستدرێژی‌کردنە بە پێشێل کردنی یاساو داب‌و دەستووری نێو دەوڵەتی‌و پێشێل‌کردنی دەستەڵاتی عیراق دادەنرێت .

هەروەها وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بۆ باڵیۆزی زایۆنی لەپاریس دووپات کردەوە کە دەزگا ئەتۆمی‌یەکانی عیراق نەنیا بۆ مەبەستی ئاشتی‌یانە .

وەزیرانی دەرەوەی عەرەب ئەمڕۆ لە بەغداد کۆدەبنەوە

ئەمینداریتی گشتی‌ی جامیعەی دەوڵەتەکانی عەرەب پێرێ ڕایگەیاند کە ئەنجوومەنی جامیعەی عەرەبی کۆبوونەوەیەکی دەستوبرد ئەمڕۆ پێنج شەممە لە بەغدا دەبەستێت بۆ لێکۆڵینەوەی دەستدرێژی‌یەکەی زایۆنیزم بۆ سەر عیراق .

ئەوەبوو عیراق بەسرپێری داوای کرد کۆبوونەوەیەکی دەستوبردی ئەنجوومەنی جامیعەی عەرەبی ببەسترێت لە ڕادەی وەزیرانی دەرەوەدا لە بەغدا بۆ لێکۆڵینەوەی دەستدرێژی‌ی زایۆنیزم‌و بۆردمان‌کردنی دەزگا ئەتۆمی‌یەکانی عیراق ڕۆژی یەکشەممەی ڕابوردوو .

بڕوانە ل : ٢

Institut Kurde de Paris

سەربازە دلێرەکانی قادسیەی صدام سەرکەوتنی بەردەوام بەدی دەهێنن و زیانی گەورە بە فارسی ڕەگەز پەرست دەگەیەنن

بەو پەڕی توانا و بەهێزی و سوورپوونەوە هێزە چەکدارەکانمان چالاکی یە - کانیان لە هەموو بەرەکانی جەنگدا بەرەبێدەدەن و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیانی زۆرتر بە گیان و ماڵەوە لە دوژمن دەدەن .. ئەمەیش زیانەکانی دوژمنن لە ماوەی ئەم هەفتەیدا :

ڕۆژی ٥-٦-١٩٨١

٤٢ کوژراو ، چوار سەنگەری پیادە ، یەك تانك ، یەك نەفەربەری زرێپلی ، ٩ ئۆتۆمبیل ، یەك شەفل ، ٤ ڕوانگە ، بێنج کۆمەڵ تەقەمەنی .

ڕۆژی ٤-٦-١٩٨١

٣٢١ کوژراو ، سێ سەنگەری پیادە ، دوو تانك ، دوو تۆپ ، ١٠ ئۆتۆمبیل ، یەك شەفل ، یەك ڕوانگە ، ١٠ کۆمەڵ تەقەمەنی .

ڕۆژی ٦-٦-١٩٨١

٥٨ کوژراو ، ١٠ سەنگەری پیادە ، یەك تانك ، یەك نەفەربەری زرێپلی ، یەك تۆپ ، دوو ئۆتۆمبیل ، بنکەیەکی موشەك هاوێژ ، سێ شەفل ، دوو ڕوانگە ، دوانزە کۆمەڵ تەقەمەنی ،

ڕۆژی ٧-٦-١٩٨١

١٠٤ کوژراو ، یەك سەرنگەری پیادە ، دوو نەفەربەری زرێپلی ، یەك تۆپ ، شەش ئۆتۆمبیل ، دوو شەفل ، بێنج ڕوانگە ، بێنج کۆمەڵ تەقەمەنی .

ڕۆژی ٨-٦-١٩٨١

٩٤ کوژراو ، سێ سەنگەری پیادە ، سێ تانك ، یەك نەفەربەری زرێپلی ، دوو تۆپ ، ١٥ ئۆتۆمبیل ، دوو شەفل ، سێ کۆمەڵ تەقەمەنی .

ڕۆژی ٩-٦-١٩٨١

١٤٦ کوژراو ، چوار سەنگەری پیادە ، یەك نەفەربەری زرێپلی ، یەك تۆپ ، دوو ڕوانگە ، سێ کۆمەڵ تەقەمەنی ، دوو ئۆتۆمبیل ، یەك شەفل .

ڕۆژی ٩-٦-١٩٨١

١٧٩ کوژراوە سێ سەنگەری پیادە ، سێ تانك ، سێ نەفەربەری زرێپلی ، دوازدە ئۆتۆمبیل ، دوو تۆپخانە ، یەك شەفل ، سێ کۆمەڵ تەقەمەنی ، چوار ڕووانگە .

ئەمەو فڕۆکەکانمان دووجار هێرشیان بردووەتە سەر مۆڵگەکانی دوژمن لە ناوچەی **مەریوان** ڕاستەوخۆ پێکاویانن و بەساغی گەڕاونەتەوە بنکەکانیان .

باسکردنی پێویستیەکانی ناوچەی کوردستان

لە سەرەتای ئەم هەفتەیەدا ، ئەنجومەنی ڕاپەراندنی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەریز جمال حاجی شریف سەرۆکی ئەنجومەن کۆبوونەوەیەکی بەست و لەم کۆبوونەوەیەدا باسی پێویستیەکانی ناوچەکە کرا ، لە ڕووی ڕاپەراندنی پرۆژە نوێکانی ساڵی داهاتووەوە .

بەریز سەرۆکی ئەنجومەن داوای کرد کە لە دیاری کردنی ئەم پێویستیانەدا پشت بە مەوزوعیەت بەستری و بەو شێوەیەی لەگەڵ وزەو توانای بە شەری و توانای ڕاپەراندنیان و پێویستی تەواوی ناوچەکە بگونجێ .

دیسان داوای فراوانکردنی چالاکیەکانی پشتگیری جەنگی کردو بریاریش درا کە ئەمیندارە گشتی یەکان گەشتی مەیدانی بە ناوچەکەدا بکەن بۆ سەرنجدانی ڕای کردنی کاروو بار لە پرۆژەکانداو سەرنجدان لە چۆنیەتی ئیشوکاری دام و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و زانینی پێویستیەکانی هاووڵاتیە - کان و کۆکردنەوەیان و بەرچاو خستنی لە کۆبونەوەی ئەنجومەندا بۆ لێکۆڵینەوە یان ..

جارێکی تر خومەینی جادووگەری خۆی دووپات دەکاتەوە

زوو ئاشکرامان کرد ، خومەینی جادووگەر ، جادووگەرەو خۆی لە ژێر پەردەی ئایندا شاردۆتەوە ، گورگەو لە پێستی مەڕدایە ، ئێمە ، زوو وتمان و خێرخوازانی دنیاش وا ئیستا تا دێت زیاتر جادووگەری ئەم کابرا عەقڵ بۆگەنەیان بۆ دەر دەکەوێت . خومەینی ، بە جادووگەری و عەقڵ بۆگەنی خۆی کەوتە پیلانگیران ، زیانی بە پیرۆزی ئیسلام و مرۆڤایەتی لە ناو ئێراندا گەیاندە ڕادەیەك خوێنی بێ تاوانی گەلانی ئێرانی ڕشت ، چەوساندنیەوە ، شتێکی سەیر نیە ئەمانە لە خومەینی بوەشێتەوە ، شتی سەیریش نیە داهاتی وا بکات لەگەڵ بۆگەنی عەقلیا بگونجێ ، بەڵام بگاتە ئەو ڕادەیەی دەسەبەرێت بۆ قوربانی پیرۆزو وێنەی خۆی لە پێشەوەی بڵاو بکاتەوە ، ئەمە ئیتر دوا ڕادەی ناپەسەندی خوو شەڕی خومەینی یە ، بەر لەم کارە خەتابارە ، خومەینی پەلاماری پێغەمبەرەکانیشی داو ئیدعای ئەوەی کرد نەیانتوانیوە ، پەیامی خوای مەزن بە باشی بگەیەنن و تەواویان نەکردوە گوایە ئەم توانای بە تەواوی گەیاندنی پەیامی ئیسلامی هەیە پرۆپاگەندەشی کرد کە مەزاری ئیمام علی (د. خ) لە نەجەف نیەو لە قومدایە ، بەم جۆرە خومەینی شولی لێ هولکێشاوە . زۆری بازرگانی بە ناوی ئیسلامەوە کرد ، بەڵام زۆری نەبرد پەردەی شڕ بوو ، بەڵام زۆری نەبرد دەرکەوت ، جادووگەرو عەقڵ بۆگەنە ، پەتی درۆ کورتە ، ڕێگای ناهەق زوو دەبڕێتەوە خومەینیش ڕۆژی فڕێ دانی لە سەرەنویلکی بورگەیدا وەك کافرو بۆگەن نزیکەو سەرکەوتن بۆ ڕاستی و هەق و هەقخوازی یە .

هەفتەی کاری کۆمەڵایەتی لە هەولێر

ئەمینداری یەتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروباری کۆمەڵایەتی - ئۆتۆنۆمی - ناوچەی کوردوستان ئاهەنگێکی هونەری لە هۆڵی ڕۆشنبیری جەماوەری لە هەولێرو بە بۆنەی هەفتەی کاری کۆمەڵایەتی یەوە سازکرد .

بەریزان جاسم محمد خلف وەزیری فێرکردنی باڵاو لیکۆلینەوەی زانستی بەریز جمال حاج شەریف سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەراندن و ئەمینداره گشتی یەکان و بەڕێز یحیی محمد رشید جاف پارێزگاری هەولێرو هاوڕێ مزهر مطنی ئەندامی نووسینگەی باکوورو ئەمینداری نهێنی سەرکردایەکی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لقی هەولێر لەو ئاهەنگەدا ئامادە بوون ..

لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا هەموان یەك دەقیقە بۆ گیانی پاکی شەهیدەکان وەستان لە پاشدا هەردوو ووتەی ئەمینداری یەتی گشتی و ڕێکخراوە جەماوەری یەکانی پارێزگای هەولێر خوێنرایەوە ، دەستیان بۆ ئەو بایەخ دانە گەورەیە کێشاوە کەوا سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بە خێزانی دەدات لەبەر ئەوەی بە بنەڕەتی کۆمەڵگا دەژمێردرێت .

هەروەها هەردوو وەتەکە ڕێزی لە دەستکەوتەکانی شۆڕش نا لە بواری پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی ئەوەی وەدەستی هێناوە بۆ بیناکردنی کۆمەڵگای نوێ .

لە پاشاندا سروودی نیشتیمانی و چالاکی هونەری پێشکەش کرا کە ڕێزیان لە بەریز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین و سوپا قارەمانەکەمان دەگرت کە دروستکەری سەرکەوتنە مەزنەکانە بە سەر فارسی ڕەگەزپەرستی دوژمندا .

هەروەها بەریز وەزیری فێرکردن و لێکۆلینەوەی زانستی لە چوارچێوەی چالاکی یەکانی هەفتەی کاری کۆمەڵایەتیدا بازاڕێکی خەیری قوتابخانەی سەرپەرشتی کچانی لە پارێزگای هەولێر کردەوە . کە لەم بازارەدا بەرهەمی دەستکردی قوتابیانی قوتابخانەکە پیشان درا .

ئاقی کردنەوەی سەری ساڵ ، وئاسۆی ڕوونا کی قوتابیەکانمان

ڕاپۆرت :
بەبۆنەی دەست پێکردنی ئاقی کردنەوەی کۆتایی ساڵەوە

ئەم ماوەیەدا قوتابیان لە سەرابای وڵاتدا ڕووبەڕووی ئاقی کردنەوەی سەری ساڵ دەبنەوە و خۆیان بەرامبەر ئەم ئاقی کردنەوەیە ئامادەدەکەن و دەیانەوێ ڕەنجی ساڵێکی پڕ لە کۆشش بە ڕەنجەوەی پاشەڕۆژ دروست بکەن .

ڕوونو ناشکرایە بە هۆی ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی بەسەر بزووتنەوەی پەروەردەو فێربوونداهات لە وڵاتەکەمانا ئاقی کردنەوە مایەی ترسان و جێگەی دڵپەستی نیە وەکو جاران ... زۆر لە بابەتەکانی خوێندن گۆڕان بۆ ئەوەی لەگەڵ گیانی چەرخ و گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵایەتیدا بگونجێ سەرەڕای ڕابەرو ئاراستەکردنە پەروەردەیی یەکان کە لێپرسراوانی کەرتی پەروەردەو فێرکردن ئامادەیان کرد بۆ پێشخستنی ئەم بزووتنەوەیە بە پێی ڕێبازی پەروەردەی نوێ .

لەگەڵ ئەمەشدا زۆر لە قوتابیان لە دڵپەستی و ترسدا دەژین کاتێك کە دەچنە ژووری ئاقی کردنەوە ، هەر بۆیە ترسیشیان لە سەرنەکەوتن دەبێتە هۆیەکی سلبی ئەمەش کە (زانایانی دەروون) ڕوونیان کردۆتەوە .

ئاقی کردنەوە قۆناغێکە هەرچۆنێك بێ دەبی قوتابی تیا بپەڕێتەوەو ئەم قۆناغە ببڕێتو قۆناغەکانی خوێندن دەگرێتەوە بەتەنیا زانکۆیەك یاخود قوتابخانەیەك یان وڵاتێك لە وڵاتان ناگرێتەوە - خوێندن و پیاچوونەوەی بۆ خۆئامادەکردن پێویستی بە مێشك حەسانەوە هەیە تاکو بتوانێ مادەکانی خوێندن و وەربگرێت و کارەکانی مێشك بە چاکی بچێت بەریوە ، ئەمەش بە ڕەچاوکردنی ئەمانەی خوارەوە دەبێت .

ماندوونەکردنی مێشك بە شێوەیەکی ناسروشتی و دوورکەوتنەوە لە شەونخوونی دوورودرێژو خەوتن لە کاتی خۆیدا واتە لە ڕادەی ئاسایی داو زوو لە خەوهەڵسان و مەلەوانی کردن بە ئاوی ساردو خواردنی ژەم بە شێوەیەکی ئاسایی و هێمنی ... ئەمانە هەموو باری خوێندن بە شێوەیەکی ئاسان و سەرکەوتوانە سازدەکەن ، جگە لەمانەش دڵپەستنە - بوون و خۆگرتن لە هۆڵی ئاقی کردنەوەو خوێندنەوەی پرسیارەکان بە وردی و وەڵامدانەوەیان بە هێمنی و دوور لە شەڵەژان . لە لایەکی تر ئامایش و ئارام لە هۆڵی ئاقی کردنەوەو ماڵداو هەروەها سەرانسەری وەو زۆر گرنگە بۆ قوتابی - سەرەڕای ئەمانەش دوورکەوتنەوەی لە گیروگرفت و باری شپرزەیی خێزان و جێبەجێ کردنی پێداویستەکانی قوتابی ئەمانە هەمووی یارمەتی قوتابی دەدەن و بەڕوای زیاتری پێ دەبخش و لە ئەنجامدا سەرکەوتن وەدەستدێنێت . بەڵام دەبێ خێزان ڕۆڵی خۆی ببینێت دەربارەی ئەم مەسەلەیە ، لەسەر خێزان پێویستە سەرپەرشتی تەواوی منالەکانیان بکەن بەتایبەتی لە کاتی ئاقی کردنەوەدا سۆزو خۆشەویستیان بەرامبەر ئەوان پتربکەن و دەبێت ڕۆڵی دایك و باوك پەروەردەیی و دەروونی بێت و دوور بکەونەوە لە گیروگرفت چونکە کار لە دەروونی ئەم قوتابیە دەکات ، جگە لەمەش تەنگ و چەڵەمەکانی ئەم قوتابیە پشت گوێ نەخرێت ، چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە بە سەرپەرشتی کردن و گرنگی پێدان بە نیازی ئەم قوتابیە لە شەڵەژاوی و دڵتونەدی ڕزگاربکەن و لە پێناو پاراستنی پاشەڕۆژی قوتابی کە بەشێکی زۆری پەیوەندی بەم قۆناغەوە هەیە .

لێرەدا پێویستە گرنگی ڕێکخستنی کات بۆ خوێندنەوە ڕوونبکەینەوە بەگوێرەی قوتابیان و لەلایەین ئەگەر بێت و قوتابی هەر لە ڕەوتی ساڵدا کاتی خۆی ڕێکخات بۆ خوێندن لە قوتابی ساڵدا بێ گومانی تووشی هیچ گیروگرفتێك نابێت .

واتە پێویستە قوتابی کاتێك تەرخان بکات بۆ خوێندنەوەو هەروەها کاتێکیش بۆ حەسانەوەو خەوتن .. جگە لەمەش متمانەکردنی قوتابی بە توانای خۆی دەبێتە پاڵپشتێك بۆ سەرکەوتنی چونکە متمانەنەکردن بە ماوەو بە خۆبوون لەم قۆناغەدا سستی دەکاتەوە بەو هیوایەین کە ئەمساڵ هەموو قوتابی ولاتو بەتایبەتی جگەرگۆشەکان ئەنجامی باش بۆ پاشەڕۆژی ڕووناك بەدەستبێنن .

خالد شێخە حسن

وەرزی دروێنە لە دەشتی شارەزوور

● سلیمانی : بە تەلەفون لە نووسینگەی «هاوکاری»یەوە :

کاری دروێنەی میکانیکی بەرهەمی گەنمو جۆی ناوچەی کاری دامەزراوی کشتوکاڵ لەدەشتی شارەزوور لە پارێزگای سلیمانی دەستی پێ کردوەو (٤٥٠) دۆنم لەناوچەی گرێزەو شارەزورو تانجەرۆ تەواو بوە کە خۆی بریتی یە لە (١٦٥) هەزار و (٥٦٥) دونم زەوی چێنراو بە بەرهەمی گەنمو جۆ لە لایەن دامەزراوی گشتی کشتوکاڵو ئامەرتی سۆشیالستو تایبەتەوە چێنراوەو (١٤٧) هەزار (٦٩٥) دۆنمی گەنمەو (١٧) هەزارو (٨٧٠)ی جۆیە .

لەم هەرەوەزی دروێنەیەدا کە تاکۆتایی ئەم مانگە بەردەوام دەبێت (٨١) ماکینەی دروێنە بەشداری دەکات کە (٣٦) یان هی دامەزراوی گشتی و (٤٢)یان کەرتی تایبەتە . لەپاڵ ئەمەشدا دروێنەی دەست لەو شوێنە سەختانە دەستی پێ کردوە کە ناتوانرێ بە ماکینەی دروێنەبکرێت و (١٥) دۆنم لەو شوێنانە گەنمو جۆ هێنراونو هەموو ئەو بەرهەمانەی دروێنە دەکرێن لە ئەمباردا دادەنرێ لەلایەن لیژنەکانی ناردنە بازارەوە دابەش دەکرێ .

دەورەیەك بۆ مامۆستایان لە دهۆك

بەڕێوەبەریەتی لە ناوبردنی نەخوێندەواری ی تەوزیعی لە پارێزگای دهۆك دەوریەکی بۆ (٢٦) بەڕێوەبەری قوتابخانە میللیەکانی ناحیەی فایدەر کردەوە .

بەشدارەکان لەم دەورەیەدا کە شەش ڕۆژ دەخایەنێ فێری ڕێگای شوێنی نوێی بەڕێوەبردن و دەرس ووتنەوە لە قوتابخانە میللیەکان دەکرێن ، لە پاڵ ڕۆنگردنەوەی لایەنی شورشگیری هەڵمەتی نیشتمانی لە ناوبردنی نەخوێندەواری .

ئەوەی شایانی باسە لەمەو بێشتر دەورەیەکی بۆ ٢٣ بەڕێوەبەری قوتابخانە میللیەکانی دهۆك کرابوە .

پرۆژەی وەرزی هاوینە

بۆ پێشوازی کردنی ئەم ساڵی وەرزی هاوینە لە هەولێردا چەندەها پرۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانی بەدەستەوەیە و ئەمینداریتی گشتی هاوینە هەوارەکانی کوردستان بەرنامەیەکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە بەدەستەوەیە کە جێبەجێیان بکات . لێپرسراوێك لەدیوانی ئەم ئەمانەتە بە « هاوکاری » ڕاگەیاند کە پرۆژەکان بریتین لە کردنەوەی چەندەها دامەزراوی هاوینەهەواری و گازینۆو چێشتخانەی « جندیان »و گازینۆی زۆزگ و چاککردنەوەی سەرابای دامەزراوە هاوینە هەواریەکان و دامەزراندنی زیاتر لە (٥٠٠) خیوەتی هاوینە هەواری و چەندەها پرۆژەی ئاوەدانی کە ئێستا لە قۆناغی تەواوبوونداین بۆ خزمەتگوزاری هاو وڵاتیان لەم وەرزی هاوینەهەواری یەدا .

نووسینگەی «هاوکاری»

ولاتانی عەرەب «پاشماوە»

بۆ ئەم مەبەستە خاوەن شکۆ مەلیك حسەین وە خاوەن شکۆ مەلیك خالد کوڕی عبدالعزیز مەلیکی سعودیە وە عەقید علی عبدالله صالح سەرۆکی کۆماری عەرەبی یەمەن پەیوەندیان بە سەرۆکی فەرماندەو کردوە ، وە وەستانی خۆیان شان بە شانی عێراق سەلماندوە .

هەروەها سەرۆك بورقیبە سەرۆکی تونس بروسکەیەکی بۆ ئەم مەبەستە ئاراستەی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین کردوە ، وە مەلیك (حسن)ی دووەم هاوکاری مەغربی بۆ عێراق دووپات کردۆتەوە .

دیسان شیخ سعد عبدالله صباح سەرۆك وەزیرانی کویت پەیوەندی بە بەریز عزة ابراهیم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشەوە کردوەو ئارەزایی تونسی بەرامبەر ئەم دەستدرێژیەی زایونیەکان دەربڕیوە .

ئارەزایی جیهانی
دکتور کۆرت ڤالت هایم ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەست درێژی زایونیەکانی دوشمنی بەوە باسی کردوە کە ئەنجامی ترسناکی دەبێت . وە ماجد ابو شراره لیپرسراوی ڕاگەیاندن لە بزوتنەوەی فەتح دەست درێژی زایۆنی دوشمنی بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمەکانی عیراق بەوە باسی کردوە کە سروشتی دەست درێژی کەرانەی ئارەوای زایونیەکان دەر دەر دەخا . هەروەها قسەکەرێك بە زمانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاوە ئارەزای بەرامبەر ئەم دەستدرێژیە ئارەوایە دەربڕیوە .

لەلایەکی ترەوە بەپێر موروا سەرۆك وەزیرانی فەرەنسا بە توندی ئارەزایی بەرامبەر دەست درێژی زایۆنی دوشمن بۆ سەر عێراق دەربڕیوە ، وە ووتویەتی ئەم کارە ترسناکەو بە هیچ جۆرێك قبوول ناکرێت .

بەیاننامەیەکی گرنگ « پاشماوە »

بەرپرسیاری خۆی لەم بەلامارە ڕاگەیاند .

بەم کارە نارەوایەش ، ئەی ڕۆڵەکانی گەلی عیراقو ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب ، لایەنی بنەڕەتی و گرنگ لەو هویانە ڕوون دەبێتەوە کە هانی ڕژیمی گومانلێکراوی ئیرانی دا بۆ هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ لەگەڵ عیراقداو بەردەوامی ئەم شەڕە بۆ ماوەی دە مانگ هەرچەندە تەقەللایەکی زۆر درا بۆ ڕوونەدانی و وەستاندنی لەسەر بنەڕەتێکی عادیلانەو شەرەفمەندی کە مافو سوودە ڕەواکانی عیراق و ئێران زامن بکات ، ئەوەتا زایونی دوژمن مەبەستەکانی بەدی دەهێنێ و لە جیاتی حوکمڕاکانی تاران و قوم ئەوە جێبەجێدەکات کە لە ماوەی دەمانگی شەڕە ئارەواکەیاندا نەیانتوانی جێبەجێی بکەن ..

برایان ..

ئێمە لە مەوقعی بەتوانایی و بەهیوابوونەوە بە سەرکەوتنی تەواوەتی لە مەیدانەکانی زۆرانبازیدا لەگەڵ هەموو دوژمنەکانی نەتەوەی عەرەب ئەوانەی هەوڵی وەستاندنی کاروانی سەرکەوتومان لەسەر ڕێگای سەربەستی و ڕابەڕین و یەکیتی دەدەن .. ئەو دوژمنانە ، زایونی و فارسەکان و هەموو ئەوانەی بە ئاشکرا و نهێنی لەگەڵیان وەستاون و پشتیان دەگرن ناتوانن لەڕووی توانامانداا لەسەر ڕابەڕین و پێشکەوتن بوەستن ، چی لە میدانی تەکنیکی زانستی یان لە مەیدانەکانی گۆڕانکاری ئابوری و کۆمەڵایەتیداو ئەم شۆڕشە مەزنەیان لەسەر ڕێرەوی خۆی و یەکگرتوی لەگەڵ جەماوەرو دەربڕینی ئاوات و خواستەکانی پێ نالەقێ و ئێمە پڕبڕواین کە ئەو پیاوانەی بە دڵسۆزیان بۆ گەلەکەیان و لە ماوەی عەقڵ و تەقەللایانەوە توانیان وا بکەن عیراق تەکنەلوجیای ئەتۆمی بەو ڕادەیە بێت ئاوا قین و دەست درێژی ئارەوا لای دوژمنە زایونی فارسەکانی بجوڵێنێ ، بەردەوامی لەسەر ئەم ڕێرەوە دەبێت و جاهەوڵی دوژمن هەرچەندە بێت و چەند بتوانن لە هەوڵەکانیاندا زیانی ڕاستەوخۆیاخود ئاراستەوخۆ بگەیەنن . ئەو ڕێگایەی کە عیراق لە سایەی شۆڕشە سەربەخۆیی و ڕێگای یەکگرتنی نێوان سەرکردایەتی و جەماوەر ... گەڕانەوەی بۆنیەو پشت بە خوا ئاسۆی هەرفراوان و کراوە دەبێ و سەرکەوتن بۆ گەلی پاڵەوانمان و سەربەرزی و نەمری بۆ نەتەوەی عەرەبمان .

ئەنجومەنی سەرکردایەتی

شۆڕش
بەغداد لە ٦/شعبان /١٤٠١
٨/ حوزەیران /١٩٨١

خومەینی جادووگەر « پاشماوە »

کە هەوڵی شێواندنی ئایینی ئیسلام دەدن .

دوا داهێنانی درۆزنی قوم گومانکردنە بەوەی کە گوایە خۆڵەمێشی تەرمی ئیمام علی (ر.خ) لە شاری نەجەفی شەریف نیە بۆ گواستنەوەی جێگەی زانستی لەم شارەوە بۆ شاری قومی فارسەکانەوە .

شتایانی باسە کە خومەینی درۆزن لەمەوبەر درکاندبووی کە پێغەمبەرو پەیامبەرەکان پەیامی خۆیان تەواو نەکردووەو ئەو بۆ ئەوە هاتووە کە ئەو پەیامانە تەواو بکات .

سەر ووتار «پاشماوە»

ماوەیەکە لای عیراق بایەخی پێدراو هەموو کارێکی دژی خۆبەدەستەوەدەرانە بوەو تینی زیاتر دەدات بە شۆڕشی فەلەستین ، بەم جۆرە کیانی زایونی گەیشتۆتە ئەو قەناعەتە کە ترسی سەرەکی لە کیانە ئابەسەندەکەی لە عیراقەوە دەستپێدەکات ، بۆیە لە یەکەم ڕۆژی شەڕی نێوان ئێمەو ئێرانداا دەستی لەگەڵ فارسە ڕەگەزپەرستەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ تێکەڵکرد بۆ لێدانی کاروانی بەرەو پێشەوەچوی عیراق ، ئەوەبوو لە ٢٧ ئەیلولی پارداو دوایی لە٧ی حوزەیرانی ئەم ساڵدا زۆر بەبێ ڕەوشتانە هێرشی ئاسمانی هێنایە سەر شاری بەغداو دامەزراوە ئەتۆمیەکانمان ، زایۆنی دوژمن وادەزانێ بەمە کاروانی شۆڕشی عیراق دەوەستێ ، نازانێت کاروانێکی باوەڕ بە خۆبووی وەك کاروانی گەلی عیراق بە کوردو عەرەبیەوە بەرابەری سەرکردەی لێهاتووی پاڵەوان صدام حسین کاروانێکە گەڕانەوە نازانێ و هەروەك بەیاننامەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دووپاتی کردەوە (ئەو ڕێگایەی عیراق لە سایەی شۆڕشدا لەسەری دەڕوات ، ڕێگای سەربەستی و سەربەخۆیی و پێشکەوتنە ڕێگای یەکگرتنی ڕاستەقینەی نێوان سەرکردایەتی و جەماوەرەو گەڕانەوەی بۆ نیە)و دوژمنانی ڕەگەزپەرست نە زایۆنی و نەفارسی و نە هەمو ئەوانەی لەپشتیانەوە وەستاون ... لەڕێگا نامان وەستێنن و بەردەوام بەرەوپێشەوە دەڕۆین .

● هاوکاری ●

Institut Kurde de Paris

کورتە چیرۆك

تاوێك سەربەستی

● چیرۆکی نووسەری بولگاری ئیفالپو بتروف

● گۆڕینی : رەئووف بێگەرد

پاسەوانەکە خۆی بە بەندیخانەکەدا کرد ، ڕووی لەپیرەمێردەکە کردو ووتی : دەی پیرە تۆ ئازادیت .

– چۆن ؟ چی ؟

– پێت دەڵێم ئازادیت ، هەموو شتەکانت کۆبکەرەوە، با بۆنیشت لێرەدا نەمێنێت .

هەوالی بەربوون زوو تەشەنەی کرد ، پیرە لای جێگا خەوتنە کەیەوە وەستاو ، لە شێوەیەکی پێکەنین هێنەردا چاوی داگرت ، ئارەقە بەسەر مووە کورتە زبرەکەی چەناگەیا هاتە خوارێ .

دەیان چاو لە پیرەیان دەڕوانی ، گەلێك هەستی جیاوازو، تەنانەت ڕقاوپشت تیا بەدی دەکردن ، لە دوورەوە چاوت لێ بوو : یەکێك بە دەرگای ئازادیا تێ دەپەڕێت، تۆیش بۆ هەموو ژیانت فرمانی کاری قورسیان بەسەراداویت . پیرە بێ دەنگبوو ، بەسەر سامیەوە، بە هەر دوو دەستی دوا دەستکردەکەی خۆی هەڵگرت ، دەستکردەکەی – بووکە سەماکەرە – یەکبوو ، بە جوانی و سووکەڵەیی هەڵدەسووڕا ، پیرە لە کاتی حەسانەوە دەگمەنەکانیدا یاری بۆ کوڕەزاکەی دروست دەکرد، زۆر جار کارەکەی دەبووە جێگای گاڵتە پێکردن .

– بڕۆ پیرە – یەکێکیان ئەمەی پێ ووت – ئەوانی تر بۆیان سەندەوە – خوات لەگەڵ –

بەختیاریە کە وەك بروسکە لێی داو ، هێناوە سەر هۆشی جارانی ، دەڵەرزی بەڵام بە ووردی کەوتە گەڕان بە شتەکانیا ، وەك منداڵ دەگریاو پێدەکەنی ، پۆشاکەکانی بەخشی ، گۆرەوی و جلەکانی دایە هاوڕێو ئەوانەی بەگەرمی دەستیان لە دەستی دەناو، خوا حافیزیان لێدەکرد .

ئەو تووڕەکەیەی یاریەکەی تیابوو بەستی . بە پێی پەتی و بە توێی تاقە کراسێك لە ژووری بەندیەکەی هاتەدەرێ ، پاسەوانێك لە ڕاڕەوەکە وەستابوو ، پیرە بە شادی یەوە لە نزیکیەوە تێپەڕی و سڵاوی لێکرد .

گەورەم .. خوا حافیز.

پاسەوانە سمێڵ بابڕەکە سەرێکی بۆ لەقاند ، پاشان جگەرەیەکی داگیرساندو وتی :

– گاڵتەی پێدەکەن ، قوماندان سەرخۆشەو دەیەوێت پێی ڕابوێرێت.

ئێمە هەشتا کەس بووین، هاوارمان لێکردو کەوتینە فیکە لێدان ، بە قوندرە شرەکانمان کەوتینە کوتانی دیوارەکە .

– پیرە بگەڕێرەوە .. گاڵتەت پێ دەکەن .

پیرە بە پێی پەتی ڕۆیشت ، هیچ هێزێك نەبوو بتوانێت بیگێڕێتەوە ، چاوەکانی بە قوولایی ئەو زنجیرە شاخەدا ڕوابوون ، کە لە باڵ نشێوبە بچووکەکەدایە .

لەوێدا کە خۆر دەنوێت و گوندەکەی لەبەر چاو وون دەبێت .

ئەبوو بە درێژایی شەوو ڕۆژێك بە پێی پەتی بڕوات، ڕێگاو چەوردەکان ببڕێت تا دەگاتە ماڵێ ، لەوێ دوو بێوەژن و کوڕەزایەکی چاوەڕێین ، ئەوەی یاری ناو تووڕەکەکەی بۆ دەبات. بەڕاست ئەتوانێت بگەڕێتەوە؟ ئەتوانێت بە ڕوح سووکیەی خۆیەوە ، بیر لەوە بکاتەوە کە ئەشێت مرۆڤ تا ئێستا سنوورە هونەرمەندێکی بە توانای ڕق و ستەم بێت ؟.

پۆلیسەکان تەماشای فرمانی بەردانەکەیان کردو ، دەرگایان بۆ کردەوە ، سڵاوێکی سەربازیشیان بۆ کرد ، پیرە تووڕەکەی یاریەکەی نایە سەر پشتی ، وەك یەکێك ، بە ڕێگایەکی دووری بێ مەترسیا بڕوات ، ملی ڕێگای گرت ، تازە دوو هەنگاو ڕۆیشتبوو کە پاسەوانەکان پێی گەیشتن ، لە شانیان گرت، یەکێکیان زلێکی ناقۆڵابوو ، پێی ووت :

– گەرە بۆ کوێ دەچیت ؟ هەر وا بە ئاسانی لێرە ناڕۆیت ، گێرە شێوێنێك دالدە دەدەیت و، دەیشتەوێت دووبارە بچیتەوە لای .

– فرمانی بەربوونم پێیە. پیرە پارچە کاغەزە سپیەکەی دەرهێناو .

هاواری کرد : من دەچم بۆ لای قوماندان ، گەورەم قوماندان . پۆلیسە زلەکە کاغەزەکەی لێ وەرگرتو دڕاندی ، بووە پارچەی هەرە بچکۆلە . پیرە هیچی نەوت . بەرەو بەندیخانەکە گەڕایەوە ، لە دوایەوە دەنگە شقارتەیەك داگیرساو زوو کوژایەوە . لەسەرخۆ هات ، لەو خۆراوایەدا ، تارماییەکەی وەك سێبەرێکی ڕەش دەی نواند . کە گەیشتە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکە ، وەستاو دەستی بە دڵیەوە گرت ، گوێمان لە دەنگی کەوتنی تووڕەکەی یاریەکە بوو ، پیرە بە سەریا چەمایەوە ، ئەژنۆکانی بەدەمیەوە نەهاتنەوەو ، جارێکی تر هەڵنەستایەوە، تا نیوە شەوێکی درەنگ ، هەر لەوێدا کەوتبوو ، ئێمە نەمان دەتوانی چاو لە لەشەژاکاوە مردووە لەو هیوا مرۆڤایەتیە خەڵەتێنراوە ، کەلا بخەین .

گابریل گارسیا مارکیزو گفتوگۆیەك دەربارەی ئەدەب و ژیان

حسین عارف
کردووییە بە کوردی



مارکیزی ڕۆماننووسی کۆڵۆمبیایی بە ناوبانگ کە خاوەنی (سەد ساڵ دوورەپەرێزی)و (پاییزی پەتریارك)و گەلێ ڕۆمانو چیرۆکی تره ، ئێستا بە یەکێك لە ڕۆماننووسە گەورەکانی جیهان دادەنرێ، هەندێ لە کتێبەکانی ملیونەها دانەیان لێ چاپکراوە . (سەد ساڵ دوورەپەرێزی) یەکەیو چیرۆکێکی تری کە بە ناوی (حیکایەتی زەریاوانێکی خنکاو)ەوەیەو چەند چیرۆکێکی تری کراون بە عەرەبی . هەروەکوو (پاییزی پەتریارك)یش کراوە بە عەرەبی .

× ئایا لەئەمڕۆدا ئەوەت بە لاوە زەحمەتە کە مرۆڤێك ڕۆژنامەنووس بێو نساوی گارسیا مارکیزبێ ؟!.

● گرفتەکە ئەوی ڕاستی بێ لەوەدایە کە گوێ نادرێ بە وەی وەك ڕۆژنامەنووسێك دەینووسم . من هەر تەنیا لە بەر ئەوەی ناوم گارسیا مارکیزە ، ئیتر بەبێ ئەوەی سەیری ناوەڕۆکی وتارەکانم بکەن ، یەکسەر بلاویان دەکەنەوە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سوودی ناوەکەم لەوەدایە کە دەتوانم لە ڕووی سیاسیەوە بەکاری بهێنمو ڕای خۆمی لە هەندێ ڕۆژنامەدا پێدەربڕم کە ئەگەر گارسیا مارکیز نەبوومایە ، ستەمبوو بتوانم بیانگەمێ .

× ئایا توخوێت بە ڕۆژنامەنووسێکی سیاسی دادەنێیت ؟

● خۆم وا دادەنێم کە ڕۆژنامەنووسیکمو بەردەوام بایەخدانم بە سیاسەت پەرەدەسێنێ ، چونکە لە هەموو ساتێکدا ڕووبەڕووی باسو خوازی سیاسەت دەوەستمەوە . لە ئەمەریکای لاتینیدا سیاسەت لە هەر ساتێکدا ، بەسەر هەموو شتێکی تردا زاڵە لەوو ڕۆاتانەدا کە دەبێتە ڕۆژنامەنووس ناتوانیت نەچیتە کۆڕی سیاسەتەوە .

× بەدەم چالاکی ڕۆژنامەنووسی ئێستاتەوە بۆ لێکۆڵینەوە گەشتێکت بۆ قێتنام کردو هاتینەوە ، ئایا بە چەشنی ڕۆمانەکانت هەست بە زەحمەتی ی نووسینی تێدا دەکەیت ، وەك خۆت وتت ؟.

● بەڵێ .. ئەگەرچی زەحمەتی یەکە جیاوازیش بێ. من بەدەم تێپەڕبوونی پێك هێناوە کە تایبەت زەحمەتترو وردتر دەبێ . من هەردەم هۆی خۆدزینەوە لە نووسین بۆخۆم دروست دەکەم ، چونکە بەڕاستی کاری نووسینم (چ ڕۆژنامە نووسی و چ ئەدەبی) تایبەت لەلا ساماناکتر دەبێ زۆر چاریش لە بەیانیانەدا دادەنیشمو دەچمە چێشتخانەکانی جاران و خواردنەکانی جاران دەخۆم

× ئایا حەزدەکەیت ئەدیبانی تری ئەمەریکای لاتینی لاساییت بکەنەوە ؟ .

● هەرگیز نەء .. ئەمە هەڵوێستێکەو بەندی تەنیا شەخسی خۆمەو نامەوێ بیمە پێشەنگو کەسانی تر دوام بکەون . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من دەپرسم : ئایا ئەگەر ڕۆژێکیان هەموو ئەدیبانی ئەمەریکای لاتینی وتیان : تابینۆشێت نەڕووخێ نانوڕسین ، چی ڕوودەدا ؟. من گومانم لەوەدا نییە کە ئەم کارە دەنگێکی گەورە دەداتەوە .

ئەوساتەی خۆم ناچاری دانیشتن بەرامبەر بە (تایپ) ەکەم دەکەم ، هەست بە هێڵنجدانو ڕشانەوە دەکەم ، چونکە نووسین بریتی یە لە گێژبوونێکی پڕ لە جەنجاڵی . لەلایەکەوە حەزی جۆرە خۆبەستنەوەیەك بە تەواوکردنی کارەکەوە مرۆڤ ڕادەکێشێو لە لایەکی تریشەوە بەرهەڵستی کردنێکی فیزیکی یانە بۆ ئیش کردن بەری پێدەگرێ. تەنانەت وەختێ کە بە سەر ئەو حاڵەتەشدا زاڵ دەبم ، هێشتا هەر لە سەر دۆزینەوەی هۆ بۆ لێدزینەوە بەردەوام دەبم . بۆ نموونە گوایە تایپەکەم دەبێ لە ماڵەوەداو لە فلان شوێنو فیسار کاتدا بێو کاغەزەکەشی لە فلانە جۆر بێ . ئەو زەمانی لاوێتی یەم بەسەرچوو کە لە ژووری ئوتێلێك یا شەمەندەفەرێکدا بە خۆمو تایپێکی ساکارەوە دادەنیشتمو دەمنووسی . لە حەوت ساڵاندا ڕۆژی چیرۆکێکم دەنووسی ، بەڵام ئێستا مانگێکی پێدەوێ و دەبێ لە ماڵبشەوە بم لە مەکسیکۆ . من ئێستا ڕۆژانە لە سەعات نۆی بەیانی یەوە هەتا دووی دوای نیوەڕۆ خەریکی نووسینم ، جا زۆر دڵخۆش دەبم ئەگەر لەو ماوەیەدا توانیبێتم لاپەڕەیەکی تەواو پڕ بکەمەوە لەکاتی نوسینی (پاییزی پەتریارك) ئەگەر بمتوانیایە لە ڕۆژێکدا پێنج دێڕ بنووسم ، هەستم بە شادەمانی یەکی تەواو دەکرد، ئەمە لە کاتێکدا کە بۆ ڕۆژی دوایی فرێم دەدایە تەنەکەی خۆڵەکەوە . بەڵام ڕادەی چیرۆکنووسینم دوای ئەوە بەرز بووەوە ، چونکە ئێستا کەمتر درامی یە . من بە هەرحاڵ شکایەتی حاڵی خۆم ناکەم ، بەڵام وەهام بەخەیاڵدا دێ کە ئەوانەی دەنووسن بیر لەوە ناکەنەوە کە ئیشەکەیان چەندە ستەمکاری یە .

× ئێمە ئێستا وا لە پاریس بە یەك دەگەین ، تۆ لە لۆتکەی ناوو ناوبانگی خۆتدایتو سامانێکی گەورەت لە کتێبەکانت دەست کەوتوە . ئاشکراشە کە بیست ساڵ لەمەوبەرو هەر لەم پاریسەدا هێجگار بە کەساسیو کۆڵی دەژیایت . ئایا سەروەتو سامانو باری ژیان بۆ توی نووسەر چ کاریکت تێدەکا ؟ .

● باوەڕم وایە غەدرەکە هەموو نووسەران ئەوەی من هەمە ئەوانیش نەیانبێ. من باوەڕم بەو بۆ چوونە ڕۆمانتیکی یە کە دەڵێ گوایە نووسەر چەندە کەساس بێ زیاتر دادەهێنێ ، بەڵکوو بۆ نووسەری ڕەسەن پێچەوانەکەی ڕاستە . بەڵێ .. ساڵانی (٥٥) بو (٥٧) کە لە پاریس بووم ، لەڕووی دارایی یەوە ژیانم سەخت بوو ، چونکە دوای داخستنی ڕۆژنامەکەم بەبێ ئیش مامەوە . هەروەها گەلێکی وەك منی لە کوڕوکاڵانی ئەمەریکای لاتینی تێدابوون . دەستە چەتەیەکی ڕاستەقینە بووین . ئەوەیەکی تەواوو بە دوای ئەوەیەکی تردا هاتبوو کە بەهەمان بارودۆخدا تێپەڕی بوو . ئەم ئاوو هەوایە بۆ من بایەخدار بوو، جێی ئەو شتانەی بۆ پڕ دەکردمەوە کە لە دەستم دەچوون . من سەبارەت بەو ماوەیە هەست بە هیچ دلتەنگی یەك ناکەم ، چونکە ژیانم لا ناخۆش نەبوو . بێگومان جاری وەهای تێدەکەوت کەلە ماوەی دوو یا سێ ڕۆژدا ، یەك پارووە نان دەس نەدەکەوت بیخۆم. بەڵام لە ڕۆژی چوارەمدا خۆم لە سەر مێزێکی چێشتخانەی مەکسیم دەدی یەوە .

× مەکسیم ؟! ...

نا بەڵێ مەکسیم .. چونکە هەردەم ڕێدەکەوت دەوڵەمەندێکی ئەمەریکای لاتینی بێت بۆ پاریس و بیەوێ شارەزای ئەم پایتەختە جاریش لە بەیانیاندا بێ . ئینجا لەبەر ئەوەی تۆزێ فەرەنسایم دەزانی لەگەڵیدا بە پاریسدا دەمگێڕاو لە ساتێکی شیاودا فرسەتم دەهێناو پێم دەوت چێشتخانەی مەکسیم بۆ ناخواردن باشەو ئیتر ئەویش داوەتی دەکردم .

ژیان لە پاریسدا سەرکێشی یەك بوو بەڵام دراماتیکی یانە .

هەردەم کونە گورگێکمان دەدی یەوە تیایدا ئۆقرە بگرین و لە فرۆشتنی شووشەی بەتاڵو کۆکردنەوەی کەلوپەلی کۆن ، چەند فرەنکێکمان چنگ دەکەوت کە قاپێك (سباکتی)ی پێبخۆین . هەروەکوو من قەت ژنە کارگەرە هاوەڵە کانی خۆم لەبیر ناچنەوە کە لەگەڵمدا زۆر سەغی بوون . ئەم تاقیکردنەوەیە تا ئەو وەختە درێژەی کێشا کە ڕۆژێکیان دەرکم بەوە کرد کە ئەمە نابێ بە درێژایی ژیان بەردەوام بێ ، بەڵکوو پێویستە کۆتایی پێ بهێنمو ڕوو لە ئاسۆیەکی تر بکەم چونکە بە تەبیعەتی حاڵ زەحمەتە لەسەر گوێ نەدان بە پارەوپوول بەردەوام بم . بۆ نموونە من ئێستا دەتوانم نوتێلێکی باشتر هەڵبژێرمو مەسرەفەکەی بدەم ، یا ناچار نابم لەسەر نووکی پێ هەنگاو هەڵێنمو خۆم لە چێشتخانەیەك بدزمەوە بۆ ئەوەی پارەکەی نەدەم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من لە پاریسدا هێشتا هەر لەسەر هەمان جۆری ژیانی پێش بیست ساڵەکە دەژۆم . لەگەڵ هەمان دۆستو براداەراندا هەڵدەستمو بۆ نموونە « کاسولیا » ، ئەمە ئەگەرچی با بڵێین من لە لایەنگرانی مودبەقی نوێم کە دوا داهێنانی زەوقەو پوختەی گەلێ تاقیکردنەوەی ناو ئەم کۆڕەیە . بێگومان من بایەخێکی تەواو بە مودبەقی کلاسیکی فەرەنسایی دەدەم ، بەڵام لەسەر دەمی نوتومبێلدا ئەو لە چاویدا لە عەرەبانەی ئەسپ دەچێ .

● ماوێتی ●

«دیوانی بێکەس» و چەند بیرەوەریەك

مستەفا ساڵح کەریم

بۆ جاری یەکەم ، کە دیوانی « بێکەس » چاپ کرا ، شیعر دۆستو ڕووناکبیرانی کورد چاویان بە کلی شیعرەکانی ڕشتو بڕژانگەکانیان بە خێرایی کەوتنە ماچ کردنی وشەکانی. دوای خوێندنەوەشی بوو بە شەوچەرەی کۆڕی ئەدیبان .

ئا لەو سەردەمەدا ، ئێوارەیەکی مانگی تەمووز لە هاوینە هەواریکی لای خۆمان کۆمەڵێ بوویین کەوتینە باسی بێکەس و شیعرەکانی . ئەدیبێکی ناسراوی هاوچەرخو هاوڕێی دێرینی بێکەس کەوتە گێڕانەوەی سەرگوزشتەی هەندێ لە شیعرەکانی ، ئێمەش زۆر بە تاسەوە گوێمان لێ گرتبوو، وتی : « چەند ڕۆژێك بەر لە نەورۆزەکەی ساڵی ٩٤٦ بێکەس شیعری ٢٧ ساڵەی تەواو کردبوو ، چەند جارێ بۆی خوێندمەوە ، زۆرم بەدڵ بوو مەستی کردبوم ئاواتم ئەوە بوو بواری بێ ئەم شیعرەی تێدا بڵاو بێتەوە ، ئەم مەسەلەیە بوبوە خولیای شەوو ڕۆژم تاڕۆژێ نەورۆزەکەی گردی مامەیارە ، فائق چرپەیەکی لەگەڵ ئێمەدا کردو دڕی بە خەڵکەکەدا ، ئەمجا وەك شێر ڕوو بە ڕووی ئەدەمۆنس چریکانی :

بیستو حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم .
بە نانو ئاوو جلو بەرگی خۆم

بەجارێ خەڵکەکەی ڕووژاندو هاڕەی چەپڵە ڕێژان گوێی نوێنەری نیمپریالیزمی کاس کرد .

ئەدیبە ناسراوەکە لەو بابەتەوە گەلێ سەرگوزشتەی خۆشی دی بۆ گێڕاینەوە لەو ئێوارە کۆڕەمانا سەرنجێکی بچووکم بەرامبەر بە شیعرێکی دیوانەکە هەبوو فیازم وابو بەتایبەتی بۆ هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا محمدی مەلاکەریمی بنووسم ، بەڵام نازانم چۆن لە یادم چوو ؟ یان ڕۆژگار لەبیری بردمەوە .

× × ×

ئەم دوایی یەش کە چاپی دووەمی دیوانی « بێکەس » کەوتە بەر دەست خوێنەرانی کورد ، پێشوازی یەکی باش کرا کە شیاوی بێکەس بێ ، ئەوەی نوێی بێ ، شیعردۆستیش بەو شیعرانە شاد بوون ، بەم بۆنەیەشەوە جارێکی دی باسی بێکەسو شیعرەکانی لە کۆڕی ئەدیبو ڕووناکبیرانا تازە بووەوە . لەم ئێوارانەدا لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی ئەدیبو شاعیرا باسمان هاتە سەر فائق بێکەس ، یەکێ لەو هاوڕێ ئەدیبانە کە خزمایەتیشی لە گەڵ فائقدا هەیە گێڕایەوە وتی :

« ساڵی ١٩٤٦ ئەو کاتە قوتابی بووم لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی پێش جەژنی نەورۆز. بە چەند ڕۆژێك کاك فائق هات بۆ لای باوکمو پێی وت بۆ لای باوکم و پێی وت شیعرێکی تازەم نووسیوە بێت دەخوێنمەوە بزانم ئەزانی لەگەڵ کێیمە ؟ ئەزانی لەگەڵ کێیمە ؟ کە ٢٧ ساڵە کەی خوێندەوە باوکم پێی وت : فائق ، ئەوەندە نەفام نین ، ئەزانم لە گەڵ انگلیزتە ، بێکەس دایە قافای پێکەنین .

دوای ئەوەی لە نەورۆزا بەرامبەر ادمونس شیعرەکەی خوێندەوەو لەناو شارا دەنگی دایەوە پاش دوو ڕۆژ هاتەوە بۆ لای با ئم وپێی وت :

« فلان ئەزانی لەم دوو ڕۆژەدا هەندێ لە دەستە ڕویشتوەکانی شار دەستیان لەماڵی خۆیان بەرداوە ، بە فەردە گەنمو برنجیان بۆ ناردووم »

باوکیشم پێی وت : جا، وەرت گرت !

بێکەس وتی : بە سەری تۆ ، نەك فەردە بە حۆقەش لە ماڵما نیە ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا وەرم نەگرتو بە ڕاسپێرراوەکانیانم وت .

« من عەلاف نیم ، من شاعیرم ، کروزانەوەی من بۆ برنجو گەنم نییە بۆ کلۆڵی قەومەکەمە »

لەم بیرەوەریانەدا هەمان سەرنجی پێشووم هاتەوە یاد ، کە ئەم ساڵ دوای دەرچوونی دیوانەکە بە کاك شێرکۆ بێکەسیشم وتبوو،جا ئەم چارەش تا لەبیرم نەچۆتەوە با بیخەمە بەرچاو.

ساڵی ١٩٤٧ قوتابی بووم لە پۆلی دوەمی ناوەندی ڕۆژی هێنانەوەی تەرمی ئەفسەرە شەهیدەکان (١٩ی حوزەیران) لە گەڵ چەند قوتابییەکدا ئامادە کراین بۆ لەبەر کردنی ئەو سرووداەی فائق بێکەس ، لە مزگەوتی گەورە ئەم مامۆستایانە سەرپەرشتیان دەکردین بۆ لەبەرکردنی شیعرەکە وئاوازەکەی « بێکەس ، رفیق چالاك ، شێخ مستەفای بەرزنجەیی نیتر لەو کاتەوە تائێستا ، ئەو شیعرەم چۆن لەبەرکردووە هەرواش لەبیرم ماوە ، بەڵام کە دیوانەکەم خوێندەوە جیاوازی یەکی دیارم بەرچاوکەوت ، هەرچەندە هەر بە سەلیقەش دەردەکەوێ کە ئەوەی لە دیوانەکەدایە ناتەواوەو پێویستە شتێکی دی بە دوادابێ .

ئەوەتا لە لاپەرە (٨١) چاپی دووەم دواکۆپلەی دەڵێ :

ئەوا شەهیدانی وەتەن
گشتیان تکاتان لێ ئەکەن
ئەڵێن : ژنەنین شیوەن
مەکەن
هەموو بەجارێ لە چەپلە
دەن
بۆ جوانە مەرگانی وەتەن.

ئەوەی مەبەسمە ئەم کۆپلەیە دوا کۆپلە نییە ئەوەی لەبەرمە هەر دوای ئەم کۆپلەیە ئەم چوار دێڕەش هەیە :

بڵێن : ئێوە قارەمانن
خاوەنی ناوو نیشانن
ڕەهبەری ڕێی نیشتمانن
ئەی جوانەمەرگانی وەتەن

ئەمەیان لێی دڵنیام هەر چەندە هیچ بەڵگەیەکیشم بە دەستەوەنیە جگە لە بیری منالیم نەبێ ، ئەمێنێتەوە سەر لایەنێکی دی ، ئەوە کۆپلەیەی لەدیوانەکەدا بوە بە کۆتایی (٥) دێڕە بەڵام هەموو کۆپلەکانی پێش ئەم چوار دێڕن ئەمە بۆچی ؟ من کەئێستا ئەوەی لەبەرم کردووە ئەیلێمەوە بۆم دەردەکەوێ کە دێڕێکی زیادەو تێهەڵکێش کراوە ، ئەودێڕەشیان کە لە دیوانەکەدا نووسراوە .

« هەموو بەجارێ لە چەپلە دەن »

چەند هەوڵم دا ئاوازەکەی نەچووەوە سەرئاوازە ئەسلی یەکەو لەنگی یەکەی بە ئاشکرا دیارە ، ئەوەش کە من لە بیرمە ئاوایە .

« بەجارێ گشت لە چەپلە دەن .
بۆ جوانە مەرگانی وەتەن
هیوادارم مامۆستا محمدی مەلا کەریم کە دڵسۆزانە دوو جار هەوڵی مەردانەی بۆ چاپکردنی ئەم دیوانە داوە ، ئەم سەرنجە بچووکەم ڕەچاو بکات و هەوڵی ساغکردنەوەی بدات چونکە من وەك وتم :

بەڵکەم هەر ئەوەیە ئەو کاتە ڕاستەوخۆ پێم لەبەرکراوە تا لەگەڵ ئاوەڵەکانما بە دوای تەرمەکانەوە بە ئاواز بڵێین .

سلێمانی : ٢٠ –٧– ١٩٨٠

Institut Kurde de Paris

ئەمەریکای لاتینی
شەڕی «ڕەوشت»ی ئەمەریکایی

لەم دواییەدا شەڕی چەکدارانەی سلفادۆر بە جاری توند بووەو ئەم شەڕە ، نەك هەر لە سلفادۆردا بەڵکو هەندێ ناوچەی تری ئەمەریکای لاتینی گرتۆتەوە ، شەڕ لە نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانو هێزەکانی ئەو حکومەتانەی لە لایەن ئەمەریکاوە پشتیان گیراوە .

بەڕێوەبەرایەتی نوێی ئەمەریکا لە سەرەتای ئەمساڵداو هەر راستەوخۆ دوای ئەوەی کاروباری گرتە دەست ، هەنگاوی خێرایی‌نا بۆ زیاد کردنی یارمەتی عەسکەری‌و ئابووری بۆ ئەورژێمە دیکتاتۆریانەی لە ئەمەریکای لاتینی‌دا بەمەوەبەستراون .

لە کاتی خۆیدا بیانوی ئەم کارە بە زمانی نێردراوی نوێی ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە لە نەتەوە یەکگرتوەکان « کێرك باتریك » ئەوەبوو (کە حکومەتی نوێی ئەمەریکا زیاتر توند دەبێت لەبەر پەرچدانەوەی شەڕی چەتەگەریدا لە ئەمەریکای لاتینی) دیسان رۆناڵد ریگان ئەرکی پاراستنی رژێمە دیکتاتۆرەکانی لەو ناوچەیە وا باس کرد کە پاراستنیان لە دەست شۆڕشە میللیە هەڵگیرساوەکانی (ئەرکێکی ڕەوشتیە)و لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا پێویستە لە رادەی بەرگە گرتنیابێت .

لە راستیدا قەوارەی (هوی ڕەوشت)ی کە جموجوڵی ئەمەریکا پشتی پێ‌بەستوە ، کەلەبەریکی (١٤) هەزار ملیون دۆلاری پڕدەکاتەوە کە ئەمەریکا راستەوخۆ لە هەندێ ولاتی ئەمەریکای لاتیندا خستۆتیە کار .

بێگومان ئەم هاندەرە« ڕەوشت »یەی رژێمی واشنتۆن بایەخێکی گەورەی پیداوەو وای کردوە ببێتە لایەنی راستەوخۆی پشتگیری‌تەواوی رژێمە دیکتاتۆرەکان‌و بە تایبەتی لەو شەڕەدا لەسلفادۆر بەرپا بوە بەو مەبەستەیە ، کۆتایی بارەکەبە لای سوودی خۆیدا بشکێتەوە ، لەپیناوی ئەم‌ئامانجەدا ئیدارەی ئەمەریکا ١٦٫٣٠٠ سەربازی‌ئەمەریکایی خستۆتە ژێر دەستەڵاتی راستەوخۆی‌رژێمە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە ئەمە بێجگە لە باربووی تری‌کە بریتین لە :

١ - یارمەتی عەسکەری‌خێرا بۆ ئەو رژێمانەی لە سلفادۆرو هندوراس‌و گواتیمالان .

٢ - زیاد کردنی مەشق‌کردن لە سەر بەربەستی شەڕی چەتەگەری لەسەربازگاکانی ئەمەریکا لە ناوچەی نۆکەندی پەناما .

٣ - زیاد کردنی چالاکی‌مەشق لە سەربازگەکانی هەریمی فلۆریدای ئەمەریکابۆ پەنا بەرەکانی کوباو پاشماوەکانی سوپای‌سومۆزای دیکتاتۆر .

لە بەردەم ئەم بارەداپێویستمان بە پرسیارێکە ئەم بارە تاکەی دەکێشێ ، بەڵام‌بێگومان پێویستمان بەو پرسیارە نیە ، ئەنجام کێ سەردەکەوێت . چونکە نموونەی گەلی نیکاراگوامان‌لەبەر دەمدایە کە بەڵگەیە بۆ ئەوەی گەلان دەزانن چ‌لێدانی ئاراستەی « ڕەوشت »ی ئەمەریکیادەکەن .

بابەزویی بچینە ناو باسەکەوە ، ئێران لە ساڵی ١٩٤١وە کەوتۆتە ناو گێژاوەکەوە ، نوسەر دەگەڕێتەوە بۆ ئابی ١٩٤١ ، دوای ئەو کێشەو گیرو گرفتانە دەکەوێ کە یەك لەدوای یەك یاری بە دەسەڵاتدارێتی فارس دەکرد ، ئالێرەوە بەشی یەکەمی کتێبەکە دەست‌پێ‌دەکات کە لە ژێر ناوی (ئێران لە بازنەی بێ‌ئارامی)دایە ، دەربارەی کێشەی ئابوری‌ئێران لەنێوان هەردوو شەڕە گەورەکەی جیهانەوە دەڵێ :

کلۆرێك کەوتبووە ناو کۆمەڵی ئێرانەوەو لەژێرەوە دەیپوکانەوە ، ئەمەش هەر لە سەرەتای مەسەلەی نەوتەوە لەئێراندا سەری هەڵدا ، وڵات لەدەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتداریدا دەژیا ، پیاوە ئاینی‌یەکان ، بە ساویلکەیی‌یەکی بێ‌سنورەوە دەستێکی باڵایان پەیداکرد بوو لە هەمو دیزەیەکدا ئەسکوێ بوون .

ئەمە لەکاتێکدا کە تاران دەینالاند بەدەست دزو جەردەو پیاوخراپانی چەکدارەوە .

لایەنە‌ریەتبوونی شتە بریقەدارە رووکەشەکانی ناوەوە بە پێترین‌و لەبارترین پیانوبوو بۆ پەیدابوونی دیکتاتۆریەتێکی موتلەق ، ئەمەش بەتەواوی لە دوای کەوتنی (مصدق) هاتەپوو (ئەو هێلکە دوو زەردێنە ئێرانی‌یەش خرایە ناو سەبەتەی ئەمەریکاوە) !!

لە (٢٨)ی ئابی ١٩٥٣دا وتووێژی نێوان ئێران‌و بەریتانیا دەستی‌پێ‌کرد سەبارەت بە نەوت ، بەڵام بەرلەوەی ئەم وتووێژە کۆتایی بێ سەرۆك (ئایزنهاوەر) راویژکەری تایبەتی خۆی نارد تاران ، (هربەر هۆفەر) وای پێشنیار کرد کە گوایە نەوتی ئێران بەبێ کومپانیا جوربەجۆرەکان سودی لێ‌نابینرێ جا نابێ تەنیا بەریتانیا ئەم (ئالتونە رەشە) بگرێتە دەستی خۆی .

ئەم دەستکێشانە ناو ئابوری‌یەی ئێرانەوە لە لایەن مۆنۆپۆلەکانەوە یەکەم کوتەك‌بوو کە درا بە قەبرغەی ئابوری ئێراندا .

ئەمەش ئەوە دەچەسپێنێ کە ئەم (ئەخۆشی‌یە)ی ئێران ماکەکەی گەلێ قوڵەو رەگی لە دەمێکەوە داکوتاوە ، ئەو دەسەڵات‌و رژێمانەشی دەهاتنە سەر تەختی فەرمانڕەوایی هیچ چارەکردنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەبوو جگە لە داپۆشینی دەردەکە نەبێ کە وردە وردە لەژێرەوە بۆگەنی دەکرد ... ئەمرۆش ئەوەتا دەردەکە لە شێوەی (ئایەتوالله)کاندا سەری هەڵداوەتەوە ، بەشێوەیەکی گەلێ جەرگبڕتر لە جاران .

بەشی سێیەم لە کتێبەکە ناونیشانی (شۆڕشی سپی گرتۆتە خۆی ... بەشەکە بریتی‌یە لە شی کردنەوەیەکی دەسەڵاتداریتی (محمد رەزا پەهلەوی)و لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەو ئالۆزی‌و هەرەسەی کە لەژێر پەردەی بریقەدارو رەنگاورەنگدا خۆیان مات‌کردبوو .

یەکەم ئەهامەتی‌یەك کە هەبوو بریتی‌بوو لەو (تەوژمە ئاوەی لەژێر پێی شادا دەڕێ‌و بێ‌ئەوەی گوێی بداتێ‌ یان هەست بە بوونی بکات) ، ئەو تەوژمەش نوسەر بە (پسەپس‌و جوربەجۆری ئاینی) دادەنێ .

بۆ یەکەمجارە هۆشەنگ نەهاوەندی پەردە لەروی ئەو نهێنی‌یە دادەماڵێ‌و باسی ئەو هەمو پارە زۆرە دەکات کە خەرج‌کرا لە پێناوی کۆکردنەوەی بەرە جوربەجۆرەکانی دژ بە شاو فوتێ‌کردنیان بە قین‌و رقەبەرایەتی بەرامبەر بەدام‌و دەزگای شاهنشاو دەورو بەرەکەی .

ئەو سینلریۆیەی (خومەینی) داینابوو لەپڕ بەسەریا قلپ بۆوە : شا بڕیاری‌دا بە گرتنی ئەو (پیرەمێردە)و بەزۆر لە جێگایەکدا دانێن ، ئەمەش بە تاوانی کوشتن‌و کۆکردنەوەی دوژمنانی تاجی ئیمپراتۆری لە بەرەیەکداو هاندانیان بۆ دوژمنایەتی کردنی رژێم .

پشکنین‌و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانیشدا دوایی دەری خست کە حیزبی (توده) دەورێکی گەورەی بینی لەو رواڵەتە دەست‌درێژی کەرانەیەی کە رژێمی پەهلەوی هەیبوو .

لە دەورووبەرێکی ئالۆزی ئاواوادا زۆر زۆرداری نەش‌ونمای دەکرد ، ئەو شایەی کە بۆ ماوەیەکی زۆر وای دەزانی سەربەسەتە لەوەدا کە وڵات بەرەو کوێ‌بەرێ‌و چۆنی لێ‌بکات وەك هەویرێك کەوتە خەوو خەیاڵاتی دۆنکیشۆتیانەوە ، ئەوانەی دەوروپشتیشی هەستیان بەو تەڵەیە نەدەکرد کە بۆیان نراوەتەوە ، جا هەر خەریکی خۆیان بوون‌و خەڵکی‌یان پشت گوێ خستبوو .

بەرامبەر ئەمەش هەندێ لە روناکبیران کە دژیان دەوەستان‌و خەڵکی‌یان لێ هان دەدان .

نوسەر - لە کتێبەکەیدا - بەخێرایی بەسەر باسی (چارەکردنی کشت‌وکاڵ)دا تێ‌پەڕ دەبێ ، ئەو هەنگاوەی کە شا نای بۆ دابەشکردنی زەوی بەسەرفەلاکانداو بە ژمارە چەندێتی ئەو کەسانە دەخاتە ڕو کە کەلکیان لێ‌وەرگرت .

بەڵام لە کۆتایی‌دا دێتەر سەر ئەوەی کە ئەو چارەکردنە گشتی‌و تەواو نەبوو تا سنورێ دانێ بۆ سستی‌و خاوی جوتیارەکان .

زەرویەك لە گۆڕیدابووو نان‌و بەشی خەڵکی دەمژی‌و لەپەنا تاقمێکی کەمیشدا چاودێری دەکرا . ئەمە لەو دامەزراوە ئابوری‌و پیشەسازیانەدا خۆی دەنواند .

ئالێرەوە هۆشەنگ نەهاوەندی دەگاتە ئەو سەرەنجامەی کە (دەوڵەتی شاهنشا لە دوو توێ‌کانی‌دا تۆوی هەرەس‌هێنان‌و ڕوخاندنی خۆی هەڵگرتبوو ... ئاوێنەیەبوو پرشنگی دەدایەوە ، بەڵام ڕبوو لە درزی شارراوە ، هەڵەی شاش لەوەدابوو کە ئەو درزو کەلەبەرانەی نەدەدی ...)

بەشی چوارەم (دیاردەکانی گیروگرفتەکە - یان رێرەوی وردوخاشبون) لەوەدا دەردەکەوێ کە هەندێ لە بەختەوەرەکان توشی ئینتەلا - تخمە - ی پارەو سامان بون ، ئەمەش لە ڕێی ئەو سودو قازانجە زۆرەی کە لە فرۆشتنی نەوتەوە بۆیان دەمایەوە ... سودو قازانجێکی وا کە بە خەیاڵی دادەنرا !!

ئەم واقیعە جیاوازی نێوان شارو لادێکانی فراوانتر کرد، ئەمە لە لایە ، لە لایەکی دی نێوان جوتیاران‌و خاوەن پیشەسازی‌یەکان فراوانتر بووەوە ، هەتا ئەو لەشکرەی شا دەیویست بە تازەترین شێوە پرچەکی بکات لە خەونێکی خۆشدا دەژیا ، خەون بە پارەو سامانەوە لەسەر حیسابی بیروباوەڕو خۆئامادەکردن .

دوای ساڵی ١٩٦٤ شا پەستی‌و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر پیاوە ئاینی‌یەکان دەربڕی ، شاری (قوم) بووە بنکەی شا نەویستەکان ، هەمو دەرگایەکیشی بۆ وت‌و وێژو رێکەوتنی هەردوو لا داخرا ... ئەم مشت‌ومڕەی نێوان هەردوو لا زیاتر ئەوانە پەرەیان پێدا کە بە هەزارەهایان دوای تەواو- کردنی خوێندن لە دەرەوەی وڵاتەوە گەڕانەوە ، ئەمانە لە هەندەران شارستانی‌یەتی ڕۆژ ئاواو شتە باوەکانی سەردەمیان باش دابووە بەر تیشکی توێژینەوەو رابوردوی ئەو شارستانی‌یەتەیان مشت‌و ماڵ کردبوو ، جا لەگەڵ ئەوانەی کە دەیانویست ببنە کۆسپێ لەڕێی گۆڕانی وڵاتدا دژ بە یەك وەستان .

ئێران بووە چێشتی مجێور ، ئەوەندە زمان‌و بیرو . باوەڕو نەریتی تیا کۆبۆوە ، ئەو پەڵەیەی کە دوژمنانی رژێمەکەش دەیانویست زیاتری‌کەن دوای هاتنی (جێمی کارتەر) پەرەی سەندو فراوانتر بوو .

لێرەوە ئیتر بەندو باوی ئەوە بلاوبۆوە کە گوایە تەقینەوەیە دژی شا رودەداو نەیارانی شا پیرۆزی وەدەستدێنن .

ئەو راستی‌یەی چاودێری کەرەکان لەم ماوەیەدا دەیگەنێ ئەوەیە کە هیچ جۆرە رێکەوتنێ نی‌یە لەلایەك لە نێوان دەوڵەت‌و پیاوە ئاینی‌یەکاندا ، لە لایەکی دی دەوڵەمەندو داخ‌لەدڵەکان بەرامبەر رژێمی شا .

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانیشە ئەوەیە کە نوسەر زۆر لەسەر ئەوە سورە کە شا خۆی ئەو تەقینەوەیەی دژی رژێمەکەی چاوەڕوان دەکرد بەبێ ئەوەی کارێکی وا بکات کە بەرهەڵستی بکا یان بدا بە سەری ئەوانەی بەو تەقینەوەیە هەڵدەستن .

ئایا وەك دەڵێن : تۆ بڵێی دەسەوسان‌بووبێ بەرامبەر ئەو پێشهاتە ؟ یان رێگای چۆڵ‌کرد بۆ لافاوەکە تا هەمو شتێ ڕابماڵی لەگەڵ خۆیدا ؟

نوسەر دەڵێ : لە کانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٣دا، شا ئەنجومەنێکی، لە روناکبیران پێك‌هێنا ، ئامانجی لەمە ئەوەبوو کە (لە پاشەڕۆژی ئێران بکۆڵنەوە) ... لە ماوەی پێنج ساڵدا، ئەمانە لێکۆڵینەوەیەکی پێنج هەزار لاپەڕەیی‌یان خستە بەردەستی شاهنشا ، تیایدا هەمو لایەنەکانی ژیانی دەوڵەت‌و میللەتیان شی‌کردبۆوە ، پەنجەیان بۆ ئەو (شتە) راکێشابوو کە مەترسی‌یەکی گەورەیە بۆ وڵات‌و خەڵکی .

لە ١٩٧٤دا سەرۆکەکانی زانکۆی تاران‌و شارەکانی دی توێژینەوەیەکیان بەرزکردەوە، تیایدا هەموو لاوازی‌و کێشەیەکی دەوڵەتان خستە ڕو ، باسی خراپەکاری‌و سەرکوتکەرانەی هاوبەشی سیاسی‌یان دەکرد .

هەموو ئەم تێبینی‌یانە مەرەکەبێ بوون لەسەر ئەو پەڕە کاغەزانەی لەسەری دەنوسرانەوە ، کەسانی وا هەبوو کە کۆششیان بۆ ئەوە دەکرد کە ئەو شمشێرەی بەسەر سەری وڵاتەوەیە هەر بمێنێتەوە ، ئەم ترسە بووە هۆی بەرپابوونی (سەردەمی کوێرێتی) .. ئەمەش ناونیشانی بەشی پێنجەمی کتێبەکەیە .

لێرەدا ئێمە لەبەردەم سەرهەڵدانی خومەینی‌یەکانین لەسەر شانۆی سیاسی ئێراندا . خۆپیشاندان شەقامەکانی تارانی سوردەکرد بەخوێن ، میللەت‌و سوپاو قوتابی‌یان لە لێشاوێکی قین‌دا بوون ... ئەوانەی ئەم ئاگرەشیان خۆش دەکرد لە دوو تەوەردا بوون ، پیاوە ئاینی‌یەکان‌و ئەوانەی دەیانویست جێی شا بگرنەوە دوای روخاندنی .

بەڵام ئەنجام لەوەش تێ‌پەڕی کە میللەت بیری شاهنشا لە کەوتنەخوارەوەیدا لێ‌دەکردەوە ... تاجی دەنگی دایەوە ، (ئوفتادە)ی لوندلوشاتو[1] دەگاتە تاران ، بەڵام ترس‌و گومان لە پاشەڕۆژی ئێران دەوری هەموانی دابوو .

نوسەر گاڵتەی بە هاوارو بە یەکاچوونی ئەوانە دێ کە هاتوون بە پیری‌یەوە : ڕۆژێ دەبێ گەلانی ئێران بگری ، چونکە ئێران چووە ناوچەی گومان‌و بێ‌ئارامی‌یەوە ، ئەوەش بە هاتنەوەی خومەینی ، دەنگی پیاوچاکان کپ‌دەکرێ‌و لە ژێر ئاین‌پەرستانی ساویلکەدا دادەپۆشرێ‌و ئێران دەبێتە گژماوێکی خوێن ... ئەم قسانە فاڵچێتی نی‌یە ، بەڵکو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو پشکنینی نوسەرەوەیە ، ئێستاش لە دەرەوەی وڵات هۆی وێرانی‌و کاوڕی رژێمەکە دەستنیشان دەکات .

بەڵام ئەو بەشەی کە تایبەتی‌یە بە شەڕی نێوان عێراق‌و ئێرانەوە ، ئەوە بەشێکی تایبەتی بۆ دادەنێین، بەهۆی گرنگی باسەکەو لەسەر ئاستی رۆژەڵاتی ناوەڕاست .

نوسەر دەڵێ :

ئێران وەك هێزێکی سەربازی لەسەر نەخشەی ناوچەکە ون‌بوو ، بەهۆی ئەو تێ‌شکاندنانەی لەم شەڕەدا گرفتاری بوو ...

لەشکری ئێران هەتا ئاشکراکردنی رژێمی کۆماری هەر دڵسۆزی تاجی شاهنشابوو ، زۆر لە ئەفسەرەکانی ناچاربوون وڵات بەجێ‌بێڵن یان دەست‌بکەن بە کاری تر .

لێرەدا دەوری پاسدارانی خومەینی پەرەی سەند کە زوربەی ئەندامەکانی لە بەندو بێ کارو سەرەڕۆکانن ... زوربەیان زۆر بە باشی کارە خراپەکانیان بە ئەنجام دەگەیاند ، بەڵام بەرپاکردنی ئەمن‌و ئاسایش ، ئەوە بۆیان نەدەکرا .

خومەینی‌یەکان زۆر لە کەسانی خراپەکاریان هێنایە گۆڕێ بۆ کارکردن ، وەك دەینین زوربەیان لە (بەکادیمی سەربازین)و باشترین خزمەت گوزارێکیشی بۆ ئیسرائیل رژێمی خومەینی‌یە .

ئەمڕۆش ، ئالۆگۆڕی بازرگانی نێوان ئیسرائیل‌و خومەینی‌یەکان بەهۆی کومپانی‌یە جیهانی‌یەکانەوە لە

کتێبی هەفتە
ئێران ١٩٤٠-١٩٨٠
کێشە، شۆڕش و کوێرەوەری

گۆڕینی وەرزێرێك

« هۆشەنگ نەهاوەندی » زانایەکی ئابووری ئێرانی‌یە-وماموستایەکی پێشوی‌زانکۆی تارانەو ئێستا لە پاریس‌دا دەژی ، تا ئێستادوو کتێبی دەربارەی ئێران‌و کێشە جۆربەجۆرەکانی لەسایەی رژێمی ئێستایدا دەرکردووە ، وا لێرەدا پیاچوونەوەیەکی کتێبی‌دووەمی دەکەین کە لەم‌چەندانەدا لە پاریس بەچاپی گەیاندو بڵاوکراوەتەوە ، کتێبەکەی بەناوی (ئێران١٩٤٠ - ١٩٨٠ کێشە ،شۆڕش‌و کوێرەوەری)یە ، ڕۆژنامەی - الثورة - لەژمارە (٣٩٩٨)ی ڕۆژی٨-٥-١٩٨١دا ئەوبیداچوونەوەیەی پێشکەش کردو ئێمەش بەچاکمان زانی‌کە پێشکەشی خوێنەرانی‌کوردی بکەین .

Institut kurde de Paris



یەکەم کونگرەی حزبی کۆمەڵەی نیشتمانی پێشکەوتنخوازی میسر وەلامی ئەم پرسیارە دەداتەوە وەلامەکەی بە نووسراوێکی سیاسی گرنگ دەداتەوە کە لە کونگرەکەوە لە ژێر دروشمی (لەپیناوی رزگارکردنی سەربەخۆیی نیشتمانی) دا دەرچوەو بۆتە هوی سەرنج راکێشانی هەموو هێزە بەربەرەکانێ کارەکانی ناو میسر .

نووسراوەکە دەڵێ (باری ئیستای میسر تەنیا وا باس ناکرێت کە مانای دەستدرێژی کردنە سەر رێژی نیشتمانی دەنوێنێت یان مانای لە دەستدانی سەربەخۆیی بەڵکو بارێکە هەموو نیشانەیەکی کلکایەتی‌و خۆ کردنە پاشکۆی بێگانەی پێوەیە) . لەبەر ئەوە پێویستە تێکوشانی بزوتنەوەی نیشتمانی میسر ئاراستەی رزگار کردن بێ لە هەموو پەیوەندیەکی بوونە پاشکۆی ئیمپریالی جیهانی لە رووی ئابووری‌و سیاسی‌و رۆشنبیری‌و عەسکەری‌یەوە .

لە چوارچێوەی ئەم کلکایەتی‌و خۆ هەڵواسینەشدا رژێمی میسر هەندێك جار جموجوڵو کردەوەی وای لێ دەوەشێتەوە ، کە گوایە ، وای پیشان دەدات میسر خاوەنی بریاری سەربەستانەی خۆیەتی کەچی لە راستیدا ، لە دوایدا ، ئەو جۆرە جموجوڵەش وا دەکەوێتەوە کە خزمەتی ئیمپریالی دەکات ، تا رادەیەك هەروەك ئیمپریالی خۆی ئەو کارەی راپەڕاندبێت .

دیسان ، ئەوەی رژێمی میسر لەرووی پتەو کردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئیمپریالی ئەمەریکادا بە ناوی (ئاشتی)یەوە بەدی هێناوە هیچ نەیتوانیوە ناکۆکی مبژووی لە نێوان زایونی‌و ئەتەوەی عەرەبدا لابەرێت ، بەڵکو ئەوەی رووی‌داوە گواستنەوەی (دەوڵەتی میسر)ە لە ئوردوگایەکەوە بۆ یەکێکی تر ، جا لەبەر ئەوەی میسر سەنگێکی باش‌و گرنگی هەیە لە ناوچەرگەی بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەبدا لایەنەکانی ئەم رووبەرووبوونەوە پرگرێیە نیشتمانیەتی میسر کە تۆماری پەیوەندیەتی بە بزوتنەوەی نەتەوەیی عەرەبەوە خستوبەتیە کێشەیەکی ترسناکەوە .

لایەنەکانی خۆ هەڵواسینی رژێمی میسر بە ئیمپریالی جیهانیدا

١ - لایەنی عەسکەری :

رژێمی میسر ، ماوەی کردنەوەی بنکەی ئاسمانی‌و دەریای‌و زەمینی لە رۆژئاوای قاهیرە داوە بە ئیمپریالی ئەمەریکا، بێجگە لە شاری قناەو رأس بینامس‌و دەریای سوور . بێگومان ناشگونجێ .

ئەم رێگا ئاسان کردنانە - وەك سەرۆکی رژێم دەیەوێ وای ناو بنێت - بۆ رووبەرروبوونی ترسی زایونیەکان بێت ، ئەوەتا ئەمە ریکا بەئاشکرا دەڵێت بنکەکەی بنیاس (چاکترین بنکەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ رووبەرروبوونی هەر رووداوێك لە ژێر خەلیج روو بدات). ئەمە سەرەرای ئەوەی سەرۆکی رژیم رای دەگەیەنێت کە ئامادەیە مافی چەك خەزن کردن لە میسردا بدات بە ئەمەریکاو مافی ئەوەشی دەداتێ میسر بکات بە بنکەی کاروباری جەنگی بە کار . مانای ئەوەیە دەیەوێ میسر بگۆڕێ بە بنکەیەکی ئەتۆمی‌و گفتوگۆش لە نێوان قاهیرەو واشنتۆندا هەیە بۆ رێگادان بە پاپۆرە ئەتۆمیەکانی ئەمەریکا بە نۆکەندی سویسدا بڕۆن‌و لە ساڵی ١٩٧٤ وە هیزی ئەمەریکا لە سەر خاکی میسر هەیەو لەوێ‌وە رێگا خۆشکراوە بۆ بوونی هەمیشەیی هیزەکانی لە سەر خاکی میسر .

٢ - لایەنی سیاسی :

رژێمی میسر پلەپلە وازی لە هەڵویستی نەتەوەیی هیناوەو وردەوردە چوە سەر هەڵویستی « ئیسرائیل »و ئەمەریکاو پێکەوە گونجان‌و مەسەلەی فەلەستین لای ئەم رژیمە گۆڕراوە بە تەنیا داواکاری حوکمی محلی کە ئینکاری ئەوە دەکات ئەم مەسەلەیە مەسەلەی گەلی عەرەبەو رژیمی میسر داوا

بڕوانە ل : ٥

عبدالوهاب تاڵەبانی
نووسینگەی هەولێر

سەرۆکی راپەراندنی ناوچەی کوردستان

دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لەکوردستان ، لەپاڵ جێبەجێکردن و بەسەرکردنەوەی مافە نەتەوەیی‌یەکانی گەلی کوردمان و ، هەوڵدانی بۆئەوەی بەچاکی و بەپێی یاسای ئۆتۆنۆمی ئەرکەکانی سەرشانیان راپەڕێنن ، لەگەڵ ئەمانەشداو ، دژی رژێمی رەگەزپەرستی خومەینی زۆر ئەرکی نیشتمانیش جێبەجێ دەکەن ، ئینجا بۆ ئەوەی خوێنەران ئاگاداری ئەو چالاکیانە بن .

رووماڵکردە بارەگای ئەنجومەنی راپەراندنی ناوچەی کوردستانو ، لەوێ چاومان بە بەڕێز مامۆستا جمال شریف ، سەرۆکی ئەنجومەنی ناوبراو کەوت ، کە لەو بارەیەوە باری سەرنجی خۆی دەبڕێ . . . لەوەڵامدا وتی :

– لەراستیدا دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی هیچ درێغی‌یەکیان لەپشتگیری‌کردنی جەنگی رەوای گەلەکەمان (جەنگی قادسیەی صدام)دا نەکردوەو ، بەهەر شێوەیەك بۆیان لوابێت چالاکی خۆیان نواندوە ، بەڵام پشتگیری‌کردن دوو شێوەی سەرەکی گرتۆتەوە:

یەکەمیان :

خۆبەستنەوەی دڵسۆزانە بە پرۆگرامی شۆڕشەوەو ، سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی ئەوەی کە بەرامبەر بە گەل دەکات و ئەم جەنگە هی هەموو گەلی عیراقمانە بەکوردو عەرەبیەوە دژی دوژمنێکی رەگەزپەرست .

دووهەمیان :

لایەنی راگەیاندن . . لەکوردستان چەندین کۆڕو هەمو ئەو پرۆژانەی لە کوردستاندا بەدەستەوەن تەواو بکرێن . . . کاربەدەستان و هاوولاتیانی کوردستان زۆر کارامەو ئازایانە قۆڵیان لێهەڵماڵیوە بۆ بەئەنجام گەیاندنی هەموو ئەو پرۆژەو کارانەی لە ناوچەکەدا جێبەجێ دەکرێن ، بێگومان ئەم کارە دەوری گەورە لە پێشکەوتنی وڵاتدا دەبینێ، کە خۆی لە خۆیدا پشتگیری‌کردنێکی تەواوی جەنگی رەوای گەلەکەمانە دژی تاقمە رەگەزپەرستەکەی خومەینی .

رووبەرووبونەوەی تایبەت بە لێکۆڵینەوەو بەکاڵاکردنەوەی باری جەنگی قادسیەی صدام لەلایەن ئەمانەتی گشتی رۆشنبیری‌و لاوان‌و ئەمانەتی ئەوقاف‌و دامودەزگاکانی ترەوە بۆ هاوولاتیەکان کراوە ، هەروەها رێکخراوە میللی‌و پیشەیی‌یەکانی ناوچەش دەوری باڵایان لەم بزوتنەوەیەدا هەبوە ، ئێمە لەم کۆڕانەدا بەدوورو درێژی باسی رەوایی هەڵویستی وڵاتی خۆمانمان کردوەو ئەوەمان

خومەینی‌و هێرشە نارەواکەی بۆسەر کوردستانی ئێران چیە ؟

– رژێمی خومەینی جادووگەر ، وەکو رژێمێکی شۆڤێنیست‌و رەگەزپەرست دیسانەوە پێناسی خۆی بۆ دونیا دەرخست کاتێ هێرشە سوپایی‌یە ناڵەبارەکەی کردە سەرخەڵکی کوردستانی ئێران کە تەنیا داوای مافی نەتەوەیی رەوای خۆیان دەکەن ، ئینجا لێرەداو هەروەکو سەرۆك صدام حسین رای گەیاندوە ئێمە لەگەڵ خەباتی رەوای گەلانی ئێران‌داین ، بەتایبەتی خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران‌و ، بەهەڵیشی دەزانین کە نارەزایی توندی خۆمان بەرامبەر درۆو دەلەسەکانی خومەینی جادووگەر دەربڕین کە گوایە تەرمی ئیمامی عەلی (د. خ) لەنەجەف گواستراوەتەوە بۆ (قوم).. ئەو درۆ گەورەیەی کە هەموو جیهانی موسڵمانان بێزاری خۆی بەرامبەری دەربڕی .

● ئایا بیرکردنەوەیەکی تایبەتیتان بۆجێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشانتان وەکو سەرۆکێکی نوێی ئەنجومەنی راپەراندن هەیەو چۆن تەماشای پاشەڕۆژی ئۆتۆنۆمی کوردستان دەکەن ؟

– پێشنەکی پێویستە ئەوە بڵێم : ئەوی تائێستا کراوەو دەزگاکانی ئەنجومەنی راپەراندنی کوردستان کردوویانە شتی چاکن‌و ، هەنگاو بوون بۆپێشەوە ، بێگومان هەموو تاقی‌کردنەوەیەکی تازە بەتایبەتی کە لەگەورەیی ئەم تاقی‌کردنەوە مەزنەدا بێت کە لەسایەی [illegible]ی ١٧/ی تەموزدا بۆگەلی کوردمان هاتەدی ، دەڵێم تاقی‌کردنەوەیەکی ناوا پێویستی بە وەخت‌و کاتی پێویست هەیە تا رێگەی خۆی بگرێ‌و ، پراوپڕ مەبەستەکانی جێبەجێ بکات ، من دڵنیام لەوەی کە بەپشتگیری‌کردنی سەرکردایەتی شۆڕش‌و پاڵپشتی بەردەوامی سەرۆکی خەباتگێڕمان هەڤاڵ صدام حسین‌و پشتگیری‌کردنی رۆڵەکانی گەلەکەمان لەکوردستان رۆژ لەدوای رۆژ ئەم تاقی‌کردنەوە گەورەیە بەرەو پێشەوە دەچێ‌و ، لەسایەیدا گەلی کوردمان بەهەموو مافە دەگات‌و لەهەمان کاتیشدا ریزەکانی هەموو گەلی عیراقمان پتەوتر دەبێت، بۆ پاراستنی سنوورەکانمان‌و بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەوانەی کە چاویی وێرانکاریان بریوەتە شۆڕشی مەزنی گەلی عیراقمان . . ئێمە پێش هەموو شتێ ئەمڕۆ ئەوەمان لەسەرە بەگەرمی‌و بەهەموو توانایەکەوە بەشداری راپەڕینی گەلەکەمان بکەین دژی دەستدرێژی حوکمڕانە فاشیستەکانی ئێران‌و نەهێڵین پیلانی دوژمنان بەرامبەر کانگا شۆڕشگێڕەکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە ئەم عیراقەیە سەرکەوێ .. دواپیش لەسەرمانە پشتگیری تەواوی دەزگاکانی ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان بکەین‌و بیروڕایان کە بیروڕای میللەتی کوردمانە بگەیەنینە سەرکردایەتی سیاسیمان‌و ، لەهەمان کاتیشدا لەمەیدانی پەرەپێدان‌و راپەراندنی پرۆژەکاندا لە جاران چاکتر‌و ئازایانەتر کاربکەین .

● راتان بەرامبەر درۆو دەلەسەکانی رژێمی خومەینی لەمبارەیەوە چییە ؟

– ئەوەی کە عیراق بەسەرۆکایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر کاك صدام حسین بەرگری لەمافی زەوت‌کراوی کوردی لەئێران دەکات‌و ئەم جەنگە بەرووی کردۆتەوە

نەهەموو گوتنێنێ مەزنا گیرالد بەرینا

گەلەك ژمە وەهزر دگن کو قەسێن مەزنان ، یان قسان گوتنێن دبێژنێ (پەند) ، مەزنو پێشی‌یێن مللەتێ کورد ژکەفندە دانینەو میراتێ وانە بۆ مە مایە . . راستە میراتە ، لێ هەتا نوکا ژی تێنە دانین‌و کانی‌یا وان چك نەبوویەو چك نابەژی . هەر ئاخفتنەکا مللەت ، یان خەلکێ دەفەرەکا پان‌و فەرەه گەلەك بکاربینن ئەمێ شێن فێ نافی لێ‌بنن.

خواندەواریێ هێژا ئەم نکارن خوە گوتە هکارکن‌و بێژن ئەف چەفێ فلکلۆری ژرستنا داناو زانانە .. چونکو ئەهەموو قەسێن مەزنان گیرالدبەرینە ، کەت‌و ماتەك هەیە بیرو هزرەکا کەفنەپەرست‌و بەرماکی یێن توخم پەرستی‌یێ و دەرەبەگایەتی‌یێ دخەنە پێش چافان .. بۆ نموونە :

● ئاقلێ کرمانجی ژباش تێ .

● چ بابێ هات بێدەرا خوە لێ‌بدە بای .

● ئاقلێ کوری ، سەتێ بری .

● خوشکێ ، گوی مریشکێ، کولکا ل. ئەنیشکێ. گەلەك قەسێن ژفی نفشی هەنە ، لێ ئێرە نەجی‌یا رێزکرنا وانە ، وهندەکێن دی هەنە دژی یەك رادەوەستن .. وەکی فان پەندێن ژێری :

● هەکە گول‌نەبی ، ستری ژی مەبە .

● یان مێرەکی باش بە ، یان بفرو داس‌بە .

● کچ تەشیا دایێ درێسە ، کور کفانێ باڤێ دژەنە .

● ژ وەلی‌بان دبنە خوەلی ، ژ خوەلی‌بان دبنە وەلی .

هندی گوتنێن مەزنانێن کەلەپورێ کوری مللەتی‌یە ، فێجا کا چاوا تلی‌یێن دەستا هەموو وەکە هەڤ نبنن ، کورێن مللەتی ژی قەنجو خراب ژێ رابووینە هەلبەت نەباشان ژی تلی یەك دڤەهوونان‌و رستنا فلکلۆری دەهەبە دکۆچك‌و سەرایێن دەرەبەگان‌دە هەر بوون بەردەڤك‌و گزیرو رەشەکێن ئاغان ، نان‌و درافێ ئاغان چافێن وان وان کۆرەکربوون‌و مەژی یێ وان دکۆچك و جڤاتا باوەرو هزرێن نەرندو بێ رێ . رابوون‌و رووئشتنا وان دکۆچلە و جڤاتا ئاغان‌دەبوو نەدهشتن مرۆڤێ خیزان‌و کرمانج‌و زاربوان دەران بکەڤن دڤیا هەر دخزمەتا وان دەبونا (بانە) ، لەورا بچاڤەکی سڤك رێنانیە وان روومەت‌و رێزو بهایێ وان شکاندی‌یەو ژزك رەشی گوتینە (ئاقلێ کرمانجی ژپاشس تێ) چ ئەڤ کرمانجە کورد بە ، چ ژی قاتا ژێر دەست‌و رەبەن بە . ژبەرکو کرمانجان هندە جاران نەرازی بوونا خوە دەرخستی‌یە بەرامبەری ستەم‌و زۆری یا وان دکر ، یان نەرندی یێن وان ددانە رویان . وهەکە یەکی کرمانج ژ خوەرە کارەك بکراو تێر ژقرێژا دەستێن خوە بخوارا ، دا بشەڤ‌و رۆژ دەهۆلکا وی قوتن‌و بێژن : ئەڤی تێرخوار ، یان دێ مێرەکێ بکوژە ، یان دێ ژنەکێ برەڤینە .. هەتا دوهی‌و پێر گاڤانێ مەبوو تو دەبینی چ زوو لسەر پێ بابێ خوە چۆ . و ئەوان بخوە بێ کو تێر بخون (چونکو بچو تێر نەدبوون) مێر دکوشتن هەر وەکی پێشی‌و مێشان بکوژن‌و ژنا دلێ وان بکەڤتایێ (کەڤتبا یێ) درەڤاندن ، هەکە بێر ژی بوویا ، مێرێ وێ دشاندنە ری‌یا هات‌و نەهاتێ یان دناڤ خوەدە وندادکرن. ئەوانا دڤیا هەر مێرێ کرمانج بمایە خیزان‌و برسی‌و روت ، خزمەتکاری یاوان بکرا .. هەکە یەکێ ژوانا فەرمانا ئاغێ لئەردی بدا ، دووسێ رەشەکەك دشاندنە پەی (دهنارتنێ)و دا ئینە نیڤا جڤاتێ‌و دنە خەنجەران و بێژنێ. کەربافۆ .. چ هۆ کو لسەر پێ باڤێ خوە چۆی هەتا دوهی کوسایێ بەردەرێ مالا مەبووی ، مە کو بنان‌و ئەمەکێ خوە وێ مەزن کری .. و تو ئەڤرۆ فەرمانا من لئەردی ددەی‌و خوە دعزینی .. ئەز خودان ئوجاخم چو جاران خراب نابم ، مالا من نەبتە ئاڤایە ..

دوان دەلیڤان دە هندە مرۆڤێن رۆژپەرست‌و دوورو خوە دگەهاندنێ و دگوتنێ : مال باڤ کامباخۆ ، چ خودێ ژتە ستاندی‌یە ژڤی خەلکی هەمێ تو خوە نەوە کری دکی ، هشێن خوە بینە سەرێ خوەو تەبای عامێ هەرەشامێ ، دە هەرە دەست‌و پێن ئاغێ راموسە بەلکو تە ببەخشینە ، مال نەئاڤا چ بابێ هات مرۆڤ دێ بێدەرا خوە لێ‌بدە بای، کاوێ خودێ چاوا چێ‌کە .

خوندەواریێ هێژا ئەم نەشێن بێژن هەر کەسێ ڤان گوتنان بگیرەو بێژە ئەوژی هەڤالێ ڤێ دەستەکێ‌یە (دەستەکا بەزدەڤك‌و رەشەکان) نە .. نە چونکو ڤان هزران جی‌یێ خوە گرتی‌یە دناڤ مللەتێ کورددە نەمازە دناڤ وان کەسانده ئەوێن کو هەتا ئەڤرۆژی ب ئێل‌و ئوجاخ‌و باڤ کالان دخورن .. ئەوێن چو بهای نادنە ژنێ نەڤیانێ بەرێ خوە ددنێ لجەم وان وەیە کو ئاقلێ مریشکان دسەرێ ژنان دەبە .. نەڤێن بزانن کو ژن ژی وەکە وان مرۆڤە ئەوێ ژی خوە دڤیت .. ئەو ئاقلێ دسەرێ ژنێ ژی دەهەبە ، یاری‌یێن خوە بژنان دکن‌و ژهەڤرە دبێژن چو خێر ژسەرێ ژنێ چێ نابێ .. لەورا هەکە یەك ژوان ژنەك ئانی کور نەبوون ، وێ ژنەکا دێ لسەر بینە ، یانژی وێ بەردەو بکۆلانان بێخە،هەچکو کراسەك کری‌یە بەرخوە ، چ دەمێ بڤێ وێ ژبەر خوە بکە .

فێجا برانۆ نەهەمی قەسێن مەزنان ژ نفشێ بۆرینەو ژبەرێ وان کۆچك‌و سەرایێن زۆردار‌و ستەمکاران پەلان‌و ئۆیین تێدە درستن ژبۆ کو زارۆکێن کرمانجان بکنە سێوی‌و پشت دیوارە. بارا پتر ژڤان قەسان مەرجان‌و مراوی‌نە ، قرێژا دەست‌و لەپێن رەبەنانە ، سەرمایێ بیرو هزرێن زانانە، یانژی کورتیا چیرۆك‌و سەرهاتی‌یانە‌و هندەك ژێ مینا شیرەت‌و ئامۆژگاری‌یانە ، رێ‌یەکا باش دهاڤێژە بەر مرۆڤی ، مرۆڤ یەکسەر تێدگەهە بێ کو چیرۆکا وێ بزانە. وبارا پتر ژوان پەندێن وەکی شیرەتێ هاتینە ڤەهوونان بێ چیرۆکن ، و رەنگێ وەکی چیرۆکان یان ئەوێن هەکە چیرۆکا وان نەبێ گوتن مرۆڤ زوو ب زوو تێناگەهە ، وەکی مامك و پرسیاران تێن .

اسماعیل طه شاهین

یادەکا سەد ساڵەی کۆچی دوایی دستۆفیسکی

● ئەم سال سەد سالی تەواوە باوکی رۆمانی نەفسی‌و نووسەرە گەورەکەی رۆمانی جیهانی‌و خاوەنی شاکارەکانی (تاوان‌و سزا)و (گێل)و (برایانی کارامازوف) فیدور دستویفسکی لە شارێکی رووسیادا کە تاکو ئێستاش ناوی رووسیای پێوەیە‌و تاکو ئێستاش ناوی (بیترسبۆرگ)ە کۆچی دووایی کردووە .

بەلام ئەم نووسەرە گەورەیە هەر ماوەو زیندووەو نامرێ. دووای سەد سال بە شاکارە ئەدەبی‌یە کانیەوە لەگەل خەلکی هەموو جیهاندا دەژیت ، ژیانێکی هەمیشەیی دەژیت‌و تەنها بە بیرکردنەوە‌یەکی قوول‌و وورد لە بیروباوەڕەکانی ئەم نووسەرە خۆیدا ژیان‌و ژیانی هەمیشەیمان بۆ دەردەکەوێ .

● لە زۆر بواری ئەدەبیدا بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەم زاتە گەورەیە خراونەتە بەر تیشکی لێکۆلینەوەو لێك‌دانەوەی بیرو فەلسەفەو دەروون . بەلام سەرەڕای ئەوەی کە رۆمانەکانی (تاوان‌وسزا)و (گێل)و (برایانی کارامازوف) لە جوانترین‌و رێك‌و پێك ترین شێوەی رۆمانی ئەم جیهانەدان کەچی هێشتا وەك نموونەی تایبەتی لە لایەن هاوبیرەکانی دنیای (واقیعی سۆشیالیستی)یەوە نەخراونەتە ژێر لێکۆلینەوەو شی‌کردنەوەوە .

● لە لایەن بەرانبەر کردنیشی لەگەل (مان)و (جید)و (کافکا)دا ئەوە خۆ دستویفسکی لە لوتکەدایە ، چونکە ئەم شی‌کردنەوەو لێك‌دانەوەی سایکۆلۆژی قولی هەیەو چوەتە ناو قولایی نەفس‌و ناخی مرۆڤایەتیەوەو لە هەمووان باشتر تێی گەیوە، کەچی سەرەڕای ئەمانەش لای هەندێ لە رەخنەگرانی ساڵانی چل‌و پەنجاکان دستویفسکی بە گۆشەگیرو دەستە ئەژنۆو نایەندار دانراوە .

● بەلام ئێستاو بە بۆنەی یادی سەد ساڵەی کۆچی دووایی‌یەوە کە لە ٩ی شوباتی ١٨٨١دا کۆچی دووایی‌ی کردووەو لە گۆرستانی (دیرالکساندر نیفسکی)دا لە نزیك گۆڕی هونەرمەندی مۆسیقازان (مودلیست موسورکسکی) یەوە نێژراوە ، ئەم باوو بالورانە گۆڕاون بەم بۆنەیەوە بەرنامەیەکی تایبەتی فراوان دانراوەو مۆزەخانەکەی دستویفسکی لە مۆسکۆدا تازە کرایەوەو لە گەلێ شاری یەکیەتی سۆڤیەتدا شانۆگەری‌یەکانی ئەم نووسەرە بەرزەیان خوێندەوەو گەلێ کۆڕی ئەدەبی فراوانیان سازداو موناقەشەو لێکۆلینەوەی بیروراکانی تیاکراو گەلێ رەخنەگری بە ناوبانگی سۆڤیەتی هاوبەشیان تیا کردووە ، هەروەها دەرهێنەرو هونەرمەندی سۆڤیەتی (الکساندر زارکی)

ئامادەکردنی
حمە سعید حمە کریم

فلیمێکی سینەمایی دەربارەی حاڵەتی ژیری‌و عەقڵ‌و دەروونی دستویفسکی لە کاتی نووسینی رۆمانی (قومارچی) دا دەرهێناوەو ناوی ناوە (٢٦ رۆژ لە ژیانی دستویفسکی ، وە هەوڵێکی فراوانیان داوە بۆ بڵاوکردنەوەی هەموو سەرانسەری ئیشوکارە ئەدەبیەکانی کە بریتین لە ٣٠ سی بابەتی ئەدەبی جۆراو جۆرو کاتی خۆی لە شێوەی چاپی میللی‌دا چاپکراوون‌و هەر لە گەڵ هاتونەتە کتێبخانەکانەوە ، ئیتر یەکسەر هەموویان فرۆشراوون‌و نەماوون‌و ئێستا سەر رەفەی کتێبخانەکان بە تەواوی لە بەرهەمی ئەم نووسەرە بەناوبانگە خالین .

● نووسەرو ئەدیب‌و خاوەن قەلەمی سەربەبەرەی میللەت‌و گەل‌و ئەتەوە هەرگیز نامرێ‌و لە نێوان بەرهەمی ئەدەبیانەوە لە بیروڕای جەماوەردا ئەژین‌و سەدەها ساڵیشی بەسەر کۆچیاندا تێ‌پەڕێت ، ئەوان زیاتر خۆشەویست‌و بەرێزو گەورەی لای جەماوەری راستەقینە ئەبن‌و لەم یادە (١٠٠) ساڵەشدا چەپکە گوڵی بەوەفایی بۆ سەر گۆری دستویفسکی‌و هەموو نووسەرو ئەدیبێکی‌تری سەر بە بەرەی میللەت‌و جەماوەرو هەموو نووسەرو ئەدیبەکانی نەتەوەی کوردیش ، ئەوانەی قەڵەمیان بۆ بەرژەوەندی ئەم نەتەوەیە خستۆتەکار .

هەوالی رۆشنبیری

« وەرگێڕانی شیعر »

« شیعر وەرگێڕان کارێکە وەکو ژن وایە ، ئەگەر ژن جوان بێت باوەڕدار نابێت، ئەگەر باوەڕداریش بێت جوان نابێت » ئیفتوشنکۆی شاعیری سوڤیەتی وای گوتووە .

پیار لاریسیش لە فەرەنسە پەسەندی دەکات‌و دەڵێ « کارێکی لەکردن نەهاتووە تۆ بێ‌ی شیعر تەرجەمە بکەیت ، کارێکی لەکردن نەهاتووشە تۆ تەرجەمەی نەکەیت » ئەمە دەڵێ‌و و١ ٣٥ ساڵە لەو کارە سەختە تێ‌هەڵچووەو ملی بەرهەمە نایابەکانی شەکسپیر ، هاثورن ، تی . ئیس . ئیلیوت ، د. هـ . لورنس‌و زۆری تر ناوە . لاریس بە پەیامنێری هیراڵد تریبیونی گوتووە :

« کە دەستم بە تەرجەمەی ئەدەبی شەکسپیر کرد ، زوو زانیم ، کارەکەم ئێجگار سەختە ، ئەگەر چی‌لەو وەختەدا دەستکەوتێکی باشی هەبوو . سەیردەکەی دەقەکە تابلۆی جوانەو هەیتوهووتەکەشی تابلۆی توندو تیژە . بۆیەشە تەرجەمەی شیعرم پێ‌خۆشە چونکە هەیتوهووتەکان لە کەلێنێکی تەنگەبەر دان ، لەبەرئەوەش کە شتێکە لە مۆسیقاوە نزیکە . »

« ئەگەر ڕاستت دەوێ هەر ٢٠ یان ٣٠ ساڵ جارێك سەرلەنوێ تەرجەمەی شەکسپیر بکرێتەوە، چونکە زمانەکە دەگۆڕێت . ئێمە ئێستا زۆر وردتر لە ١٠٠ ساڵ لەمەوپێش دەتوانین تەرجەمەی بکەین . »

فۆلکلۆر

ـ لە دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردیی‌یەوە کتێبێك بەناوی لەعلیخانەماگوفەیی دەرچوو کە دوو چیرۆکی فۆلکلوری بە زاری کرمانجی تێدایە ، بەکەمیان لەعلی‌خان‌و دووەمیان سیران خاتوون ، برای بەرێز مصطفی بامەرنی کۆی‌کردوەتەوە .

بەرهەمی نوێ

ـ کتێبی (خمسە مداخل الی النقد الادبی) کۆکردنەوەی ویلبەر .س. سکوت لەلایەن د. عماد غزوان‌و جعفر الخلیلی کراوە بە عەرەبی‌و وەزارەتی رۆشنبیری‌و راگەیاندن بڵاوی کردووەتەوە .

ـ رۆمانی (الزینی برکات)ی چیرۆکنووسی عەرەبی میصر کراوە بە فەرەنسی‌و لە پاریس بڵاوکراوەتەوە .

میر محمود

سەلام مەنمی

ئەڤێرنەوەو ئەلێن میر مەحموود هەر لە سەرەتاوە گورگ بوو لە پێستی مەڕدا، بێ‌ویژدانی بە شێرەوە خوارد بوو .. هەرزەیی‌و گومڕاهی چاویان سوور کردبوو .. وای لێ‌هاتبوو بەرپێی خۆی نەئەبینی .. وەك زریانی چلەی زستان جەبەرەی ئەنواند .. خەلکی گوندەکەی بەکاری تایبەتیەوە خەریك کردبوو .. (سبەینێ خەرمان هەلگرتنە ...)

هەر ئیشتی ئەبوایە بەردێ لە شاخەکەوە پێ تل ئەدان‌و کەلەکە مەڕی پێ دروست ئەکردن . . دوو سەگی هەوشاریشی هەبوو ئەبوایە هەر ڕۆژەی ماڵێ سەپکەی بۆ بکردنایە ، لەگەل ئەوەیشا لاقی بە دەما ئەبردن .. ئەوانیش چووبوونە قاوغەکەی خۆیانەوەو بۆ چرکەیەك لە خۆیان ئەمین نەبوون ..

(٢)

لاوەکان دنیایان لەبەر چاو تاریك بوو .. کەوتنە ملە جاوکێ‌و مان گرتن :

ـ هەتاکەی ... ؟!

ـ با هەموومان گزرەبخرێین ..

ـ ڕیسوایی لەمە زیاتر .. ؟!

ـ وا بڕوات منداڵی دوا ڕۆژیشمان وەك ئێمە گەمژە نەبن ..

(٣)

پیاو ناهەقات . . وەك گەڵای داری پایز لێی خستن، کاری گرانتری بەسەرا ئەدان .. بەلام بێ سوود بوو .. کاسەی ڕقیان لێیان لیپ بوو .. ئەچوونە دەمی ئەژدیهاوە. .

کەزانی ئەم کارانە ئاواتی بۆگەمتر ئەکەن‌و بە ساری شانی قورس‌تر ئەکەن . . هات تەماحی خستە بەریان‌و ئەم بانگەوازەی بڵاوکردەوە : (سووك کردنی خەمل .. لابردنی پووشانە .. تووتن بە سێبەك کرا..)

دەستی خەلك مار ئەکوژێ.

ـ هەر ئێوەی دنیا دیدە بوون ! ئەتان ووت :ـ ئەم گونده مولکی ئەوان نەبوو.. یەکەم جار دەستەلاتیان پەیداکرد هاتن بەرانانیان داگیر کرد .. دوایی دەشتی قامیشان ... هەتا گوندەکە بوو بە مولکی ئەوان .. بە گوێی خۆم بیستم وتتان باوکی (میر مەحموود) پیاوێکی پیر بوو .. کە گوندەکە کەوتە دەستیان گوچانەکەی بەرز کردەوەو ووتی : ـ دەمێکە خەو بەم ڕۆژەوە نەبینم .

من حەزم ئەکرد ئێوەیش وەك پیرەکانی ئەوان بیر بکەنەوە ..

(٥)

ئەمەیش لاوەکانی دەهری‌تر کرد . . دای نەمرکانەوە گاڵتەیان پێ ئەکردو ئەیان ووت : ـ ئەمە تەڵەیە بۆ نەمانی ئەوانەی ماون ـ بەرەو مردن هەنگاویان هەڵگرت‌و کونە مشکیان لێ‌کرد بە قەیسەری، وەك کوێرە مار سەریان پانکردەوەو لەگەل هەردوو هەوشارەکەیا لە چەسی خوار ئاوایی‌یەکەوە بە یەك شاد بوون ..

(٤)

چەند پیاوێکی بە ساڵاچوو، لەسەر حەوزەکە دانیشتبوون‌و کەوتنە ستایشی میر ، ئەیان ووت:

ـ ئەم بانگەوازە هەنگاوێکی گرنگە ..

ـ گۆڕاوە ..

ـ نیوەیی تووتن پشتی ناوکە ڕێژ کردین ..

(جەوهەر) لاوێکی زۆرزان بوو .. ڕووی لێ‌کردن :

ـ ئەم قسانەی ئێوە ورگی مرۆڤ ئەئاوسێنن .. بە ڕاستی هەتا بڵێی ساویلکەن . . نازانن هەر پیاوەکەی جارانە . . مام پیربال هەڵی‌دایە ووتی :

ـ لابردنی پووشانە گاڵتەیە ؟!

ـ ئەی پار بۆچی لای نەبرد .. ؟!

ـ ئەی ئەمسال بۆچی لای برد .. ؟!

ـ ئەی ئاگات لە لاوەکان نیە ..؟ ئەمەیە ئەڵێن : (لە بێ‌خەبەران کەشکەك سڵاوات ..)

ـ قسەی دوو دەم ڕووت ئەم جیهانە ناگۆڕێ .

ـ مرۆڤ بە دەستی خۆی خۆی ئەخورێنێ بەلام بە

گەڕانەوە

شیعری : سیزار فالیخو

شێرکۆ بێکەس
بە شیعرەوە ئەکردوویە
بە کوردی

ئەمشەو لەبەر ،
دەرگای ئەو ماڵەدا کە من ،
بەبانی‌یەك لەگەل بانگی کەلەشێردا ،
ماڵ‌ئاوایم لێ‌کردبوو ،
لە ئەسپەکەم دانەبەزم .
ماڵەکە ئەستی تیا نی‌یەو ..
چۆڵ‌و هۆڵەو قفل دراو .
ئەوەتا ئەوەش هەر هەمان سەکۆبەردە
کە دایکم ئەچوو لەسەری ڕائەوەستاو ،
لە وێوە ڕێگەی بۆ کاکم
ڕووناك .. ڕۆشن ئەکردەوە ،
تا ئەو ئەسپەم بۆ زین‌بکا
کە گەلێ جار بە پشتی ڕووت
وەك منداڵێکی لادێی
بە سەر جادەو ناو گەڕەکدا
سواری ئەبووم .. تاوم ئەدا .
ئەوەش ئەو تاشە بەردەیە
کە منداڵی پڕ ئازارم لەسەر جێ‌هێشت
تاکوو لەبەر خۆرەتاوا
ئەو کامڵ بێت‌و پێ‌بکا
ئەوەش ئەو ناسۆرە قوول‌و پڕ ژانەیە
کە چوار دەوری دەرگای داوە .
ئای خوایە لەم ،
کش‌و ماتی‌و ئارامە ئێجگار غەریبە .
ئەوەتا هەر وەك ئەسپەکەش هاواربکات
گاڵتەبکات ، بۆنی عەردی
دەورو بەری خۆی ئەکات‌و
سمکۆڵ ئەکات
ئینجا گومان لەسەریا پەنگ ئەخواتەوە
ئەحیلێنێ‌و گوێ‌کانی قوت ئەکاتەوە .
ڕەنگە باوکم هەتا ئیستەش هەر بێداربێ‌و ،
نوێژ بکات‌و بڕوای وابێ کە دواکەوتووم .
خوشکەکانیشم بۆ هیواو
خەونی ساکارو سادەیان
لە چاوەڕوانی هاتنی ئەم جەژنەدا
دەم بە نیزان وبرد ئەخوێنن
لەوەش ئەچێ
کە ئاهەنگی ئەم جەژنەیان
لە هیچ شتێکی کەم نەبێ .
چاوەڕێم‌و .. هەر چاوەڕێم
ئەم دڵەشم .. وەکوو ئەو هێلکەیە وایە
لەوەدایە بەر بێتەوەو بەلام وادەی
هاتنەکەی دوا بکەوێ .
ئەو خێزانە زۆرەی ئێمە ،
هێندە نابێ جێمان هێشتن
ئەوا ئەمڕۆ .. یەکێك نی‌یە چاوەڕێ کات
بگرە تەنها مۆمێ چی‌یە
لە بەردەمی ئەیقونەدا .. دایان نەنا
تا بسووتێ‌و چاوەڕوانی
کەڕانەوەی ئێمە بکا .
جارێکی‌تر بانگیان ئەکەم
کەس نی‌یە وەرام باتەوە .
بێ دەنگ ئەبین .
وا ئەسپەکەش ئەحیلێنێ‌و
دیسانەوە ئەحیلێنێ .
هەموو نووستوون
نووستنی ئەبەدی نووستوون .
لە دواییشدا خێری تیابوو
کە ئەسپەکەم ئەوەندە سەری ڕاوەشاند
تا ماندووبوو
لەگەل هەموو ڕاوەشانی سەرێکیشدا
چاو بە وەنەوز ئەوەی ئەوت :
کە ئەو باشەو
گشت شتێ باش .

● ئەم شیعرە لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری ـ الثقافە الاجنبیە ـدا لە لایەن ـ فریدە ابو حیدر ـ ەوە کراوە بە عەرەبی‌و لە ناو ئێ‌کۆلینەوەیەکی تایبەتی‌دا کە لە سەر شاعیری ناوبراو نووسراوە بڵاوکراوەتەوە .

Institut kurde de Paris

فریا عبدالله حسین
نوسینگەی سلێمانی

لە زانکۆی سلێمانی

مۆسیقای کوردی تیشکی خۆشەویستی وجوانی

لە دەزگایەکی وەك زانکۆی سلێمانیدا کە بە مەلبەندێکی هەڵکردنی چرای زانست دەژمێردرێت دەبێ چەپکێ لەو تیشکانە بکەوێتە سەر بواری هونەر کە تاڵیکیان بەر گۆرانی و مۆسیقای کوردی دەکەوێت کە بە چاوپۆشین لەم چەند ساڵەی دوایی ئەگینا جاران ئەم هونەرە لە چواچێوەیەکی وەستاوی بێ‌نامدا دەخولایەوە .... ئەمەش لە لایەن دلسۆزانەوە پەی پێ‌براو دەستیان کرد بە پارسەنگ کردنی ئەم دیاردەیە . . . .

با بزانین لە مەلبەندی ناوبراودا تا ، چ رادەیەك هاریکاری ئەم بۆچونەی کردوە ئەوانەی هاوبەشی تیادا دەکەن کێن و چۆن سەرەتای دەستپێکردن و بەرەپێدان و هەڵویستی خۆیانمان بۆ دەگێڕنەوە .

سەرەتا کاك احسان فاضل سەبارەت بە دروستبونی تیپی مۆسیقای زانکۆی سلێمانی دەڵێت :

تیپی مۆسیقای زانکۆ لە ساڵی ٩٧٢دا دامەزراوەو چەندەها چالاکی جۆر بە جۆری لەو کاتەوە تا ئێستا پێشکەش کردوەو هاوبەشی مەهرەجانەکانی قوتری و ناوخۆی کردوەو چەند خەڵاتێکیشی وەرگرتوە لەوانە خەڵاتی دوەلی ... جگە لەوەش چەند پارچە مۆسیقاو گۆرانیشی بۆ ئێستگەو تەلەفزیۆنی کرکوك و بەغدا ئۆمار کردوەو ئێستاش لەم بوارەدا هەر بەردەوامە .

هەروەها برادەران سلام محمد اسماعیل و مەریوان احمد حسین کە دوو ئەندامی تیپەکەن سەبارەت بە رەخساندنی کاتی خۆیان لە نێوان خوێندن و پژوەدا دەڵێن :

لەم سەردەمەدا زۆربەی قوتابیانی کۆلێجەکانی زانکۆ لە بەیانی‌یەوە تا دەمەو نێواران دەمێننەوە ئەم مانەوەش لە نێوان وانەیەك و وانەیەکی کەدا هەندێ جار وا رێدەکەوێ سەعات و دو سەعات پشودانی تێدا بەردەکەوێ بۆیە ئەم هەڵەش وای لێکردوین کە روو بکەینە تیپەکەو بە گوێرەی کاتی خۆمان خەریکی پرۆفەکردن دەبین کە ئەمەش هیچ کارێك ناکاتە سەر رادەی خوێندمان بەڵکو زیاتر مێشك و دەرونمان بۆ فێربون و خوێندنەوە دەکاتەوە .

هەروەها کاك نازاد مولود سەبارەت بەو بابەتانەی کە زیاتر لە گەڵیدا خەریك دەبن چین و چۆن دەیهێننە بەرهەم دەڵێ :

هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی کاری هونەری موسیقامەوە خەریکی دانانی چەند ناوازێکی گۆرانی مۆسیقا بووم کە هەندێکیان بە زمانی کوردی لە تەلەفزیۆن تۆمارکراون کە ئەمانەش بە هاریکاری بەشی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی توانیمان لە چوارچێوەیەکی گونجاوتردا پیشانی بدەین کە تا رادەیەك رەنگدانەوەیەکی گشتی پێشکەوتنی ئەم هونەرە لە کوردستاندا و بەتایبەتی لە سلێمانیدا پیشان دەدات . . . . لە پاڵ ئەمانەشدا بە ئامێری گیتار ئەگەر پێویستی پێ بکات هاوبەشی تۆمارکردنی هەندێ پارچە مۆسیقای کەش دەکەم وەك ئەم چەند پارچە مۆسیقایەی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی کە لەم دوایەدا تومارکراون کە ئەمانەش بەراستی لە ئەنجامی هاریکاری و یارمەتی کارگێڕانی هونەریی و ئیدارەی بەشەکەمان دێنە کایەوە .

پاشان خوشکە ئیقلین یونس کە ئەندامێکی نوێی تیپەکەیە و هێشتا خۆی لەبەردەم جەماوەرانداد نەبینیوەتەوە سەبارەت بەم هەڵوێستە کە توشی هەموو هونەرمەندێکی ئەم بوارە هاتوە دەڵێ :

راستە ئێستا سەرەتای کاری هونەریمەو هێشتا خۆم لەسەر شانۆ نەبینیوە ، بەڵام هەمیشە هەستیشی بەوە دەکەم کە هەروەك هونەرمەندێك یاخود مۆسیقا ژەنێك بتوانم بەسەر ئەم هەڵوێستەدا زاڵ بم ، تا بەشداری ئەو کاروانە بکەم کە بۆ گەیشتنە قۆناغێکی پێشکەوتوی وڵاتەکەمان تێدەکۆشێت .

بەڵام کاك معتصم عبدالکریم سەبارەت بە دەوری ئەم تیپە بۆ بوژانەوەو گەشانەوەی هونەری مۆسیقای کوردی وتی : وەك لە سەرەتاوە ئاگادارم ئەم تیپە توانیویەتی دەورێکی گەورە لەم روەوە بگێڕێت بە تایبەتی لە رووی بوژانەوەی ئاوازی کوردی و داهێنانی بەرهەمو شێوەی نوێ لە مۆسیقاو گۆرانی کوردیداو تا ئێستا چەندەها گورانی‌بێژو مۆسیقا ژەن و ئاوازدانەری پێگەیاندوە کە ئەوساو ئێستاش بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و ئاسوری و شێوەی کەش بەرهەمیان پێشکەش کردوە .

دوا جار کاك هەڤال عارف سەبارەت بە دەستنیشان کردنی هەندێ کۆسپی رێگایان وتی

گەورەترینیان گونجاندنی کاتی پرۆفەکردنمانە ئینجا کەمی یان نەبوونی ژمارەی تەواوی ئامێرە مۆسیقی‌یەکان کە ئەمانەش ئەگەر چار بکرێن لەو بڕوایە دام دەتوانین بە شێوەیەکی یەکجار سەرکەوتوانە بەرهەمی شاکار پێشکەش بکەین بە تایبەتی لەبەر ئەوەی راهێنەری بەتوانامان هەیەو رەنجی گەورەمان لەم روەوە لەگەڵدا دەکێشێ .

ژیان و بەرهەمی هونەرمەندە بلیمەتەکانی جیهان

ڕووبنس



محمد عارف
بەشی سێیەم

هونەرمەندی مەزن ڕووبنس ، لە ساڵانی ١٥١٥ - ١٥١٨دا ، خەریکی چەند تابلۆیەکی پڕ لە جوولانەوەو دینامیکیەت بووە، کە ناز ناوی (ڕاوەشێر)ی وەرگرتووە . لە نیگارە (ئەلیگۆر)ی‌یەکانی هونەرمەنددا، تابلۆی (بەکێتی خاك و ئاو) ، ناوبانگێکی هەرە فراوانی وەرگرتووە .

لە ساڵانی ١٦١٠دا ، هونەرمەند زنجیرە تابلۆیەکی نایابی (میفۆلۆژی) پڕ لە هەستی ژیان و کامەرانی و گەشبینی و خۆشەویستی مرۆڤ و ناسك و نازداری ئافرەت و هێز و توانای پیاو ، درووست کردووە .

لە نیگاری ناسراوی هونەرمەند : (پێرسێ و ئەندرۆمیدا) ، هونەرمەندی مەزن ، گەیشتووەتە لووتکەیەکی هەرە بەرزی بەکارهێنانی ڕەنگ ، واتە : (کەلەریت) . لە نیگاری ناوبراودا ، ڕووبنس کاتی پاشس ڕزگار کردنی (ئەندرۆمیدا)ی نازداری لە ئەژدەها ، بەرجەستە کردووە ، لە لایەن (پێرسێ)ی پاڵەوانەوە .

ساڵانی ١٦١٠ - ١٦٢٠، قۆناغی کرانەوەی خونچەی بلیمەتی ڕووبنس بووە ، کەلە زنجیرەیەکی تابلۆی قەوارە گەورەدا ، دەستنیشان دەکرێ .

● لە ساڵی ١٦٢٦دا ، لە ئەنجامی مردنی خێزانە خۆشەویستەکەی کە دوو منداڵی لە دووا بەجێ ماوە، تووشی غەمگینی و کارەساتێکی گەورە بووەو ئەم شتەی لە نامەکانی خۆی بۆ چەند برادەرێکی دڵسۆزی دەربڕیوە .

لە قۆناغی ناوبراودا ، دەستی فلچە ناگرێ و خۆی خەرێکی ئیش و کاری دیپلۆماسی و گەشت دەکات و ڕوو لە هولەندا دەکات و لە پاش ساڵێك بەشداری بەستانی پەیمانی ئاشتی دەکات کە لە نێوان ئەسپانیاو ئینگلترە بەسترا، ئەمەش ڕێك‌کەوتی ساڵی ١٦٢٨ بووە .

لەسەرەتای ساڵی ١٦٣٠دا، گۆڕانێکی گەورە ، لە ژیانی ڕووبنس ، ڕووی داوە . لەم ساڵەدا ، حەزی لە کچێکی شازدە ساڵی ناو (بلینا فۆرمن) ، کە خزمی ژنی یەکەمی بووە ، کردووەو ئەوەندەی نەخایاندووە خواستوویەتی ، ئەم ئافرەتە جوانەی ، لە زنجیرە پۆرترێتێك‌دا ، لە چوار چیوەی نەمری‌دا ، چەسپاندووە ، خۆشەویستترین پۆرترێت لای هونەرمەند، لە زنجیرەی باسکراودا ، ناوی (شوبکا) بووە ، تەنانەت لە وەسیەتیشیدا ئەم دێڕەی نووسیوە : ـ «ڕێکاتان دەدەم کە هەموو بەرهەمەکانم بفرۆشن تەنیا ـ شوبکا ـ نەبێ ، کە حەز دەکەم لە ماڵی خۆم پارێزگاری بکەن.» .

هەر لەم قۆناغەدا ، هونەرمەندی مەزن ، زنجیرە دیمەنێکی سرووشتی درووست کردووە ، کە پڕن لە زەمینەی جوانی سرووشت و هێمنی و دڵنیایی.

لە ڕاستیدا قوتابخانەی هونەری ئیکسپرسیانیزم جۆرە شۆڕشێکی هونەری بوو ، دژی قوتابخانەی هونەری ئیمپرسیانیزم واتە (انطباعی) ، کە بە زەمینەی نەرم و شلی و تەمۆ مژاوی و ناسك و تەنکی ڕەنگ ناسراوە .

باشترین مامۆستایانی هونەری ئیسپرسیانیزم ئەم هونەرمەندانەن :ـ (ڤان گۆگ ، گۆگان ، موونك ، پیکمان و کۆکۆشکا) .

پێش جەنگی جیهانی یەکەم ، یەکێتی هونەرمەندانی ئیکسپرسیانیزم ، لە ئەلمانیا ، دامەزراوە ، کە نازناوی :ـ (کۆمەڵەی برد)ی هەڵگرتبوو ، بە ناوبانگترینیان :ـ (شمیدت ڕۆتلۆف و پیخشتیین)ن . لەم بوارەوە ، کۆمەڵی (سواری شین)یش ، دەستێکی باڵایان ، لە چەسپاندنی فەلسەفەی هونەری ناوبراویان هەبووە.

فەرهەنگی هونەر

هونەری ئیکسپرسیانیزم واتە ـ تعبیری ـ

هونەری ئیکسپرسیانیزم، هونەرێکە کە بە هێزی تەوژماوی خۆیی و کارتێ‌کردنی ڕاستەوخۆی لە بینەران، ناسراوە .

تابلۆکانی ئەم قوتابخانەیە، لە دامەزرانی هونەریی‌دا ، شێوەیەکی دینامیکی و پڕ لە تێر ڕەنگی و دەربڕینی ڕاستەوخۆ و دوور لە زەمینەی تەم و مژاوی .

هەروەها ، هونەرمەندی سەرۆکایەتی دەستەی هونەرمەندانی ، بۆ ڕازاندنەوەی شارەکەیانی ، کردووە .

● لەو کاتەی هونەرمەندی بلیمەت ، بەو پەڕی جموجۆڵەوە ، لە بەرهەمی هونەریی بەردەوام بووە ، تووشی نەخۆشی‌یەکی ناڕەوا بووەو بووەتە هۆی مردنی لە ٣٠ی مایسی ساڵی ١٦٤٠دا ، لە شاری : (ئەنتفێرپینی) .

لەو کاتەوە سێ سەد ساڵ زیاترە ، کە ئەم بلیمەتە کۆچی دوایی کردووە ، بەڵام هونەرەکەی تاکو ئەمڕۆش لە دڵ و دەروونی خەڵکدا ژیاوەو دەژێ ، چوونکە هونەرێکی پڕ ژیان و خۆشەویستی مرۆڤ و سرووشت بووە .

لە کۆتایی ئەم نووسینەدا، چەند ووشەیەکی هونەرمەندی ڕۆمانتیکی بلیمەت : (دیلاکرۆا) ، کە دەربارەی ڕووبنس گوتوویەتی ، بەرچاو دەخەم : ـ « پێویستە بە ووردی سەیری نیگارەکانی ڕووبنس بکرێن و لە ناخەوە دەست نیشان بکرێن ... پێویستە کۆپی و لێکۆڵینەوەی بەرهەمە نەمرەکانی بکرێن ... بۆچ ؟ چونکە ڕووبنس خوای هونەرە . ») .

تیپی پێی بەرازیلی و کاسی جیهانی

تیپی پێی بەرازیلی کرد سێ سەرکەوتنی لەو ئینگلتەراو فەرەنسا و کردی .

بەم سێ سەرکەوتنە تیپی پێی بەرازیلی دەریخست تاکو ئێستاکە هێزێکی گەورەیە لە توپی پێداو ئەم هاوینەش بۆ مەبەستی سەرکەوتنیان بۆ گەشتەکەی لە ئەروپا تەواو سێ یارییەی کە لە گەڵ ئەڵمانیای ڕۆژ ئاوادا کە کاسی جیهانی ئەرۆنە ئەسپانیا .

تیپی پێی بەرازیلی لەو یارییانەی کە کردی لە ئەروپا زۆر جوان و ڕێك و پێك بو ، هەموو یاریزانەکان، ئەم خولە دەست پێ ئەکا ، یەکەم خولی لە ئۆرگوای بو ، دووا خولیشی لە ئەرجەنتین بو . لە ساڵی ١٩٨٢ دا لە ئەسپانیا خولی کاسی جیهانی ئەبێ .

تاکو ئێستا ئەم وولاتانە یەکەمیان وە دەس هێناوە .

لە بەرەوەزی یاریان ئەکرد، سەرەڕای یاری تاکیش کە لە کاتی هێرشی بردنا و گۆرینی جۆری یاریان زۆر بەهێز بوون کە جاران ئەیانکردو ئەو هێرشانە کە ئەتووت نەرەشیرە کە چەندەها جار توڕی تیپی دژیان ئەلەرزانەوە .

لەم یاریانەدا کە کران یاریزان زیکۆ لە هەموویان زیاتر ناوی دەرکرد .

ئامادەکردنی
محمد عبدالرحمن زەنگنە

فەرهەنگی وەرزش

(کاسی جیهانی)
ئامادەکردنی
شوان ئەحمەد سادق

چروار ساڵ جارێك

سال	ئەو وڵاتانەی یاریەکەیان تیا کراوە .	ئەو وڵاتانەی کە یەکەمی هێناوە
١٩٣٠	ئۆرگوای	ئۆرگوای
١٩٣٤	ئیتالیا	ئیتالیا
١٩٣٨	فەرەنسا	ئیتالیا
١٩٥٠	بەرازیل	ئۆرگوای
١٩٥٤	سویسرا	ئەڵەمانیای ڕۆژ ئاوا

وەرزش

یادکردنەوەیەك

لە کاتی خۆیدا دیدەنی‌یەکمان لە گەڵ شوان ئەحمەد سادق دا کرد کە یاری زانی یانەی سولاف‌ی کەرکووك بوو .

شوان لە گەڵ هەڵبژاردەی قوتابیانی عیراقدا ڕۆیشتە (صومال) لە ساڵی ١٩٨٠ دا بۆ یاری کردن و مەدالیایەکی زێڕین ـ ی وەرگرت . ئێستاکە نامەیەکی بۆ ناردوین لە ئیتالیاوە ئەڵێ :ـ

من لە مانگی(١٢)ـی ١٩٨٠دا ڕۆ[illegible]الیا بۆ خوێندنی ئەندازوو ئەوەندەی پێنەچو [illegible] ریزی یانەیەکی تۆپی پێی ئیتالی‌یەوە ، دووبارە ئەڵێ لە ١٥ ـ ی ئەم مانگەدا بە سەردان ئەگەڕێمەوە بۆ عیراق و وێنەی ئەندامانی لەگەڵم یانەیەمان و وێنەی خۆم ئەهێنمەوە بۆتان .

هیوادارین هەموو یاریزانێکی عیراق کە ئەچێتە دەرەوە سەری خۆیی و وڵاتەکەی بەرز کاتەوە .

بێگومان یاریزانێ وەکو شوان جێگەی ڕێزی ئەنجامی هاریکاری و یارمەتی کارگێڕانی هونەریی و ئیدارەی بەشەکەمان دێنە کایەوە .

پاشان خوشکە ئیقلین یونس کە ئەندامێکی نوێی تیپەکەیەو هێشتا خۆی لەبەردەم جەماوەرانداد نەبینیوەتەوە سەبارەت بەم هەڵوێستە کە توشی هەموو هونەرمەندێکی ئەم بوارە هاتوە دەڵێ :

راستە ئێستا سەرەتای کاری هونەریمەو هێشتا خۆم لەسەر شانۆ نەبینیوە ، بەڵام هەمیشە هەستیشی بەوە دەکەم کە هەروەك هونەرمەندێك یاخود مۆسیقا ژەنێك بتوانم بەسەر ئەم هەڵوێستەدا زاڵ بم ، تا بەشداری ئەو کاروانە بکەم کە بۆ گەیشتنە قۆناغێکی پێشکەوتوی وڵاتەکەمان تێدەکۆشێت .

بەڵام کاك معتصم عبدالکریم سەبارەت بە دەوری ئەم تیپە بۆ بوژانەوەو گەشانەوەی هونەری مۆسیقای کوردی وتی : وەك لە سەرەتاوە ئاگادارم ئەم تیپە توانیویەتی دەورێکی گەورە لەم روەوە بگێڕێت بە تایبەتی لە رووی بوژانەوەی ئاوازی کوردی و داهێنانی بەرهەمو شێوەی نوێ لە مۆسیقاو گۆرانی کوردیداو تا ئێستا چەندەها گورانی‌بێژو مۆسیقا ژەن و ئاوازدانەری پێگەیاندوە کە ئەوساو ئێستاش بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و ئاسوری و شێوەی کەش بەرهەمیان پێشکەش کردوە.

دوا جار کاك هەڤال عارف سەبارەت بە دەستنیشان کردنی هەندێ کۆسپی رێگایان وتی

گەورەترینیان گونجاندنی کاتی پرۆفەکردنمانە ئینجا کەمی یان نەبوونی ژمارەی تەواوی ئامێرە مۆسیقی‌یەکان کە ئەمانەش ئەگەر چار بکرێن لەو بڕوایە دام دەتوانین بە شێوەیەکی یەکجار سەرکەوتوانە بەرهەمی شاکار پێشکەش بکەین بە تایبەتی لەبەر ئەوەی راهێنەری بەتوانامان هەیەو رەنجی گەورەمان لەم روەوە لەگەڵدا دەکێشێ .

لەرجارەی یاریزانێك

(احمد الطرابلسی)
ئامادەکردنی:
عبدالله محمد امین

ـ ناوی تەواوی (احمد خیر الطرابلسی)یە .
ـ لە ساڵی (١٩٤٥)دا لە لوبنان لە دایك بووە .
ـ ژنی هێناوەو سێ کچی هەیە (منال و میشال و زینب) .
ـ لە منالی‌یەوە یاری تۆپی کردووە لە لوبنان لە یانەی ئەستیرەی لوبنان (نجمه لبنان) .
ـ لە ساڵی ١٩٦٣ دا ڕۆیشتووە بۆ کوێت بۆتە یاریزانی یانەی قادسیە (نادی القادسیه) .
ـ یاشان هاتۆتە ریزی یانەی (کوێت) ٥ وەو تاکو ئێستاکە بۆ ـ ئەویانەیە یاری ئەکاو بۆ یانەی سەربازی (کوێت)یش یاری ئەکا .
ـ تاکو ئێستاکە (١٧٠) یاری بۆ کوێت کردووە .
ـ سێ جار خولی کەنداوی عەرەب یاری کردووە لە ساڵی ١٩٧٢ لە سعودی‌یە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە کوێت ، لە ساڵی ١٩٧٦ لە قەتەر .
ـ چاکترین یاری کەکردویەتی دژی سوریا بووە لە ساڵی ١٩٧٨ دا لە یاریگای ئامادەیی شوێخ لە کوێت یەك گۆڵ بە سفر .
ـ هەروا ئەو یاری‌یەی کە کردی دژی یۆنان لە ئەلمانیا بۆ پاڵەوانێتی سوپا ساڵی ١٩٧٤ کە سێ بە یەك گۆڵ بوون .
دیسانەوە ئەو یاری‌یەی کە کردی بۆ سوپا لە ساڵی ١٩٧٧ دا لە بەلجیکا دوو گۆڵ بە یەك .

Institut Kurde de Paris

لە تەولێر

تیپێکی قەشەنگ بۆ کرێکاران

کۆمەڵی کرێکاری بەتواناو داهێنەر لە تیپێکی خنجیلانەداکۆبوونەتەوەو بە جـــڵو بەرگێکی قەشەنگی کوردیو بەو دەنگە بەسۆزو پـــەنجەووردەیان چەندەها کـــۆری هونەرییان رازاندەوە ...

ئەمـــەش یەکەمین تاقی-کردنـــەوەیە لە هەولێرداو ئومێدی پاشەڕۆژێکی رووناك لەم تیپە رەنگینە بـــەدی دەکرێو بەو بۆنەوەش چرینە بارەگای تیپەکەو لە سەرەتادا لە راهێنەری تیپەکە ســەید ئەحمـــەد عبدالکریم ـ مان پرسی ئاخۆ مەبەست لـــە دانانی تیپ چیەو شـــێوەی کاروبارەکانی چۆنەو تا ئێستا چی کردووە .. لە وەڵامـــی ئەوەدا ووتی :

لە پێناو لە باوەش گرتنی توانا داهێنەرەکانی بـــواری هونەری لە ریزی کرێکاراندا و بۆ نواندنی جموجۆڵی فراوانتر لە پێنـــاو خزمەتی هونەری رەسەنی کوردیدا ئەم تیپـــە چاوی هەڵێناوەو رۆژ بە رۆژ هەنگاو دەنێو زیاتر دەتوانێ خزمـــەتی چینی کرێکاران بکاتو ئێســـتا ئەندامەکانی گەیشتوونەتە ١٧ ئەندام کە ٨ کۆرسی کچی تێدایـــەو ئێستا ســـەراپای ئەندامانی تیپەکە نۆتەی مۆسیقا دەزانن

پاش ئـــەوەی کە خـــولی فێربوونمان بۆ کردنەوە .

● **بەڕای تـــۆ دیاریترین گیروگرفتەکانی تیپەکە چین ؟**

+ نەبوونی رێو شـــوێنی تیپـــو تەنیا ئـــەو ژوورە مـــان هـــەیـــەو پاشان زۆربەیان قوتابیـــنو جێمان ئەهێڵینو ئەندامەکانی تەنیا کارکردنیان لە تیپ نیەو لێ پرسراوانی نەقابـــەی کرێکارانیش تەقەللایەکی زۆر دەنوێنن بـــۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانەو بـــۆ خزمـــەتی راستەقینەی هونەری کوردی .

● **پاشـــان گفتوگۆیەکی سەرپێیان لەگەڵ کـــاك زرار صابر ســـەرپەرشتی کەری بەرێوەبردنی تیپ سازکـــردو لـــە وەڵامی پرسیارێکدا ووتی :**

هەرچەندە من بەئاواتەوەم مۆسیقا ژەنێکی تیپـــەکەبم ، بەڵام لە لایەکیتر خزمـــەتی تیپەکەم کردووە کە مەسەلەی بەرێوەبردنی ئەو تیپەیە بـــە شێوەیەکی رێك وپێك ، بەڵام ئەوەی ئێمە بۆ ئەم کۆمەڵـــە لاوە خوێن گەرمە بـــــە ئاواتەوەین هێشتا بـــەدی نەهاتووەو تەقەللای یەکێتی بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان .

● **ئەی بیرتان لـــەوە نەکردۆتەوە کـــە ئەندامانی تیپەکە زیادکەن ؟**

+ بۆ ئەم مەبەستە داوامان لـــــە هەمـــوو دامەزراوە کرێکاریەکان کردووە بـــۆ دەرخستنی توانـــــا هونەرییەکانو بەشداربوونیان لە جموجۆڵەکانی تیپەکەو لە پێناو بـــەرەو پێشـــەوەبردنی جموجۆڵی رۆشنبیری لـــە ریزی کرێکاراندا .

شـــێرزاد عبدالرحمن
نووسینگەی هـــەولێر

لە لقەولێر

گوڵێکی گەش لە کۆڕی هونەردا

شتێك لەوە جوانتر نیە کەکچێکی کورد بـــە پەنجە ناسکەکانی فلچەیەك بگرێتـــەدەستو بیەوێ وێنەی ژیانو خۆشەویستیو جـــوانیوسرووشت بکێشـــــێو جارجارەش خەمە ووردەکانی ئافرەتی کوردەواری لـــــە تابلۆیەکی قەشەنگدا بخاتـــەڕوو ئەم ووردە خەمـــــە کۆمەڵایەتییانە لە نێو پەنجـــەنەرمەکانیدا بتوێتەوە ..

خوشـــکە ـ شـــوکریە ئەحمەد ـ یەکێکە لـــــەو بەهرانەی لـــــەم مەیدانەدا بەرهەمی هونەری هەیەو لەم دوایەدا لە پێشانگایەکـــــی خوێندنگای مامۆســـتایانـــدا رازی دەروونی بۆ خوێنەران کردەوەو ووتی :

ـ لـــە شارە نازدارەکەی کفری چاوم کردەوەو ئێستا قوتابی پـــــۆلی دووەمـــی خوێندنگای ئامـــادەکردنی مامۆستایانم لـــــە هەولێرو ساڵانێکی دوورو درێـــــژە ئارەزووی هونەری وێنـــــە کێشانم ، تا ئەم چەند ســـاڵە لە خوێندنگای مامۆستایاندا ماوەی دەرخستنی ئـــــەم بەهرەیەم بۆ رەخسا .

● شوکریە خان ، کـــــە تابلۆیەك دەکێشی بیر لـــەچی ئەکەیتەوە دەری ببڕی ؟!

+ ســـرووشتی رازاوەی کوردەواری بووە بـــــــە ســـــەرچاوەی گەورەی تابلۆکانمو راستەوخۆ بیـــر لەم جوانیەو خـــــــەمو دەردەسەری ئافرەتی ئـــەم کۆمەڵە ئەکەمەوە کە بـــــۆ پاشەڕۆژێکی رووناك هەنگاو دەنێ .. هەروەها بایەخ بـــە فۆلکلۆر ئەدەم وەکو لایەنێکی دیاری ژیـــــان ، ئەمەش بەتەواوی لە تابلۆی « شیرین تەشی دەرێسێ » رەنـــــگ ئەداتەوە .

ش . ع
نووسینگەی هەولێـــر

دووەم پێشـــــانگەی هونەرمەند فائق نوری سعید کە لەم رۆژانەدا بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لـــــە سلێمانی بۆی سازکردو لـــــە لایەن بەرێز عادل بکر عمـــــر جێگری پارێزگاری سلێمانی لە هۆڵی کتێبخانەی گشـــــتی کرایەوە بریتی بوو لـــە (٢١) تابلۆی بواری هونـــــەری بەیکەرتاشیو ئیشی دەست لە قوڕو چیمەنتۆو ئەلەمنیۆمو تەختەو هەندێ بابەتی کـــــە پێکهاتبوون ، روخســـاری تابلۆکان رەنجێکی کارامـــەی خاوەنەکەی دەسلەماند بـــەڵام ناوەرۆکـــــان راستەوخۆ شۆربونەوەیەکی هەست بـــە جۆڵانەوەیەکی ئاشـــــکرا دەکەیت ، ئەمەش راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی تایبـــەتی هونەرمەندەکەوە هەیە کـــــە وەك خۆی وتی ئەو جۆلانانەوە هەنێکیان بەچاو ژیانی خۆیەوە هێشتا لاوازن بۆیە ئەوەنـــدە بەدڵی خۆم نین ، بەڵام ئەگەر ماوەم هەبوایە دەمتوانی زیاتر دەریان بخەم .

لە پاڵ ئەمانەشدا یەکی دەمو چاو ، یان دوبارەبونەوە یان لە تابلۆیەکەوە بۆ یەکێکی دیـــان دیاردەیـــــەکی کـــــەی بەرهەمەکانیەتی ، کە بـــــۆ ئەمەشیان دیسانەوە خـــۆی وتی هۆی ئەمەش ئەوەیە کە خاوەنەکەی یەك کەســـــــەو لەسەر شێوازێکی تایبـــەتی نەگۆڕاوی خۆی دەڕوات .

ئەمەو گوێ هەڵخستنێکی هونەرمەندانە بۆ تابلۆکانی کاك فائق هێنـــــــدەی نامینـــێ هاواریکت بەر گوێ بکەوێ کە هەندێکیان خۆی دەهاوێتـــــە چـــــوار چێوەی سرودێکی نەتەوایەتیو نیشتمانیەوەو هەشیانە هاواری بە چۆڵدا کێشانو پاشگە زبونەوەیە .. بە پێچەوانەی ئەمانەشـــــەوە هەر لە تابلۆکانیا چەشنە کیو بێدەنگیەك (دەبیستی) وەك تابلۆی چاوەروانی کە ئەمەیان یەکێکە لەو تابلۆانەی کە زۆر ئازاری گیـــانی خاوەنەکەی دەدات ..

ئەمانەو (٣) تابلۆ بە ناوی سەرچاوەی مرۆڤەوە کە یەك چمکی سەرەکیان گرتوەتـــــە خۆیـــــان ئەویش مەسەلەی ئافرەتی ئێمەی کوردە کە لـــە نێـــوان دوو کێشـــــــەدا حەپەساندومانن : یەکێکیان ئایا دەتوانین شورشێك بەسەر ئەو کۆت و پێوەندانەدا بکەین کە لە دێرزەمانەوە خراونەتە گەردنی ئافرەتانو ئێســـتاش زۆربەی زۆریان ژەنگی لـــــە ملیـــــانا هەڵهێنـــــاوەو

ماونەتەوە ..؟ یاخود پێویستە هەر لە سەرەتاوە ، واتـــــە هەر لـــە شیرە خۆرئیەوە چاویـــــان بەسەربەستیو رێکەوتنی نێرو مێ هەڵگۆڕین کە لێرەدا ، دایك و بـــاوك دەوری ســـەرەکی دەبینێ ، ئەمەش پێ چونی تایبـــەتی هونەرمەند خۆیەتی لـــە (٣) تابلۆی ناوبراودا .



فوزیە خۆشناو

شیعرەناسەیە

ئێستا دڵم کردە پایتەختی ژیان ...
بە پانەگەیـــەك لـــــە چۆڵایی‌دا
بۆئەوەی بتوانم خۆشـــی تیا بڕوێنم
بەڵام گیانە ، رانەگیـــرا بەمیوانی
دووبارە رووی‌کـــردەوە ژیانی ئاوارەیی ....

پاشـــــــئـــــەوەی لەخوێندنەوەی شیعرەکەی بڕوەو ، هاتەوە جێگاکـــــەی خۆی ، هەڵساوو چـــووم لەتەنیشتیەوە دانیشـــتمو قەڵەمەکەم دەرهێنا . .. ئەو ... وتی

ـ خوێندنەوە لای مـــن پیرۆزترین شتە ، هاوڕێی هەرە خۆشەوێستم کێتبی کوردیو وشەی کوردی یـــە .. . بەدوای تازەتریـــــن بەرهەمی ئەدەبیمانـــــــدا دەگەڕێم

● **بەڵام ، وا دیـــــارە زۆرتر لەگەڵ شـــــیعردا خۆت خەریك کردوە ..**

ـ راستە ، لەشیعردا پـــــرببـــــەدڵو دەروونو دەمارەکانم هەناسە دەکێشم، هەولیشم داوە بابەتـــــی تریش بنـــووســـم . . . لەئیزگەوە زۆر بەرهەمـــی من بڵاو دەکرێتەوە . . . هیوادارم لە « هـــاوکاری » ئازیزیشدا جێگـــــــای بەرهەمەکانم ببێتەوە ..

ئەم کچە رۆشـــــنبیرە ناوی (فوزیە خوشناو)ە و دڵسۆزانە رووی کردۆتـــــە مەیدانی رۆشـــــنبیری کوردیمانو بەپەرۆشەوەیـــە بۆئەوەی دەنگێکی بەســـوودو بەخرۆش بێ لەناو ئـــــەو دەنگانەی کاروانی شـــیعری کوردی بەرەو لوتکـــــەکـــان دەبەن .

نووسینگەی هەولێـــر

ئەوانەی نامرن ...

شەهید فەرهاد جمیل صبری

● **خوبەختکردن لەپێناوی نیشتماندا بەرزترین پلـــەی دڵسۆزیو خۆبەســـتنەوەیە بەگەڵو خاکەوە .. لەجەنگی رەوای گەلی عیراقیماندا دژی رژێمـــــی رەگەزپەرستی خومەینی سەدان وێنـــــەی پرشنگدار لەو چوارچێـــــوە مەزنەدا خۆیان نواند ..**

رۆڵەکانی گەلی کوردمان .. دیسانەوە ئەوەیان چەسپاند کە دڵســـۆزی راستەقینەی ئـــــەم نیشتمانە ئازیزەن نیشتمانی کوردو عەرەبو لەم رێیەدا سەروماڵ بـــــەخت دەکەن ...

کاکـــە (فەرهـــــاد)ی جوانەمەرگ ئەمجارە وێنەی بێگەردی دڵســـــۆزی‌ی‌و خوبەختکردن لەپێنـــــاوی نیشتمانی خۆشەویستیدا ..

شەهید کوڕی مامۆســـتا جمیل صبری ـ بەرێوەبەری گشتی ئەنجومەنی راپەڕاندنی کوردستانەو ، لەشـــــاری ئاکرێی شیرینو لە پـــــاڵ تافگەی (سپیە)دا لە ساڵی ١٩٥٥دا لەدایکبوە ، خوێندنی سەرەتایی‌و ناوەندی ئامادەیی هەر لە ئاکری تەواو کردوەو ، لە ساڵی ١٩٧٣دا لە کۆلێجی سەربازی وەرگیرا ..

مولازمی یەکەم شـــەهید فەرهاد ژنی هێنابوو ، بەڵام هێشتا منداڵیان نەبوو بوو ، لەشەڕێکی قارەمانانەدا رۆژی ٩٨٠/١٠/٩ لەکاتێکـــــدا هەڵمەتی شـــێرانەی دەبردە سەرهێزە رەشەکانی خومەینی لەناوچەی مهران ، گوللـــەی دوژمن پێکای‌و ، بووبـــــە قوربانی عیراق ، عیـــــرافی کوردو عەرەب .

نووسینگەی هـــەولێر

جیهانی منداڵان

چیرۆك بۆ منداڵان

هەورو شەمەندەفەر

جارێکیان پەڵە هەورێك لە شەمەندەفەرێك نزیـــــك دەبێتەوەو پێی‌دەڵێت :

ـ ئایا تۆ لـــــە من خێراتریت ؟

شـــــــەمەندەفـــەرەکە پێدەکەنێتو ، دەڵێت :

ـ دێیت کێـــــەرکێ‌یەك ئەنجام بدەین ؟

ئـــــەوەی شەمەندەفەرەکە گوتی بە دڵی پەڵە هەورەکـــە بوو ، گورج خۆی بـــــــۆ کێ‌بەرکێکە ئامادەکرد .

شەمەندەفەرەکە ڕاوەستاو ، پەڵە هەورەکەیش لەســـــەر هێـــــڵی دەستپێ‌کردنی کێ‌بەرکێکـــە ڕاوەســـتا ، شەمەندەفەرەکە بـــە دەنگی بەرز لووراندی :

فووت .. فووت

کێ‌بەرکێ دەستی پێ‌کرد ، پەڵە هەورەکە بە ئاسماندا ڕۆیشتو ، شەمەندەفەریش بە سەر هێڵی ئاسندا . پاش چـــــەند ســـــەعاتێك شەمەندەفەرەکە ماندوو بوو ، سەری هەڵبڕی ، بـــــەڵام هەورەکەی نەدیت .

لە دڵی خۆی‌دا گـــــوتی :

بڵێیت بۆ کـــوێ چووبێت ؟ ئاشکرایە کە لـــە هەڕاکردن ماندوو بووە .

شەمەندەفەر هەر ڕۆیشت‌و پاش سەعاتێك گەیشتە هێڵی کۆتایی کێ‌بەرکێکە ، دیتی پەڵـــــە هەورەکە چاوەڕێی دەکات .

ئەمەی پێ سەیر بـــوو ، بەڵام بزە گرتیو گوتی :

ـ خۆشکەکەتم لـــــەوێ بەجێ‌هێشت ..

مکرم رشید تاڵەبانی
کردوویەتی بە کوردی

نەغەدە محمد صالح عبدالکریم

کاوەو دلێر

لە دەروەی سنوور

ئەکتەری‌ناسراو ئۆرسۆلالەم دوایەدا لە جنیفـــــەوە چۆتەوە بۆ ئەمەریکا تا دەورلە فلمێکی نویدا ببینی کـــە مێردە کۆنەکەی جۆن دوریك‌دەری دەهێنێو ئەوەی لەم‌ئارە هونەریەدا سەیرە ئەم مێردەکۆنە دەوری پاڵەوانی داوە بە ژنـــــە کۆنەکەی ئۆرسۆلاوژنەکەی ئیستا « بـــــۆ »و ناوەرۆکی فلیمەکە کێشـــەی‌ژیانی دایك‌و کچێك پیشـــان دەدات . . ئۆرسۆلا دایکەو« بۆ » دەوری کچ دەبینێ .

ئەلبێر کامۆ هاوڕێیەکی سەخت ...

لەم دووایی‌یەدا لە پاریس لە مەلبەندی جۆرج پومبیدۆ، پێشانگایەك کرایەوە بـــــۆ کتێب‌و نامـــەو بەڵگەنامەکانی ئەلبیر کامـــۆ نووســـــــەری فەرەنســـــی کـــە لـــــە نەژاددا جەزائریە ، لـــــــە پێشانگاکەدا ژمـــــارەیەکی زۆریش وێنەو بەســـەرهاتو ژیانی منداڵیو وێنـــــــەی خێزانەکەی‌و ئەو رووداوانەش کە لە جەزائر بەسەری هـــات بێجگە لە دەستنووسی کتێبی یەکەمی کە (اعراس)ە لەگەڵ وێنەیەکیش لەو کاتەدا گیراوە کە خەڵاتی (نوبل)ی پـــێ بەخشرا .

پێشانگاکە هاوڕێیەتی کامۆ دەردەخات لەگـــــەڵ خەڵکیداو بە تایبەتی لەگـــەڵ سارتەردا بەشێوەیەکی پچڕ پچڕو هەر بەم بۆنەیـــــەوە سارتەر ناوی نا هاوڕێی سەخت .

پۆستەرێـــــك بـــۆ پاڵەوانێتی تۆپی پێی ساڵی ١٩٨٢

هونەرمەندی ئیسپانـــی «میرۆ» پۆستەرێکی بەبۆنەی پاڵەوانێتی تۆپی پێی نێـــو دەوڵەتانی ساڵی ١٩٨٢ کـــە لە (مەدرید) پایتەختـــی ئیسپانیا پێك دێت دروست کردووە .

ئەوەی شایانی باسیشـــە ئەم پۆستەرە لە لایەن هەمو ئەندامانی لیژنەی رێکخستنی پاڵەوانێتی‌یەکە پەسەنـــد کراوەو بریار دراوە کـــــە ببێتە دروشـــمی ئـــەم دەورەیەی ساڵی ١٩٨٢ .

Institut Kurde de Paris